# نەوتی هەرێمی کوردستان
# لە ساڵی 2023

دامەزراوەی میدیایی درەو

NED NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

DRAW



# نەوتی هەرێمی کوردستان

# لە ساڵی ٢٠٢٣

## دامەزراوەی میدیایی درەو

چاپی یەکەم

٢٠٢٤

NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY

SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

DRAW

دامەزراوەی میدیایی درەو

**ناوی کتێب**: نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٣

**نوسین و ئامادەکردن**: دامەزراوەی میدیایی درەو

**دیزاینی بەرگ**: دڵشاد شەهاب

**چاپخانە**: پاندا

**تیراژ**: ٥٠٠ دانە

**چاپ**: سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٤

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٢٧١)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

ئەم بەرهەمە (نەوتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠٢٣) لەلایەن (دامەزراوەی میدیایی درەو) ئامادەكراوە، بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموكراسی (NED)

## دامەزراوەی میدیایی درەو

دامەزراوەیەکی میدیایی ئەهلی ئازادە، پێکدێت لە سایتی درەو، بەشی سازدانی دیبەیت،بەشی ئامارو راپرسی، هاوکات ریکلام و راوێژکاری بواری هەڵبژاردن، ئەم دامەزراوەیە هەوڵێکە بۆ مۆدێلێکی نوێی کاری میدیایی و راگەیاندنی ئەهلی و ئازاد.

ئامانجەکانی دامەزراوەکە؛

1. بەرجەستەکردنی مۆدیلێکی نوێی کاری میدیایی ئەهلی و سەربەخۆو ئازاد.
2. بەرەوپێشبردنی بنەماکانی دیموکراسییەت بە مەبەستی پێشکەشکردنی کاری رۆژنامەوانی بابەتیانە و سەربەخۆ و پیشەیی، لە پێناو دروستکردنی گوتاری عەقڵانی و دۆزینەوەی رایەڵەی هاوبەشیکردنی کار بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیانی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی.
3. چاودێریکردنی پرۆسەی سیاسیی و حوکمڕانیی وەک ئەرکێکی بنەمایی دەسەڵاتی میدیا.

National Endowment for Democracy

سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لە هەموو جیهاندا، کە لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆ دیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دوو سەد پرۆژەی گرووپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی (1983)دا، پێشەنگە لە تێکۆشانی دیموکراتییدا لە شوێنە جیاوازەکانداو گەشەیکردووە بۆ دامەزراوەیەکی فرە رەهەندو ئاراستەو بووەتە چەق بۆ چالاکی و ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوان و توێژەرانی بواری دیموکراتی لە جیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، دەبێت لە ڕێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتە دی، بەها دیموکراتییەکان لە ڕێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بە دیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات بە دووبارەکردنەوەی نموونەی وڵاتە یەکگرتووەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بە گوێرەی پێویستییەکان و دابونەریت و کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشە دەکات.

# پێڕست


پێشەکی ........................................................................ 11

ڕاگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان ........................................................ 13

چارەنوسی داهاتی نەوتی هەرێم لەدوای ناوبژیوانییەکەی دادگای پاریس ........... 19

بەرهەمی نەوتی بلۆکە نەوتییە بەرهەمهێنەرەکانی هەرێمی کوردستان ................ 29

لە دوای هەرێمی کوردستان تورکیا گەورەترین زەرەرمەندی بڕیارەکەی دادگای پاریسە 35

کاریگەری ڕاگرتنی نەوتی هەرێم لەسەر ئەمنی وزەی ئیسرائیل ........................ 47

دوای (57) ڕۆژ لە ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم.................................. 59

داتاکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی لە چارەکی یەکەمی 2023............... 65

بەغداد پێویستی بە هەناردەکردن و بەکارهێنانی نەوتی هەرێم نیە ................. 71

پرۆسەی نەوتی هەرێم لە کابینەی نۆیەم........................................... 87

دیلۆیت؛ پرۆسەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2023 ...................... 109

زیانە داراییەکانی ڕاگرتنی نەوتی کەرکوک لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە ... 115

دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕاگرتنی نەوتی هەرێم........................ 123

داتاکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی بۆ سێ چارەکی یەکەمی 2023 ........ 131

داهاتی نەوتی هەرێم لەنێوان ئامارەکانی کۆمپانیای دیلۆیت و وەزارەتی دارایی هەرێم 137

بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی گرێبەستەکانی گەنێڵ ئەنێرجی تورکی لە چارەکی سێیەمی 2023 ........................................................ 145

کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ رۆژانە (30) هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت ...... 151

دانوستانی ئەپیکورو عێراق بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم.................. 157

دادگای لەندەن و مەرجەکانی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت .................. 165

سێ وەرز بەسەر ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم تێپەڕی .......................... 171

رۆژانە سەدان تانکەر نەوت رەوانەی ئێران دەکرێت ............................... 177

هەناردە، نرخ و داهاتی نەوتی عێراق لە ساڵی 2023............................ 183

هەناردەو داهاتی نەوتی عێراق لە نێوان 2022 و 2023......................... 197

قازانجی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت لە چارەکی سێیەمی ساڵی 2023............ 205

هاوپێچەکان ............................................................................ 215

## پێشەکی

ساڵی (2023) شۆکێکی گەورە بوو بۆ پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان، بە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتەکەی بۆ بازاڕەکانی جیهان، بەهۆی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی و پاشان پشت ئەستوربوونی زیاتری عێراق بە پاڵپشتی  بڕیاری نێودەوڵەتی_دادگای نێوبژیوانی نێودەوڵەتی پاریس_ و ڕێگری لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە (2023/3/25)ەوە چووە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەش پرۆسەی نەوتی هەرێمی بردە قۆناغێکی نوییەوە، وا پێناچێت جارێکی دیکە، ورتر بڵێین ئاسان نابێت پرۆسەکە بگەڕێتەوە قۆناغی پێشتری.

لە هەرێمی کوردستانیش نزیکەی (30) ساڵێک دەبێت وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتدا بووە بە جێی سەرنجی لایەن یان چەند لایەنێکی سیاسی، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق و نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی و پاشان دەرکردنی یاسای نەوت غاز لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (2007)، بووە هۆی ئەوەی پرسەکە پێ بنێتە نێو دۆخێکی نوێوە، لەم (10) ساڵەی دوایی و دوای بڕینی زۆربەی قۆناغەکانی پرۆسەی (گرێبەست، گەڕان و پشکنین، دۆزینەوە و هەڵکەندن، دەرهێنان و هەناردەکردن)ی نەوت و دەستبردن بۆ ئابوری سەربەخۆو دەستکردن بە هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستانەوە، پیشەسازی نەوت کەوتە سەر ڕێڕەوێکی تازە.

بەڵام بڕیاری ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، بەشێک لەو قۆناغانەی ڕاگرتن و هەندێکشیانی هەڵوەشاندەوە، یان نزیک لە هەڵوەشانەوەی کردوون.

دامەزراوەی میدیایی درەو،لەپاڵ ئەرکی میدیایی خۆیدا بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) لە دەستپێکی ساڵی (2022)ەوە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ دۆسییەی نەوتی هەرێم تەرخان

کردووە، بەردەوام بووە لە چاودێریکردنی پرۆسەکە لە (دەرهێنان، بڕی بەرهەمهێنان،کاری کۆمپانیاکان، پاڵپشتی پاڵاوگەکانی ناوخۆ، نادادی لە پەرەپێدان، هەناردەکردن، فرۆشتن و ساغکردنەوە، داهات و خەرجی...) زانیاری لە بارەیانەوە بڵاوکردووەتەوە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی چڕ و پڕ زانیاری و داتا و ئاماری وردی لە بارەی تەواوی پرۆسەکە بڵاوکردووەتەوە.

ئەم کتێبە سێیەم بەرهەمی چاپکراوی دامەزراوەکەیە، لە چوارچێوەی ئەو پرۆژەیەی بە پاڵپشتی پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) لە ئەستۆی گرتووە.

ئەم بەرهەمەش بەشێکە لەو هەوڵ و زانیارییانەی دامەزراوەی میدیایی درەو، کە ساڵی ڕابردوودا بڵاوی کردوونەتەوە، لە پێناو شەفافییەت لە پرسی نەوتی هەرێمدا لە لایەک، کەڵەکەکردنی مەعریفەو زانیاری گشتی لە سەر پرۆسەی نەوتی هەرێم و ئەرشیفکردنیان لە لایەکی دیکەوە.

## ڕاگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان

## بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و دادگای ناوبژێوانی نێودەوڵەتی لە پاریس

### یەکەم؛ بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە دۆسیەی نەوتی هەرێم

ڕۆژی 2022/2/15 دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بە ئامادەبوونی (9) ئەندامی دادگاکەو بە زۆرینەی دەنگی (7) ئەندام و (2) دەنگی پێچەوانە، بڕیارێکی لەبارەی نادەستوریبوونی یاسای نەوت و غازی هەرێم و نادەستوری بوونی فرۆشتنی نەوتی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەرکرد.

بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند پێی نایە نێو قۆناغێکی نوێ لە کێشە و قەیران، بەتایبەت بڕیاری دادگا لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێم کە لە ساڵی (2007)ەوە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووەو ڕێگەی خۆشکردووە بۆ حکومەتی هەرێم، بە ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بۆ گەڕان و پشکنین و بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێم، لە کێڵگە نەوتییەکانی سنوری هەرێمی کوردستان، لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) سەرباری دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت لە بەشێک لە کێڵگەکانی پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوک و سەلاحەدین بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی.
بەپێی بڕیاری دادگاکە؛

1. یاسای نەوت و غازی هەرێم، ژمارە 22ی ساڵی 2007 نادەستوورییەو پێچەوانەی مادە دەستووریەکانی (110، 111، 112، 115، 121 و 130)ە.

2. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەکرێت بە ڕادەستکردنی سەرجەم بەرهەمە نەوتییەکانی هەرێم و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەریهێناون، بە وەزارەتی نەوتی عێراق.
3. ماف دراوە بە سکاڵاکار بەدواداچوون بکات بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستە نەوتییانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ لایەنە دەرەکیو دەوڵەتو کۆمپانیاکان سەبارەت بە دۆزینەوەی نەوتو دەرهێنانیو هەناردەکردنو فرۆشتنی ئیمزای کردووە.
4. بڕیارەکە حکومەتی هەرێم پابەند دەکات، ڕێگە بە وەزارەتی نەوتی عێراق و دیوانی چاودێری دارایی بە هەموو گرێبەست و مامەڵەیەکی نەوتیدا بچنەوە، بۆ وردبینیو دیاریکردنی پابەندییە داراییەکان، کە دەکەونە سەر حکومەتی هەرێم، دواتریش لە ژێر رۆشنایی ئەوە پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی دیاریدەکرێت.

دەقی تەواوی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە دۆسیەی نەوتی هەرێم لە (هاوپێچی یەکەم)دایە.

## دووەم: بڕیاری دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس سەبارەت بە نەوتی هەرێم

بڕیارەکەی ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس کە بووە هۆی راگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان، لە (277) لاپەڕە پێکهاتووەو لە رۆژی (13ی شوباتی 2023) دەرچووە.

به پێی بڕیارەکەی دادگای ژووری ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی دەستوری و یاساییە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام ناتوانێت نەوت لە ڕێگەی بۆریەوە بگوازێتەوە بۆ دەرەوە، چی نەوتی باکور بێت، چی نەوتی هەرێم، چونکە هەرێمی کوردستان بەشێک نیە لە ڕێککەوتنی (IPT) واتا (بە بازارکردنی نەوتی جیهانی) کە لە نێوان تورکیا و عێراق لە ساڵی 1973 تایبەت بە بۆری نەوت واژۆکراوە.

به پێی بڕیارەکەی دادگای ژووری ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە فەرەنسا:

- هەرێمی کوردستان بەشێک نیە لە ڕێککەوتنی (IPT)ی ساڵی 1973 کە لە نێوان تورکیا و عێراق واژووکراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی (2013)ەوە بۆ گواستنەوەو بارکردنی نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستانەوە ڕاستەوخۆ بۆ تورکیا کەڵکی وەرگرتووە، ئەمەش ناکۆکی درووستکردووە.

## ڕێککەوتنی (ITP) نێوان عێراق – تورکیا چیە؟

لە بڕیارەکەی دادگای ژووری نێوبژیوانی نێودەوڵەتیدا بە ووردی باس لە ڕێککەوتنی (IPT) کراوەو هاتووە: لە ساڵی 1973 کۆماری عێراق و کۆماری تورکیا ڕێککەوتنی بۆری نەوتی خاویان واژۆکرد بۆ دابینکردن و کڕینی نەوتی خاو، ڕێککەوتننامەکە بە ڕێککەوتنی بۆری عێراق – تورکیا (ITP) ناسراوە.

بەپێی ڕێککەوتنەکانی (ITP) هەردوو لایەن ڕێککەوتن لەسەر دروستکردنی دوو بۆری نەوت کە لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک لە

باکوری عێراقەوە بەرەو جەیهان کە شارێکی بەندەرییە لە باشووری تورکیا (The Pipelines) دەڕوات. جەیهان ناوەندێکی گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتییە.

بە پێی ڕێککەوتننامەکانی (ITP) هەردوولا (دروستکردن، چاککردنەوە، بەڕێوەبردن، بەکارهێنانی بۆرییەکان و بەکارهێنانی) دامەزراوە پەیوەندیدارەکان لە جەیهان بۆ هەڵگرتن و بارکردنی نەوتی خاو، کە لە ڕێگەی بۆرییەکانەوە دەگوازرێتەوە بەڕێوەدەبەن.

بۆری یەکەم بەپێی ڕێککەوتنی ساڵی 1973 بۆری (40) ئینج، بۆری دووەم (گەورەتر) دواتر لە ساڵی 1985 بۆری (46) ئینج زیادکرا .

بەپێی ڕێککەوتنەکانی (ITP) هەر لایەنێک دوو بۆرییەکە لە ناوچەکانی خۆیاندا دروست دەکەن و بەڕێوەی دەبەن و دەیپارێزن. داواکار سوودمەند دەبێت لە کەناڵێکی نوێی هەناردەکردن بۆ نەوتەکەی و بەرامبەر زیاتر پەرەیان پێدەدات.

لە بەرامبەر گواستنەوەو هەڵگرتن و بارکردنی نەوتەکەی، داواکار کرێی گواستنەوە دەدات بە بەرامبەر. هەروەها تا ساڵی 2010 بەشێکی دیاریکراو لە نەوتەکە بۆ کرێنی لەلایەن بەرامبەرەوە تەرخانکرابوو.

حکومەتی عێراق بانگەشەی ئەوەی کردووە کە حکومەتی تورکیا پێشێلی ڕێککەوتنی (ITP) کردووە، چونکە ڕێگەی داوە نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستانەوە بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی نەوتی عێراق لە ڕێگەی بۆرییەکانەوە بڕوات، حکومەتی عێراق جەختی لەوە کردووەتەوە کە نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهان هەڵگیراوەو بارکراوەو بەکارهێندراوە بەبێ رەزامەندی حکومەتی عێراق.

بەشێک لە دەقی بڕیاری دادگای پاریس سەبارەت بە دۆسیەی نەوتی هەرێم لە (هاوپێچی دووەم)دایە.

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە کۆتایی مانگی ئازاری 2023 و جارێکی تر لە (2023/10/30) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14089

## فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە ڕێوشوێنەکانی سۆمۆ

## چارەنوسی داهاتی نەوتی هەرێم لەدوای ناوبژیوانییەکەی دادگای پاریس



ئەگەر قەبارەی فرۆشتنی نەوت و داهاتی ساڵی (2022)ی هەرێم بە نمونە وەربگرین، کۆی بەهاکەی بریتی بووە لە (12 ملیار و 331 ملیۆن و 417 هەزار) دۆلار؛

# بە هەمان ڕێوشوێن و نرخی فرۆشتنی حکومەتی هەرێم بڕی (5 ملیار و 709 ملیۆن و 704 هەزار) دۆلار لە پرۆسەی نەوتی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی.

# بە هەمان ڕێوشوێنەکانی و حکومەتی هەرێم و بە نرخی فرۆشتنی کۆمپانیای سۆمۆ بڕی (6 ملیار و 346 ملیۆن و 342 هەزار) دۆلار لە پرۆسەی نەوتی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی.

# بە هەمان ڕێوشوێنەکان و نرخی کۆمپانیای سۆمۆ نەوتی هەرێم بفرۆشرێت بڕی (11 ملیار و 37 ملیۆن و 118 هەزار) دۆلار لە پرۆسەی نەوتی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی.

## سەرەتا

دادگای ناوبژیوانی ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس ڕۆژی 2023/3/23 لە بەرژەوەندی حکومەتی عێراق و دژی بەرژەوەندییەکانی هەرێم تایبەت بە دۆسیەی فرۆشتنی نەوت سکاڵایەکی حکومەتی عێراقی یەکلاکردەوە. کە عێراق لە دژی تورکیا تۆماریکردبوو، بەهۆی پێشێلکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنی بۆری عێراق و تورکیا کە لە ساڵی (1973) واژۆکراوە، کە تێیدا هاتووە، حکومەتی تورکیا دەبێت پابەندی

ڕێنماییەکانی عێراقی بێت سەبارەت بە گواستنەوەی نەوتی خاو کە لە عێراقەوە هەناردە دەکرێت بۆ سەرجەم ناوەندەکانی هەڵگرتن و گواستنەوەی و وێستگەی کۆتایی. هەر ئەم بڕیارەش بووە هۆی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جەیهانی تورکی.

هەر چۆنێک بێت، تا ڕادەیەک ئەوە روون بووەتەوە کە جارێکی دیکە دۆخەکە ناگەڕێتەوە پێش بڕیارەکەی دادگای پاریس، لێرەدا تەنها شیکاری چارەنوس و ئەو بژاردانە دەکەین کە لە رووی قەبارەی داراییەوە لە شێواز و فرۆشتنی نەوتی هەرێم دەکەوێتەوە، ئەوانیش بریتین لە؛

## یەکەم؛ بە هەمان رێوشوێنەکان، نەوتی هەرێم لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بفرۆشرێت و تەنها داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ ناوەند

بۆ بەرچاو ڕوونی، ئەگەر داتاکانی تەواوی ساڵی (2022)ی کۆمپانیای دیلۆیت لە بارەی فرۆش و نرخ و داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستان – جەیهانی تورکی بە نمونە وەربگرین ئەوا؛

- حکومەتی هەرێم بڕی (144 ملیۆن و 404 هەزار و 412) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە.
- بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی بە (84.99) دۆلار فرۆشتووە.
- کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێم زیاتر بووە لە (12 ملیار و 331 ملیۆن و 417 هەزار) دۆلار.

بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێتە ئاستەنگ و جێگەی پرسیار ئەوەیە؛ ئایا خەرجییەکانی پرۆسەی نەوتی هەرێم لە کۆی داهاتی نەوت دەردەکرێت؟ پاشان دەخرێتە سەر هەژمارێکی بانکی، تایبەت بە حکومەتی ناوەند؟

**یان سەرجەم داهاتەکان دەچێتە سەر ئەو هەژمارەو دواتر هەرێم لە پشکی بودجە و داهاتی خۆی خەرجی و تێچووی نەوت و کرێی کۆمپاناکان خەرج دەکات.**

**ئەگەر خەرجی پرۆسەکە لە داهاتی گشتی نەوت دەربکرێت و پاشان بکرێتە سەر هەژمارەی تایبەت بە حکومەتی ناوەند، ئەوا بەپێی داتاکانی دیلۆیت لە ساڵی (2022)دا (54%)ی داهاتی گشتی نەوت بۆ خەرجی رۆیشتووە و (46%)ی گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم. بەم پێیەش لە کۆی (12 ملیار و 331 ملیۆن و 417 هەزار) دۆلار، تەنها (46%)ی بڕی (5 ملیار و 709 ملیۆن و 704 هەزار) دۆلاری دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەند و زیاتر لە (6 ملیار و 712 ملیۆن و 556 هەزار) دۆلاری دەڕوات بۆ خەرجی (بڕوانە خشتەی ژمارە (1))**

**خشتەی ژمارە (1)**

**داهات و خەرجی نەوتی فرۆشراوی هەرێم بە بۆری لە ساڵی (2022) لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمەوە**

| 2022 | بڕی نەوتی ڕادەستکراو بە کڕیاران (بەرمیل) | تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی فرۆشراو | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | پوختەی بڕی داهاتی گەڕاوەی نەوت ( بۆری) بە ڕێژەی (46%) | بڕی خەرجی گشتی پرۆسەی نەوت بە ڕێژەی (54%) |
|---|---|---|---|---|---|
| نەوتی هەرێم لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمەوە | 144,404,412 | $84.99 | $12,331,417,848 | $5,672,452,210 | $6,658,965,638 |

**دووەم؛ کۆمپانیای سۆمۆ نەوتی هەرێم بفرۆشێت و داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ ناوەند**

لەم سیناریۆیەدا دوو بژاردە لە بەردەستە، کە ئەوانیش بریتین لە؛

1. **نەوتی هەرێم لە بە هەمان ڕێوشێنەکانی حکومەتی هەرێم هەناردە بکرێت و کۆمپانیای سۆمو نەوتی هەرێم بفرۆشێت؛**

**وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەگەر توانای بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022) بە نمونە وەربگرین؛**

- **حکومەتی هەرێمی بڕی (144 ملیۆن و 404 هەزار و 412) بەرمیل نەوتی لە رێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە.**
- **ئەگەر سۆمۆ هەر بەرمیلێکی نەوتی هەرێم بە (95.54) دۆلار بفرۆشێت هاوشێوەی عێراق.**
- **کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێم بە نرخی سۆمۆ زیاتر دەبوو لە (13 ملیار و 700 ملیۆن و 307 هەزار) دۆلار.**
- **بە گوێرەی ڕێوشوێنەکانی هەرێم (54%) دەچێت بۆ خەرجی بە قەبارەی زیاتر لە (7 ملیار و 450 ملیۆن و 54 هەزار) دۆلار**
- **(46%)ی داهات دەمێنێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی بە قەبارەی زیاتر لە (6 ملیار و 346 ملیۆن و 342 هەزار) دۆلار.**

**بڕوانە خشتەی ژمارە (2)**

## خشتەی ژمارە (2)

## داهات و خەرجی نەوت بە ڕێوشوێنەکانی هەرێم بە فرۆشتنی لە ڕێگەی سۆمۆ – ساڵی (2022) بە نمونە

| 2022 | بڕی نەوتی ڕادەستکراو بە کڕیاران (بەرمیل) | تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی فرۆشراو | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | پوختەی بڕی داهاتی گەڕاوەی نەوت ( بۆری) بە ڕێژەی (46%) | بڕی خەرجی گشتی پرۆسەی نەوت بە ڕێژەی (54%) |
|---|---|---|---|---|---|
| نەوتی هەرێم لە ڕێگەی سۆمۆوە | 144,404,412 | $95.54 | $13,796,397,522 | $6,346,342,860 | $7,450,054,662 |

**2. نەوتی هەرێم بە سەرجەم ڕێوشێنەکانی کۆمپانیای سۆمۆ هەناردە بکرێت و هەر کۆمپانیاکەش نەوتی هەرێم بفرۆشێت**

لەسەر بنەمای هەمان گریمانەکانی پێشوو ئەگەر توانای بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022) بە نمونە وەربگرین؛

- حکومەتی هەرێمی بڕی (144 ملیۆن و 404 هەزار و 412 بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە.

- ئەگەر سۆمۆ هەر بەرمیلێکی نەوتی هەرێم بە (95.54) دۆلار بفرۆشێت هاوشێوەی عێراق.
- کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێم بە نرخی سۆمۆ زیاتر دەبوو لە (13 ملیار و 700 ملیۆن و 307 هەزار) دۆلار.
- بە گوێرەی ڕێوشوێنەکانی سۆمۆ ئەو کێڵگە نەوتیانەی عێراق کە لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە بەڕێوە دەبرێن (20%) داهاتی بەرهەمی کێڵگەکان دەچێت بۆ خەرجی بەرهەمهێنان و (80%) داهاتەکەی دەمێنێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی بەم پێیەش؛
- بە گوێرەی ڕێوشوێنەکانی سۆمۆ (20%) داهات دەچێت بۆ خەرجی، بە قەبارەی زیاتر لە (2 ملیار و 759 ملیۆن و 279 هەزار) دۆلار.
- (80%)ی داهات دەمێنێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی بە قەبارەی زیاتر لە (11 ملیار و 37 ملیۆن و 118 هەزار) دۆلار.

بڕوانە خشتەی ژمارە (3)

**خشتەی ژمارە (3)**

**داهات و خەرجی نەوتی هەرێم بە سەرجەم ڕێوشوێنەکانی سۆمۆ – ساڵی (2022) بە نمونە**

| 2022 | بڕی نەوتی ڕادەستکراو بە کڕیاران (بەرمیل) | تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی فرۆشراو | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | پوختەی بڕی داهاتی گەڕاوەی نەوت ( بۆری) بە ڕێژەی (80%) | بڕی خەرجی گشتی پرۆسەی نەوت بە ڕێژەی (20%) |
|---|---|---|---|---|---|
| نەوتی هەرێم بە ڕێوشوێنەکانی سۆمۆ | 144,404,412 | $95.54 | $13,796,397,522 | $11,037,118,018 | $2,759,279,504 |

**تێبینی**

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/3/28) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12456

## بەرهەمی نەوتی بلۆکە نەوتییە بەرهەمهێنەرەکانی هەرێمی کوردستان

## پشکی کۆمپانیا بیانییەکان



لە کۆی (57) بلۆکی نەوتی لە هەرێمی کوردستان تەنها (14) بلۆکیان گەیشتوونەتە قۆناغی بەرهەرمهێنان و (16) کۆمپانیای بیانی و کۆمپانیایەکی ناوخۆیی لەو کێڵگانەدا پشکدارن، بەپێی دواین زانیارییەکان سەرجەم ئەو بلۆکە نەوتییانە توانای بەهەمهێنانی زیاتر لە (453 هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانەیەیان هەیە، لە ئێستا بەشی زۆری ئەو کێڵگانە بەهۆی پڕبوونی عەمبارەکانی نەوت و ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جهانی تورکی لەدوای بڕیاری دادگای ناوبژیوانی پاریسەوە بەرهەمهێنانیان ڕاگرتووە، ئەو کێڵگانەش بریتین لە؛

1. بلۆکی خورمەڵە: لە پارێزگای هەولێر ئەم کێڵگەیە لەلایەن (گروپی کار)ەوە سەرپەرشتی دەکرێت و پشکەکانی (100%) دراوەتە کیپکۆ، بەپێی دواین داتاکان توانای بەهەمی رۆژانەی (145 هەزار) بەرمیل نەوتە.
2. بلۆکی تاوکێ: لە پارێزگای دهۆک، (75%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی و (25%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئینێرجی)، توانای بەهەمی رۆژانەی زیاتر لە (107 هەزار) بەرمیل نەوتە.
3. بلۆکی شێخان: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (80%) دراوەتە کۆمپانیای گوڵف کیستۆن و (20%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئێم ئۆ ئێڵ)ی هەنگاری، توانای بەهەمی رۆژانەی (55 هەزار) بەرمیل نەوتە.
4. بلۆکی ئەتروش: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (47.4%)ی دراوەتە (تاقە) و (27.6%)ی پشکی شاماران پیترۆلیۆمە، توانای بەهەمی رۆژانەی (36 هەزار) بەرمیل نەوتە.

5. بلۆکی سەرسەنگ: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (62%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئینەرجی) و پشکی (18%)ی دراوەتە (شاماران)، توانای بەهەمی رۆژانەی (43 هەزار) بەرمیل نەوتە.
6. بلۆکی هەولێر: لە پارێزگای هەولێر، (65%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (فرۆزا پیترۆلیۆم)، توانای بەهەمی رۆژانەی زیاتر لە (15 هەزار) بەرمیل نەوتە.
7. بلۆکی کۆرمۆر: لە ناوچەی گەرمیان، (پێریل پەترۆلیۆم) (80%)ی پشکەکانی هەیە، توانای بەهەمی رۆژانەی (15 هەزار) بەرمیل نەوتە.
8. بلۆکی گەرمیان: پشکی (40%)ی کۆمپانیای (گاز پرۆم) لە کۆمپانیای (تالیسمانی کرێوە) و پشکی (40%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ویسترۆن زاگرۆس) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە، توانای بەهەمی رۆژانەی (14 هەزار) بەرمیل نەوتە.
9. بلۆکی عەین سەفنی: پشکی (80%)ی دراوەتە کۆمپانیای (پی ئۆیڵ)ی تورکی، توانای بەهەمی رۆژانەی (6 هەزار و 500) بەرمیل نەوتە.
10. بلۆکی ئاکرێ بجیل: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (80%) دراوەتە کۆمپانیای (رۆس نەفت)ی روسی، توانای بەهەمی رۆژانەی (6 هەزار) بەرمیل نەوتە.
11. بلۆکی تەق تەق: پشکەکان کۆمپانیای (ئەداکس پیترۆلیۆم) (36%) و (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی (44%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە، توانای بەهەمی رۆژانەی (3 هەزار 970) بەرمیل نەوتە.

12. **بلۆکی سارتا: لە پارێزگای هەولێر، کۆمپانیای (شیڤرۆن)ی ئەمریکی (50%)ی پشکەکانی لە کۆمپانیای (گنێڵ ئێنریجی) (30%)ی هەیە و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.، توانای بەهەمی رۆژانەی (3 هەزار 960) بەرمیل نەوتە.**
13. **بلۆکی چیا سورخ: لە ناوچەی گەرمیان، کۆمپانیای (پیت ئۆیڵی) تورکی خاوەنی (80%)ی پشکەکانەو (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.، توانای بەهەمی رۆژانەی (2 هەزار) بەرمیل نەوتە.**
14. **بلۆکی باشیک: لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ، پشکی (64%)ی دراوەتە (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی و (16%)ی پشکی کۆمپانای وزەی تورکی (TEC) یە و پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. ، توانای بەهەمی رۆژانەی (600) بەرمیل نەوتە.**

## خشتە

## بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە (ئازاری/ 2023)

| ز | بلۆکە نەوتییەکان | کۆمپانیا پشکدارەکان | ڕێژەی پشکی کۆمپانیا | تێکڕای بەرهەمی کێڵگە (بەرمیل/ڕۆژانە) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کێڵگەی نەوتی خورمەڵە | Kar Group | | 145,000 |
| 2 | کێڵگەی نەوتی تاوکێ | DNO | 75% | 107,102 |
| | | Genel Energy | 25% | |
| 3 | کێڵگەی نەوتی شێخان | Gulf Keystone Petroleum | 80% | 55,000 |
| | | MOL | 20% | |
| 4 | کێڵگەی نەوتی ئەتروش | Shamaran | 27.6% | 36,000 |
| | | TAQA | 47.4% | |
| 5 | کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ | HKN | 62% | 43,000 |
| | | Shamaran | 18% | |
| 6 | کێڵگەی نەوتی هەولێر | Forza Petroleum | 65% | 15,100 |
| 7 | کێڵگەی نەوتی کۆرمۆر | Pearl Petroleum | 80% | 15,000 |
| 8 | کێڵگەی نەوتی گەمیان | Gazprom | 40% | 14,000 |
| | | western zagroz | 40% | |
| 9 | کێڵگەی نەوتی عەین سەفنی | Pitoil | 80% | 6,500 |
| 10 | کێڵگەی نەوتی بەیجیل | Rosneft | 80% | 6,000 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 11 | کێڵگەی نەوتی تەق تەق | Genel Energy | 44% | 3,970 |
| | | Addax Petroleum | 36% | |
| 12 | کێڵگەی نەوتی سارتا | Genel Energy | 30% | 3,960 |
| | | Chevron | 50% | |
| 13 | کێڵگەی نەوتی چیا سورخ | Pitoil | 80% | 2,000 |
| 14 | کێڵگەی نەوتی بەعشیقە | DNO | 64% | 600 |
| | | Turkish Engine Center | 16% | |
| **کۆی بەرهەم** | | | | **453,232** |

**لە ئامادەکردنی ئەم خشتەیەدا سود لە داتاکانی ماڵپەڕی (رونبین) وەرگیراوە**

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە** (2023/3/29) **بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12474

**له دوای هەرێمی کوردستان تورکیا گەورەترین زەرەرمەندی بڕیارەکەی دادگای پاریسە**

**(ملیارێک و 216 ملیۆن) دۆلار داهاتی ساڵانەی کۆمپانیا تورکییەکانە لە نەوتی هەرێم**



**لە ساڵی (2022)دا کۆمپانیا تورکییەکان بڕی (ملیارێک و 216 ملیۆن و 129 هەزار و 862) دۆلاریان لە پرۆسەی نەوتی هەرێم وەرگرتووە، بە جۆرێک؛**

**# زیاتر لە (618 ملیۆن) دۆلاری لە بری کرێی گواستنەوەی نەوت دراوە بە کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC).**

**# (125 ملیۆن) دۆلار لە چارەکی یەکەمی (2022) لە بری دانەوەی قەرز دراوە بە کۆمپانیاکانی (TEC) و (TPIC)ی تورکی.**

**# (473 ملیۆن) دۆلار دراوە بە کۆمپانیای (گەنێڵ ئنێرجی) لە بری شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکە لە کێڵگە نەوتییەکانی (تاوکێ – تەق تەق – سارتا).**

## یەکەم: دەستکەوتە داراییەکانی کۆمپانیا تورکییەکان لەساڵی (2022)

تورکیا لە ڕێگەی چەند کۆمپانیایەکەوە دەستی لەنێو پرۆسەی نەوتی هەرێمدایەو لە ساڵی (2022)دا ئەو کۆمپانیایانە بڕی (ملیارێک و 216 ملیۆن و 129 هەزار و 862) دۆلاریان لە پرۆسەی نەوتی هەرێم وەرگرتووە، بە جۆرێک؛ زیاتر لە (618 ملیۆن) دۆلاری لە بری کرێی گواستنەوەی نەوت دراوە بە کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC). (125 ملیۆن) دۆلار، هاوکات لە چارەکی یەکەمی (2022)دا لە بری دانەوەی قەرز دراوە بە کۆمپانیاکانی (TEC) و (TPIC)ی تورکی. (473 ملیۆن)

دۆلار دراوە بە کۆمپانیای (گەنێڵ ئنێرجی) لە بری شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکە لە کێڵگە نەوتییەکانی (تاوکێ – تەق تەق – سارتا). (بڕوانە خشتەکە).

**دەستکەوتە داراییەکانی کۆمپانیا تورکییەکان**

**لە پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2022)**

| 2022 | پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی (TEC)تورکی (کرێی بۆری) | قەرزدانەوەی کۆمپانیای وزەی (TEC)تورکی کۆمپانیای پیترۆڵی تورکی نێودەوڵەتی (TPIC) | شایستە داراییەکانی کۆمپانیای گەنێڵ ئنێرجی لە کێڵگە نەوتییەکانی (تاوکێ – تەق تەق – سارتا) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | شایستەی فرۆشتنی نەوت | داهاتی کێڵگە بە ڕێژەی (4.4%) | وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراو |
| چارەکی یەکەم | $127,455,135 | $125,000,000 | $255,000,000 | $124,000,000 | $94,000,000 |
| چارەکی دووەم | $214,803,023 | 0 | | | |
| چارەکی سێیەم | $126,335,608 | 0 | | | |
| چارەکی چوارەم | $149,536,096 | 0 | | | |
| کۆ | $618,129,862 | $125,000,000 | $255,000,000 | $124,000,000 | $94,000,000 |
| کۆی گشتی | **$1,216,129,862** | | | | |

جگە لەو کۆمپانیایانەی سەرەوە کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ)ی تورکی لە دوو کێڵگەی نەوتی هەرێمدا پشکدارەو تەنها یەکێکیان گەیشتووە بە قۆناغی بەرهەمهێنان و شایستە داراییەکانی نەزانراوە، لەگەڵ ئەوانەش پارەی نەوتی هەرێم دەچێتە (هاڵک بانک)ی تورکی و دیار نیە بڕی ئەو قازانجە چەندە کە بانکەکە دەیکات. لە بەشەکانی داهاتوو بە وردی تیشک دەخەینە سەر چنگی تورکیا لە نێو پرۆسەی نەوتی هەرێمدا.

## دووەم: بۆری نەوتی هەرێم لە خاکی تورکیادا

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە نزیکەی (450) هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی وڵاتی دەرەوە دەکات سەرجەم ئەو بڕەش لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوەیە کە بە خاکی تورکیادا تێپەڕدەبێت.

بۆری نەوت لە سنوری هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2010)ەوە دەست بە دروستکردنی کراوە، کۆتایی ساڵی (2013) بۆ یەکەمجار لە ڕێگەیەوە نەوتی هەرێمی کوردستانی گواستەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکی.

بونیادنانی بۆری نەوتی هەرێم، پرۆسەی نەوتی هەرێمی بردە قۆناغێکی دیکەوە. بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە لە سەرەتای ساڵی (2014) وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە پێشتر تەنها لە ڕێگەی تانکەر و بڕێکی کەم نەوت هەنارده دەکرا. بەڵام لەسەرەتای سەرپێکەوتنی بۆری نەوتی هەرێم، گۆڕانکاری گەورە بەسەر بڕو داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا هات.

ئەم هێڵە لە سەرەتادا پلان وەهابووە کە بۆ غازبێت، چونکە هێڵی نەوتی عێراق بوونی هەبووە. بەڵام لەبەر قەیران لەگەڵ حکومەتی ناوەندیداو دواکەوتنی دەرهێنانی غاز، بڕیاردرا بۆرییەکان بگۆڕدرێن بۆ نەوت. تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە بۆ تورکیاش گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی پێویستیی بە نەوت و غازی سروشتی ئێران و رووسیا کەم کردەوە.

بەپێی زانیارییەکان کۆمپانیای کار بۆری نەوتی دروستکردووە و (40%) خاوەندارێتی بۆرییەکە هی کۆمپانیای ناوبراوە، پرۆژەکە نزیەکەی (600) ملیۆن دۆلار تێچوونەکەی بووە لە سنوری هەرێمی کوردستاندا.

(60%) بۆری نەوتی هەرێم خاوەندارێتییەکەی بۆ کۆمپانیای (رۆسنەفتی ڕوسی) دەگەڕێتەوە، کاتێک لە 2017/6/2 لە شاری (سانبترسبورگ)، بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی و وەزیری سامانە سروشتییەکانی لە کابینەی هەشتەم گرێبەستێکیان لەگەڵ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای رۆسنەفرت واژۆ کرد، بەشێکی گرێبەستەکە فرۆشتنی (60%)ی بۆری نەوتی کوردستان بوو بە کۆمپانیای رۆزنەفت بە بەهای (1 ملیار و 700 ملیۆن) دۆلار.

درێژی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان (896) کیلۆمەترە، لە سنوری هەرێمی کوردستان لە کێڵگەی خورمەڵەوە دەستپێدەکات و بەنێو بلۆکەکانزاییەکانی (هەولێر، بەردەڕەش، عەین سەفنی، جەبەل کەند، ئەلقوش، دهۆک و سلیڤانی)یدا تێدەپەرێت و دەگات بە (فیشخابور)، (221) کیلۆمەترە، بەم پێیەش (24.6%) بۆری نەوت لە سنوری هەرێمی کوردستاندایە، خاوەندارێتییەکەی بۆ هەردوو کۆمپانیای (کار و رۆسنەفتی ڕوسی) دەگەڕێتەوە.

ئەو بەشەی لە سنوری تورکیایە، خاوەندارێتییەکەی بۆ کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) دەگەڕێتەوە کۆمپانیای "بۆتاش" سەرپەرشتی دەکات. لە فیشخابوورەوە تا دەگات بە بەندەری جەیهانی تورکی (675 کیلۆ مەترەو (74.6%)ی درێژی بۆرییەکە پێکدەهێنێت.

راکێشانی بۆری نەوت لە کوردستانەوە بۆ تورکیا، بە سەربەخۆ لە تورکیا، کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دۆخی وزە، دۆخی ئابووری، پەیوەندی نێوان هەرێم و تورکیا، پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا، هەروەها پەیوەندی نێوان تورکیاو عێراق.

## سێیەم: کۆمپانیا تورکییەکان لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

دوو گەورە کۆمپانیای بواری وزەی تورکی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، هەردوو کۆمپانیای ناوبراو لە سەرەتاکانی دەستکردن بە پرۆسەی نەوت و پێش نوسینەوەی دەستوری عێراق لەساڵی (2005) لە هەرێمی کوردستان دەستیان بەکارکردن کردووە بە جۆرێک، لە ١٤ی کانوونی دووەمی 2023 دا حکوومەتی هەرێم/ئیدارەی سلێمانی گرێبەستی نەوتی بۆ کارکردن لە بلۆکەکانی شاکەل و پەڵکانە لەگەڵ کۆمپانیای پیت ئۆیڵ ئیمزا کرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو پێش ئەو ڕێککەوتە ئیدارەی سلێمانی گرێبەستی پێشتری هەبوو لەگەڵ کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی  و لە  20ی کانوونی دووەمی 2004دا هەمواری گرێبەستەکەی لەگەڵ حکومەتی هەرێم/ ئیدارەی سلێمانی کردەوە.

لە ئێستادا هەردوو کۆمپانیاکە لە چەند کێڵگەیەکی کانزایی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی هەرێم گرێبەست و پشکیان هەیە، بە جۆرێک؛

1. کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی، گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە لە کێڵگەکانی؛

- بلۆکی تاوکێ: لە پارێزگای دهۆک، دەکەویتە قەزای زاخۆوەو بەگشتی ڕۆژهەڵاتی قەزاکە دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (594) کیلۆمەتر دووجایە، کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی پشکی (25%)ی لە کێڵگەی ناوبراو هەیە. لە ساڵی (2022)دا تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکە (107 هەزار 90) بەرمیل نەوت بووە.
- بلۆکی تەق تەق: دەکەوێتە قەزای کۆیەو ناحیەی تەق تەق و ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵەوە، ڕووبەرەکەی (951) کیلۆمەتر دووجایە. پشکی (44%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی. لە ساڵی (2022)دا تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکە (4 هەزار 490) بەرمیل نەوت بووە.
- بلۆکی سارتا: لە پارێزگای هەولێر، کۆمپانیای (شیڤرۆن)ی ئەمریکی (50%)ی پشکەکانی لە کۆمپانیای (گنێڵ ئێنریجی) (30%)ی هەیە و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. لە ساڵی (2022)دا تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکە (4 هەزار 710) بەرمیل نەوت بووە.
- جگە لەو کێڵگە بەهەمهێنەرانەی سەرەوە کۆمپانیای (گنێڵ ئێنریجی) گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەبوو لە هەردوو کێڵگەی گازی (بنەباوێ و میران) و خاوەنی (100%) ی پشکەکانی هەردوو کێڵگەکەبوون، بەڵام بە بیانووی ئەوەی زیانیان بەو کێڵگانە گەیاندووە حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە لە (2021/12/10) بڕیاریدا گرێبەستەکەیان هەڵوەشێنێتەوە.

هاوکات لە (کێڵگەی نەوتی قەرەداغ)یش لە سنوری پارێزگای سلێمانی کۆمپانیای (گنێڵ ئێنریجی) تورکی (40%)ی پشکەکانی پێدرابوو، بەڵام لە سەرەتای ساڵی (2023)ەوە ماوەی گرێبەستی نێوان کۆمپانیاکەو حکومەتی هەرێم بەسەر چووەو و ئێستا کێڵگەکە لەژێر دەستی حکومەتی هەرێم خۆیەتی.

2. کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ)ی تورکی، گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە لە کێڵگەکانی؛

- بلۆکی پەڵکانە: لە ناوچەی گەرمیان، قەزای دووزخورماتو ناحیەی جەبارە و ڕۆژهەڵاتی ئەو قەزایە دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (529) کیلۆ مەتر دووجایە، پشکی (20%)ی دراوەتە (پیت ئۆیڵ)ی تورکی. هێشتا
- بلۆکی چیا سورخ: لە ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروان و ناحیەکانی قۆرەتوو مەیدان لە قەزای خانەقین دەگرێتەوە تا سنوری ئێران و ڕووبەری (938) کیلۆمەتر دووجایە و پشکی (20%)ی دراوەتە (پیت ئۆیڵ)ی تورکی. بە پێی زانیارییەکان، لەتازە گەیشتووە بە قۆناغی بەرهەمهێنان و لە مانگی ئازاری ساڵی (2023) دا ڕۆژانە نزیکەی (2 هەزار) بەرمیل نەوت لە کێڵگەی ناوبراو بەرهەمهاتووە.

## چوارەم: پارەی نەوت و هالک بانک

پارەی نەوتی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان دەخرێتە سەر هەژمارەی تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بانکەکانی تورکیا، هەر بۆیە بینیمان لە ساڵی (2015) ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت وگاز بەنوسراوی ژمارە (553) لەبەرواری (31 ی ئایاری 2015)، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەدوایین کۆبونەوەی خۆی کە (15ی ئەیلولی 2015) ئەنجامیدا بەنوسراوی ژمارە (983) بڕیاریدا:

1. پێویستە گشت داهاتەکانی هەناردەکردن وفرۆشتنی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان کەلەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە ئەنجام دەدرێت ڕاستەوخۆ لەحسابی بانکی کڕیاری نەوتی هەرێمەوە بخرێتە سەرتەنها حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبانکی (هاڵک بانک) لەوڵاتی تورکیا بەبێ نێوەندگیری بانکی سێهەم، جگە لەوحسابەش نابێت هیچ حسابێکی بانکی تری هەبێت بۆ داهاتی هەنادەکردن وفرۆشتنی نەوتی هەرێم لەڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە وەزارەتی دارایی وئابوری زانیاری تەواو لەسەر ئەو حسابە بەنوسراوێک ئاڕاستەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بکات بەزووترین کات
2. لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت وگاز ئاماژە پێدراولەسەرەوە، وەزیری دارایی وئابوری حکومەتی هەرێم بەڕێز (ڕێباز محمد حملان) کەسی ڕێگاپێدراو دەبێت بۆ ڕەفتارکردن وجوڵاندنی نەقدی لەسەر ئەو حسابە

بەناوی حکومەتی هەرێم بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاساو ڕێنماییە داراییە کارپێکراوەکان لەهەرێم.

3. وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی دارایی وئابوری ئەم بڕیـــارە جێبەجێـــدەکەن لە ماوەیەکـــدا بەشـــێوەیەک کەلەبەرواری 2015/10/1 تێپەڕ نەکات.

ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2015) دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سەرجەمی پارەی فرۆشی نەوتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتـــی تورکیـــا کـــۆدەکرێتەوە، چەنـــد جـــارێکیش ئەم پرســـە لەلایەن حکـــومەتی ناوەنـــدی عێـــراقەوە فشـــاری لەســـەر دروســـت کـــراوە بەڵام پرۆسەکە بە هەمان شێوەی خۆی ماوەتەوە.

## سەرچاوەکان


- ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێم لە (4) چارەکی ساڵی (2022)دا.
- درەو میدیا، بەرهەمهێنانی گەنیڵ ئەنێرجی تورکی لە ساڵی 2022، لینکی ماڵپەڕ؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11971
- یادگار سدیق – ڕوونبین، داهاتی کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێم لە ساڵی 2022، لینکی ماڵپەڕ؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11956
- درەو میدیا، بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان، لینکی ماڵپەڕ؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9734
- درەو میدیا، پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمدا، لینکی ماڵپەڕ؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9680
- عەبدولڕەحمان عەلی ڕەزا، دیسانەوە هاڵک بانک، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لە تۆڕی کومەڵایەتی فەیس بووک؛
https://bitly.ws/39IwV


## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/4/1) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12501

## کاریگەری ڕاگرتنی نەوتی هەرێم لەسەر ئەمنی وزەی ئیسرائیل

## هەرێمی کوردستان (40%)ی پێداویستی نەوتی ئیسرائیلی دابینکردووە



# ڕاگرتنی لەناکاوی هەناردەکردنی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان، ئەگەر چی وا دەردەکەوێت کاتی بێت، بەڵام دەریخستووە کە ئیسرائیل یەکێکە لەو وڵاتانەی وابەستەو کڕیاری بەردەوامی نەوتی خاوی هەرێم بووەو داشکاندنی گەورەی بۆ کراوە. بۆیە هەندێک پێیان وایە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی وزەی ئیسرائیل نیشان دەدات. بە تایبەتیش بەرتەسکی ئەڵتەرناتیفی خێرا بۆ پڕکردنەوەی دروست بوونی ئەو بۆشاییە لە وزە، بەشی زۆر ئەو بەرتەسکییەش دەگەڕێتەوە بوونی سزاکانی ڕۆژئاوا لە سەر روسیا کە یەکێکە لە بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی نەوتی خاو لە ناوچەکە.

# بەگوێرەی زانیارییەکانی "کۆمپانیای داتا ئینتلێجنس "کێپلەر" دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ئیسرائیل بۆ پڕکردنەوەی (40%)ی پێداویستییەکانی نەوتی خاو، نەوتی لە هەرێمی کوردستان هاوردەکردووە، بە قەبارەیەک کە نزیکەی دوو ئەوەندەی ئەو ڕێژەیەیە کە لە ساڵی (2022)دا تۆمارکراوە.

# ئیسرائیل لە دوای ساڵی (2018)ەوە بەردەوام هاوردەکاری نەوتی هەرێم بووە، جگە لە چەند ناوبڕێک بۆ نموونە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید–19 لە ساڵی (2020).

## سەرەتا

لەدوای ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان لە (25)ی ئازاردی ئەمساڵدا، بەشێکی زۆری میدیا ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکان سەرنجی زۆریان خستە سەر پرسەکە، بە تایبەت پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، لەبارەی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی نەوتی هەرێم. کە ساڵانێکی زۆرە هەردوو لایەن لەسەر ئەم بابەتە لە ناکۆکی قووڵدان. لەگەڵ ئەوەی حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتوونەتە جۆرێک لە ڕێککەوتن بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوهەرێم، بەڵام تا ئێستا دەست بە هەناردەکردن نەکراوەتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە کاریگەری و لێکەوتەکانی ڕاگرتنی نەوتی هەرێم تەنها لەسەر ئەو دوو لایەنە ناوەستێت، بەڵکو کاریگەری بەرفراوانتری ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم فراوانترە، کە قەبارەکەی دەگاتە زیاتر لە (400 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە (بڕوانە چارتی ژمارە (1))، ئەگەر چی ئەم بڕە تارادەیەک سنووردارە، بەو پێیەی (0.5%)ی دابینکردنی نەوتی گشتی جیهان و (1%)ی هەناردەکردنی دەریایی تێپەڕ ناکات. بەڵام لە کاتێکدا جیهان سەرنجی لەسەر پێشهاتەکانی ناوخۆی عێراق بووە، لایەنێکی تری گرنگی ئەو پرسە کە تارادەیەکی زۆر پشتگوێ خراوە، ئەویش کاریگەرییەکانییەتی لەسەر کڕیارانی نەوتی هەرێم، بە تایبەت ئیسرائیل کە یەکێک بووە لە کڕیارە سەرەکییەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا.

## چارتی ژمارە (1)
## هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوتی خاو و پوختەی داهاتی گەڕاوە بۆ خەزێنەی گشتی هەرێم
## 2022 – 2018



## پشتبەستنی ئیسرائیل بە نەوتی هەرێمی کوردستان

ڕاگرتنی لەناکاوی هەناردەکردنی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان، ئەگەر چی وا دەردەکەوێت کاتی بێت، بەڵام دەریخستووە کە ئیسرائیل یەکێکە لەو وڵاتانەی وابەستەو کڕیاری بەردەوامی نەوتی خاوی هەرێم بووەو داشکاندنی گەورەی بۆ کراوە. بۆیە هەندێک پێیان وایە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی وزەی ئیسرائیل نیشان دەدات. بە تایبەتیش بەرتەسکی ئەڵتەرناتیڤی خێرا بۆ پڕکردنەوەی دروست بوونی ئەو بۆشاییە لە وزە، بەشی زۆر ئەو بەرتەسکییەش دەگەڕێتەوە بوونی سزاکانی ڕۆژئاوا لە سەر روسیا کە یەکێکە لە بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی نەوتی خاو لە ناوچەکە.

بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی، بەگوێرەی زانیارییەکانی "کۆمپانیای داتا ئینتلێجنس "کێپلەر" دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ئیسرائیل بۆ پڕکردنەوەی (40%)ی پێداویستییەکانی نەوتی خاو، نەوتی لە هەرێمی کوردستانی هاوردەکردووە، بە قەبارەیەک کە نزیکەی دوو ئەوەندەی ئەو ڕێژەیەیە کە لە ساڵی (2022)دا تۆمارکراوە. لە نموونەیەکی دیکەی بەرچاوی ئەم گۆڕانکارییەدا، ئیسرائیل لە مانگی شوباتدا نزیکەی (183 هەزار) بەرمیل نەوتی خاوی کەرکوک-جەیهانی لە ڕۆژێکدا هاوردە کردووە، کە زیاتر لە پێنج ئەوەندەی ئەو (36 هەزار) بەرمیل نەوتەیە کە لە ڕۆژێکدا لە هەمان مانگی ساڵی ڕابردوودا هاوردەی کردووە. سەرنج بدەن لە (چارتی ژمارە (2)) ئیسرائیل لە دوای ساڵی (2018)ەوە بەردەوام هاوردەکاری نەوتی هەرێم بووە، جگە لە چەند ناوبڕێک بۆ نمونە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید-19 لە ساڵی (2020). دەکرێت ئاماژە بەوەش بدرێت کە ئیسرائیل لەم ساڵانەی دوایدا نزیکەی (210

هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا بەکارهێناوە، بەپێی داتاکانی کۆمپانیا پترش پترۆلیۆم (بی پی).



لە ساڵی (2014) یەکەم باری گەورەی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان هەناردەی ئیسرائیل کراوە، کە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا نەوتی خاوی خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە بفرۆشێت، تا ناوەڕاستی ساڵی (2015) باس لەوە کرا کە ئیسرائیل "سێ لەسەر چوار"ی نەوتی خاو لە حکومەتی هەرێم هاوردە دەکات. لەو کاتەوە تا ئێستا بارکردنی نەوتی هەرێم لەلایەن ئیسرائیلەوە بەردەوام بووە، چونکە نەوتی هەرێم بۆ ئیسرائیل سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو بوەو لە خاڵێکی بارکردنی نزیکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە گەرەنتی کەمی تێچووی گواستنەوە دەکات بۆ ئیسرائیل. بڕوانە (چارتی ژمارە (3)).

بەڵام ئەو بازرگانییە مانگی ڕابردوو پەکی کەوت، کاتێک دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە دۆسیەی سکاڵاکەی عێراق لە دژی تورکیا لە بەرژەوەندی حکومەتی فیدراڵی عێراق بڕیاریدا، دوایین بارێک کە نەوتی خاوی هەرێمی هەڵگرتبوو، لە (24ی ئاداری 2023)دا بینراوە.

## چارتی ژماره (3)
## بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم بۆ ئیسرائیل و وڵاتەنی تر
## 2023 - 2018
## بەرمیل / ڕۆژانە



## مەتەڵێکی ئاڵۆز

جگە لە بارکردن و هاوردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە، ئیسرائیل پێویستیەکانی نەوتی خاو لە وڵاتانی وەک (ئازەربایجان، بەرازیل، گابۆن، کازاخستان و نەیجیریا) هاوردە دەکات. پێشتریش نەوتی خاوی ڕووسیای هاوردە کردووە، بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی (2018 – 2020) بەپێی داتاکانی کێپلەر. بەڵام هیچ جۆرە نەوتێکی خاو ناتوانێت جێگەی ئەوەی هەرێمی کوردستانی بۆ بگرێتەوە بە هۆکاری تەکنیکی و دارایی و سیاسی.

بەڵام ڕاگرتنی ئەم دواییەی ڕۆیشتنی نەوت هەرێمی کوردستان، پرسیاری ئەوەی دروست کرد کە کام نەوتی خاو دەتوانێت جێگەی خاوی کوردستان بگرێتەوە بۆ ئیسرائیل. لەم بارەیەوە "هومایون فەلەکشاهی" شیکەوەرەری دیاری دەزگای "کێپلەر" دەڵێت، لەنێو یەکەم بەدیلەکان کە دێتە پێشەوە، نەوتی ڕووسیایە، چونکە لەناو گەمارۆکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر مۆسکۆ بەهۆی لەشکرکێشییەکەی بۆ سەر ئۆکرانیا نەوتەکەی بە داشکاندنی گەورە دەفرۆشرێت، بۆیە لەڕووی تەکنیکییەوە بەدیلێکی هاوتەریبە بۆ نەوتی خاوی هەرێم.

ئەگەرچی لە روی سیاسییەوە ئیسرائیل پاڵپشتی ڕۆژئاوا نەبوو بۆ سەپاندنی سزا بەسەر نەوتی ڕووسیادا، بەڵام هۆکارە سیاسییەکان پرۆسەی هاوردەکردنی نەوتی خاوی ڕووسیا دەکاتە ڕێگەیەکی مەترسیدار. لەو چوارچێوەیەدا "فەلەکشاهی" بە ماڵپەڕی "ئەمواج میدیا"ی وتووە: لەڕووی داراییەوە، نەوتی ڕووسیا باشترین بژاردە دەبێت، بەڵام ئەمە دەبێتە مەترسی بۆ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل "بنیامین ناتانیاهۆ". ئاماژەی بەوەشکردووە "ئەو کارە پێدەچێت ببێتە

مانشێتی ڕۆژنامەکان و ڕەنگە حکومەتی ئیسرائیل پێیوابێت باشترە بۆ ئێستا گرژییەکان لەگەڵ ئەمریکادا پەرەنەسەنن".

هەروەها ئیسرائیل دەتوانێت هاوردەکردنی لە ئازەربایجان و کازاخستانەوە زیاد بکات، بەڵام کێشەی کوالێتی نەوتەکەی بۆ دروست دەبێت کە ڕێژەیەکی بەرزی گۆگردیان تێدایە.

بۆیە لە داهاتووی نزیکدا هیچ سەرچاوەو وڵاتێکی دیکە شوێنی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی نەوتی ئیسرائیل کە لە روی سیاسی و تەکنیکی داراییەوە هەرزان بکەوێت لەسەری.

## سەرچاوەکان

سەرچاوەی سەرەکی؛

- نعوم ريدان؛ تحليل معمق: قطع إمدادات نفط كردستان العراق يكشف نقطة ضعف في أمن الطاقة الإسرائيلي، أمواج ميديا، 2023/4/4؛

https://bitly.ws/39Ix4

سەرچاوە لاوەکییەکان؛

- ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت (2018 – 2022)، ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- مەحموود بابان؛ کڕیار و هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهانەوە، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداوو، 2023/4/4؛

https://bitly.ws/39Ix5

- سايمون هندرسون، بلال وهاب، هنري روم؛ إسرائيل قد لا تحصل على النفط في أعقاب الاتفاق بين بغداد والأكراد، معهد واشنطن، 2023/4/13؛

https://bitly.ws/39Ixa

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/4/29) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12723

## دوای (57) ڕۆژ لە ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم

## (ملیارێک و 282 ملیۆن) دۆلار زیانی بە هەرێم گەیاندووە

**لەدوای ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان لە (2023/3/25 – 2023/5/20) واتە (57) ڕۆژ لە ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم.**

# هەرێم دەیتوانی بە تێکڕای ڕۆژانە (389 هەزار و 958) بەرمیل نەوت هەناردە بکات.

# واتە لە ماوەی (57) ڕۆژدا هەناردەی نەوتی هەرێم دەگەیشتە (22 ملیۆن و 227 هەزار و 606) بەرمیل نەوت.

# تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە ماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە (80 دۆلار و 50 سەنت).

# ئەگەر هەرێم بە داشکانی (19 دۆلار و 8 سەنت) نەوتەکەی فرۆشتبایە، وەک ئەوەی لە چارەکی چوارەمی (2022) دا ڕویدابوو. ئەوا؛

# تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی هەرێم فرۆشراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (61 دۆلار و 42 سەنت).

# کۆی بەهای نەوتی هەناردەکراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (ملیارێک و 282 ملیۆن و 997 هەزار و 418) دۆلار.

# ئەگەر ئەو بڕەی داهات (51%) بۆ خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم ڕۆشتبا، ئەوا هاوتا دەبوو بە (654 ملیۆن و 318 هەزار و 483) دۆلار.

# بەم پێیەش بڕی (628 ملیۆن و 658 هەزار و 935) دۆلاری دەگەڕایەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## ڕاگرتنی نەوتی هەرێم و زیانە داراییەکانی

دوای نۆ ساڵ لە سکاڵایەکی حکومەتی عێراق لەسەر حکومەتی تورکیا لە ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس بەوەی "تورکیا ڕێکەوتنی ترانزێتی بۆریی نەوتی ساڵی 1973ی پێشێلکردووە، بەوەی تورکیا ڕێگەیداوە نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستانی عیراقەوە بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا، لە ڕێگەی تورکیاوە هەناردە بکرێت".

دواجار ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس بڕیارێکی (277) لاپەڕەیی لە ڕۆژی (13ی شوباتی 2023) دەرکردووەو لە (25ی ئازاری 2023) بە فەرمی بووە هۆی کە راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان.

بە پێی بڕیارەکەی ژووری ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی دەستوری و یاساییە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام ناتوانێت نەوت لە ڕێگەی بۆریەوە بگوازێتەوە بۆ دەرەوە، چی نەوتی باکور بێت، چی نەوتی هەرێم، چونکە هەرێمی کوردستان بەشێک نیە لە ڕێککەوتنی (IPT ) واتا ( بە بازاڕکردنی نەوتی جیهانی) کە لە نێوان تورکیا و عێراق لە ساڵی 1973 تایبەت بە بۆری نەوت واژۆکراوە.

ئێستا نزیکەی دوو مانگ تێپەڕیوە، سەرباری ئەوەی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق گەیشتوون بەجۆرێک لە ڕێککەوتن، بەڵام هێشتا حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە دەست بە هەناردەکردنی نەوت بکاتەوە.

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو زیانە داراییانەی لە ڕاگرتنی نەوتی هەرێم لە ماوەی (2023/3/25 – 2023/5/20) دەکەوێتەوە. بە جۆرێک؛

- بەپێی دواین ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێم لە چارەکی کۆتایی ساڵی (2022)؛
  - حکومەتی هەرێم بە تێکڕای رۆژانە (389 هەزار و 958) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکی کردووە.
  - هەرێم هەر بەرمیلێک نەوتی لە ماوەی ناوبراودا بە (19 دۆلار و 8 سەنت) کەمتر لە نرخی نەوتی برێنت فرۆشتووە، ئەمەش گەورەترین داشکاندن و هەرزانفرۆشکردنی نەوتی هەرێم بوو لە ماوەی ڕابردوودا.
  - هەر بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت (51%) داهاتی نەوت چووە بۆ خەرجی پرۆسەکەو (49%) گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم.

کەواتە لەسەر بنەمای دوا ڕاپۆرتی دیلۆیت ئەم گریمانەنانەی لای خوارە ڕوندەکەینەوە؛

- لە (2023/3/25 – 2023/5/20) واتە (57) رۆژە هەناردەی نەوتی هەرێم ڕاگیراوە.
- هەرێم دەیتوانی بە تێکڕای رۆژانە (389 هەزار و 958) بەرمیل نەوت هەناردە بکات.
- واتە لە ماوەی (57) رۆژدا هەناردەی نەوتی هەرێم دەگەیشتە (22 ملیۆن و 227 هەزار و 606) بەرمیل نەوت.
- تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە ماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە (80 دۆلار و 50 سەنت).

- ئەگەر هەرێم بە داشکانی (19 دۆلار و 8 سەنت) نەوتەکەی فرۆشتبایە، وەک ئەوەی لە چارەکی چوارەمی (2022) دا رویدابوو. ئەوا؛
- تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی هەرێم فرۆشراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (61 دۆلار و 42 سەنت).
- کۆی بەهای نەوتی هەناردەکراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (ملیارێک و 282 ملیۆن و 997 هەزار و 418) دۆلار.
- ئەگەر ئەو بڕەی داهات (51%) بۆ خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم رۆشتبا، ئەوا هاوتا دەبوو بە (654 ملیۆن و 318 هەزار و 483) دۆلار.
- بەم پێیەش بڕی (628 ملیۆن و 658 هەزار و 935) دۆلاری دەگەڕایەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ئەم خشتەی خوارە پرۆسەکە رونتر دەکاتەوە.**

**تێبینی**

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/5/20) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12901

## زیانەکانی ڕاگرتنی نەوتی هەرێم لە (2023/3/25 – 2023/5/20)
## پاڵپشت بە دوای ڕاپۆرتی دیلۆیت و بەهای نەوت لە بازاڕەکانی جیهان

| ڕۆژ | تێکڕای نرخی نەوتی برێنت | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم بە (19) دۆلار کەمتر | هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی هەرێم – بەرمیل | دوای (57) ڕۆژ کۆی بڕی ڕاگیراوی نەوتی هەرێم – بەرمیل | کۆی داهاتی نەوتی ڕاگیراوی هەرێم | خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (51%) | بڕی داهاتی گەڕاوە بۆ خەزێنەی گشتی هەرێم بە ڕێژەی (49%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 27–Mar | $ 76.80 | $ 57.72 | 389,958 | 22,227,606 | $ 1,282,977,418 | $ 654,318,483 | $ 628,658,935 |
| 28–Mar | $ 78.07 | $ 58.99 | | | | | |
| 29–Mar | $ 77.51 | $ 58.43 | | | | | |
| 30–Mar | $ 78.45 | $ 59.37 | | | | | |
| 31–Mar | $ 79.19 | $ 60.11 | | | | | |
| 4–Apr | $ 85.70 | $ 66.62 | | | | | |
| 5–Apr | $ 85.89 | $ 66.81 | | | | | |
| 6–Apr | $ 86.56 | $ 67.48 | | | | | |
| 10–Apr | $ 86.56 | $ 67.48 | | | | | |
| 11–Apr | $ 87.32 | $ 68.24 | | | | | |
| 12–Apr | $ 88.31 | $ 69.23 | | | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | $ 67.43 | $ 86.51 | 13–Apr |
| | | | | | $ 68.23 | $ 87.31 | 14–Apr |
| | | | | | $ 66.55 | $ 85.63 | 17–Apr |
| | | | | | $ 66.40 | $ 85.48 | 18–Apr |
| | | | | | $ 66.26 | $ 85.34 | 19–Apr |
| | | | | | $ 64.21 | $ 83.29 | 20–Apr |
| | | | | | $ 64.28 | $ 83.36 | 21–Apr |
| | | | | | $ 65.15 | $ 84.23 | 24–Apr |
| | | | | | $ 63.05 | $ 82.13 | 25–Apr |
| | | | | | $ 60.11 | $ 79.19 | 26–Apr |
| | | | | | $ 61.03 | $ 80.11 | 27–Apr |
| | | | | | $ 62.24 | $ 81.32 | 28–Apr |
| | | | | | $ 57.63 | $ 76.71 | 2–May |
| | | | | | $ 53.83 | $ 72.91 | 3–May |
| | | | | | $ 53.92 | $ 73.00 | 4–May |
| | | | | | $ 56.77 | $ 75.85 | 5–May |
| | | | | | $ 58.45 | $ 77.53 | 8–May |
| | | | | | $ 58.68 | $ 77.76 | 9–May |
| | | | | | $ 57.62 | $ 76.70 | 10–May |
| | | | | | $ 56.24 | $ 75.32 | 11–May |
| | | | | | $ 55.46 | $ 74.54 | 12–May |
| | | | | | $ 56.38 | $ 75.46 | 15–May |
| | | | | | $ 56.07 | $ 75.15 | 16–May |
| | | | | | $ 57.90 | $ 76.98 | 17–May |
| | | | | | $ 56.67 | $ 75.75 | 18–May |
| | | | | | $ 61.42 | $ 80.50 | تيكرا |

## داتاکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی لە چارەکی یەکەمی 2023

## ڕۆژانە (94.7 هەزار) بەرمیل نەوت بەرهەم هاتووە

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی بۆ چارەکی یەکەمی 2023؛

لەو کێڵگە نەوتیانەی کە گرێبەستی هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تێکڕای ڕۆژانە زیاتر لە (94 هەزار 719) بەرمیل نەوتیان بەرهەمهێناوە، بە جۆرێک لە کێڵگەی فیشخابور و (49 هەزار 478) بەرمیل، لە تاوکێ لە (44 هەزارو 400) بەرمیل و لە بەعشیقە زیاتر لە (841) بەرمیل نەوتیان بەرهەمهێناوە.

ئەمە لە کاتێکدا کۆمپانیاکە لە چارەکی کۆتایی ساڵی (2022)، بە تێکڕای ڕۆژانە لە کێڵگەی فیشخابور (59 هەزار 360) بەرمیل، لە تاوکێ (47 هەزارو 136) بەرمیل و لە بەعشیقە زیاتر لە (هەزار و 326) بەرمیل دەرهێنرابوو، پێکەوە (107 هەزار و 822) بەرمیل نەوتیان تێدا بەرهەمهێنرابوو.

بەم پێیەش ئاستی بەرهەمی تێکڕای ڕۆژانەی هەرسێ کێڵگەکە بڕی (13 هەزار و 103) و بە ڕێژەی (12%) دابەزیوە.

## بەرهەمی کاری (دی ئێن ئۆ) لە کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی، بەرهەمهێنانی نەوت لە چوارچێوەی گرێبەستی کێڵگەکانی نەوتی (فیشخابوور و تاوکێ) کە بە گرێبەستی "تاوکێ" ناسراوە، لەگەڵ کێڵگەی نەوتی بەعشیقە، کە کۆمپانیاکە لە هەرسێ کێڵگەکە گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە.

بە تێکڕا ڕۆژانە لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا بڕی (94 هەزار و 719) بەرمیل نەوت بەرهەمهێنراوە، بە جۆرێک؛

**یەکەم: ناوچەی گرێبەستی تاوکێ:** هەردوو کێڵگەی نەوتی (فیشخابور و تاوکێ) دەگرێتەوە، لە بەر ئەوەی هەردوو کێڵگەیەکە بە یەک گرێبەست دراوە بە کۆمپانیا پشکدارەکان بۆیە بە ناوچەی گرێبەستی "تاوکێ" ناسراوەو (75%) پشکەکانی دراوە بە کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی و (25%) کۆمپانیای گنێڵ ئێنێرجی تورکی وەبەرهێنانی تێدا دەکات. هەردوو کێڵگەیە پێکەوە لە چارەکی یەکەمی (2023) دا بە تێکڕای ڕۆژانە (93 هەزار و 879) بەرمیل نەوتیان لێ بەرهەم هێنراوە، بە جۆرێک؛

1. **کێڵگەی نەوتی فیشخابور:** لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ بە تێکڕای ڕۆژانە لە کێڵگەی فیشخابور (49 هەزار و 478) بەرمیل نەوت بەرهەم هێنراوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە چارەکی چوارەمی (2022)دا، بەرهەمی کێڵگەی ناوبراو بە تێکڕای ڕۆژانە بریتی بووە لە (59 هەزار و 360) بەرمیل نەوتی خاو.
2. **کێڵگەی نەوتی تاوکێ:** لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ بە تێکڕای ڕۆژانە لە کێڵگەی تاوکێ (44 هەزار و 400) بەرمیل نەوت بەرهەم هێنراوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە چارەکی چوارەمی

(2022)دا، بەرهەمی کێڵگەی ناوبراو بە تێکڕای ڕۆژانە بریتی بووە لە (47 هەزار و 136) بەرمیل نەوتی خاو.

**دووەم: کێڵگەی نەوتی بەعشیقە:** یەکێکی دیکەیە لەو کێڵگە نەوتیانەی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی پشکی (64%) تێدا هەیە و (16%)ی پشکەکانیشی دراوە بە کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) و (20%)ی پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوو گەیشت بە قۆناغی بەرهەمهێنان.

بەپێی داتاکانی کۆمپانیا نەرویجییەکە لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ بە تێکڕای ڕۆژانە لە کێڵگەی نەوتی بەعشیقە تەنها (841) بەرمیل نەوت بەرهەم هێنراوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە چارەکی چوارەمی (2022)دا، بەرهەمی کێڵگەی ناوبراو بە تێکڕای ڕۆژانە بریتی بووە لە (هەزار و 326) بەرمیل نەوتی خاو.

کەواتە لە سەرجەم ئەو کێڵگە نەوتیانەی کە کۆمپانیای (DNO) گرێبەستی هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تێکڕای ڕۆژانە زیاتر لە (94 هەزار 719) بەرمیل نەوتیان بەرهەمهێناوە، ئەمە لە کاتێکدا کۆمپانیاکە لە چارەکی کۆتایی ساڵی (2022)، بە تێکڕای ڕۆژانە لە هەر سێ کێڵگەکەدا (107 هەزار و 822) بەرمیل نەوتیان تێدا بەرهەمهێنرابوو. بەم پێیەش ئاستی بەرهەمی تێکڕای ڕۆژانەی هەرسێ کێڵگەکە بڕی (13 هەزار و 103) و بە ڕێژەی (12%) دابەزیوە. تایبەت بە وردەکاری ئاستی بەرهەمی ئەو کێڵگە نەوتییانەی کۆمپانیای (DNO) گرێبەستی هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی.

تایبەت بە بەرهەمی ئەو کێڵگانەی کۆمپانیان (DNO) کاریان تێدەکات لە چارەکەکانەی (یەکەم، دووەم، سێیەم و چوارەمی 2022 و چارەکی یەکەمی 2023)، بڕوانە چارتی هاوپێچ؛

**بەرهەمی ئەو کێڵگانەی کۆمپانیان (DNO) کاریان تێدەکات لە 2022 – چارەکی یەکەمی 2023**



## سەرچاوەکان


- DNO ASA, Q3 2022 Interim Results Presentation;
https://www.dno.no/media/zpiakonn/q3-2022-interim-results-presentation.pdf

- DNO ASA, Q1 2023 Interim Results Presentation;

https://www.dno.no/media/rmnbyi1o/q1-2023-interim-results-report.pdf


## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/6/6) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13038

## چارەنوسی نەوتی هەرێمی کوردستان

## بەغداد پێویستی بە هەناردەکردن و بەکارهێنانی نەوتی هەرێم نیە

عێراق لە ڕێگەی دەیان کێڵگەی نەوتی دەوڵەمەند و سەدان بیرەوە، دەتوانێت بەرهەمی نەوتەکەی لە دەیان ڕێگە و بۆری جیاوازەوە هەناردە بکات و پێداویستییە نەوتییەکانیشی لە ڕێگەی دەیان پاڵاوگەی ناوخۆییەوە ئامادەی بازاڕەکانی ناوخۆ بکات.

# بەگوێرەی ئامارەکانی "سۆمۆ" عێراق (4 ملیۆن و 600 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بەرهەمدەهێنێت، کە هاوتەریبە لەگەڵ پشکی بەرهەمهێنانی عێراق بەپێی ڕێککەوتنی "ئۆپێک پلەس". ئەمەش ئەوە دەردەخات عێراق پێویستی بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم نیە، لە قەبارەی هەناردەکردن و بەکاربردنی ناوخۆشدا سەرڕێژی بەرهەمی هەیە.

# وەزیرانی هاوپەیمانی "ئۆپێک پلەس" لە (2023/6/5) پشکی عێراقیان لە بەرهەمهێنانی نەوت لە ماوەی ساڵی (2024)دا دیاری کردووە بە (4 ملیۆن و 431 هەزار) بەرمیل/ڕۆژانە و عێراقیش خۆبەخشانە دەستهەڵدەگرێت لە بەرهەمهێنانی (210 هەزار) بەرمیل/ڕۆژانە لە پێناوە سەقامگیری و پاراستنی نرخی نەوت.

# بەپێی یاسای بودجەی ساڵی (2023)، عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە هەناردەکردنی (3 ملیۆن و 500 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی جێگیرکردووە، بەم پێیەش دوای دەستهەڵگرتن لە بەشێکی بەرهەم و جگە لە (400 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بڕی (721 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی عێراق هەناردە ناکرێت و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ بەکاردەهێنرێت، ئەمەش هاوتا دەبێت لەگەڵ پشکی بەرهەمهێنانی عێراق بەپێی ڕێککەوتنی "ئۆپێک پلەس".

## قەبارەی و بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق و بەبێ نەوتی هەرێمی کوردستان

نەوت بە شادەمار و بزوێنەری سەرەکی ئابووری عێراق دادەنرێت، سەباری بوونی ژێرخانی گەورەی بیر و پاڵاوگە و هێڵی گواستنەوەی نەوت. چونکە خاکی عێراق سامانێکی زۆری نەوتی تێدایە و لە قەبارەی یەدەگی نەوتدا پلەی پێنجەمی جیهانی گرتووە بە بوونی (148 ملیار و 800 هەزار) بەرمیل نەوت و دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی خاوە لە ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوتی "ئۆپیک" لە دوای وڵاتی سعودییەوە.

لە بارودۆخی ئاساییدا عێراق توانایەکی گەورەی بەرهەمهێنانی هەیە بە تێکڕای بەرهەمی (4.6 ملیۆن) بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئابوری وڵاتیش بە پلەی هەرە باڵا پشت بە داهاتەکانی نەوت دەبەستێت بۆ دابینکردنی بودجەی گشتی وڵات تا ئاستی پڕکردنەوەی (95%)ی خەرجییەکانی دەوڵەت، پلانی ئەوەشی هەیە تا ساڵی (2027)دا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکە بگەیەنرێتە (7 ملیۆن) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەڵام لە (2022/11/17) عەلا ئەلیاسیری سەرۆکی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) بە ڕۆیتەرزی ڕایگەیاندووە؛ "توانای بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی عێراق نزیکە لە (5 ملیۆن) بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام بەگوێرەی ئامارەکانی "سۆمۆ" لە مانگی تشرینی یەکەمی (2022)دا (4 ملیۆن و 651 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بەرهەمهێنراوە، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ پشکی بەرهەمهێنانی عێراق بەپێی ڕێککەوتنی "ئۆپێک پڵەس".

هاوکات بەپێی ڕاپۆرتێکی "شەفەق نیوز" لە (2023/6/5) پشکی عێراق لە بەرهەمهێنانی نەوت لە ماوەی ساڵی (2024) دەگاتە (4 ملیۆن و 220 هەزار) بەرمیل، لە هەواڵەکەدا ئەوە هاتووە کە؛ "وەزیرانی هاوپەیمانی "ئۆپێک پڵەس" بڕیاریاندا مانگی بنەڕەتی هەموار بکەنەوە – کە لەڕێگەیەوە ڕێژەی بەرهەمهێنانی وڵاتانی "ئۆپێک پڵەس" دیاری دەکرێت، کە لە (1ی تا 31ی کانوونی دووەمی 2024) دەستپێدەکات".

بەپێی خشتەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ وڵاتانی "ئۆپێک پڵەس"، پشکی عێراق لە بەرهەمهێنانی نەوت بۆ ساڵی (2024) دەگاتە (4 ملیۆن و 431 هەزار) بەرمیل/ ڕۆژانە، بەڵام عێراق ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر کەمکردنەوەی خۆبەخشانەی خۆی بە بڕی (210 هەزار) بەرمیلی ڕۆژانە کە دەگاتە (4 ملیۆن و 220 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

بەم پێیە و پاڵپشت بە داتاکانی سۆمۆ عێراق بەبێ نەوتی هەرێمی کوردستان لە توانایدایە ڕۆژانە (4 ملیۆن و 600 هەزار) بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت و بەپێی ڕێککەوتنی وەزیرانی هاوپەیمانی "ئۆپێک پڵەس" عێراق پابەند دەبێت بە بەرهەمهێنانی (4 ملیۆن 431 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە جگە لە دەستهەڵگرین لە بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی (210 هەزار) بەرمیل لە پێناوە سەقامگیری و پاراستنی نرخی نەوت.

هاوکات بەپێی یاسای بودجەی ساڵی (2023) عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە هەناردەکردنی (3 ملیۆن و 500 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی جێگیرکردووە، بەم پێیەش دوای دەستهەڵگرتن لە بەشێکی بەرهەم و جگە لە (400 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بڕی (721 هەزار) بەرمیل بەرهەمی

نەوتی رۆژانەی عێراق هەنارده ناکرێت و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ بەکاردەهێنرێت.

هەربۆیە ئەو ئامارانە ئەو راستییە پشتڕاست دەکەنەوە کە عێراق خەمسارده لە وەرگرتن و دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم. لەم بارەیەوە "وەزیری نەوتی عێراق، وەزارەتی دارایی ئاگادار دەکاتەوە کە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانی گوتووە، دەتوانن لەنێوان (120 بۆ 150 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان وەربگرن بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ"، لەکاتێکدا بەگوێرەی یاسای بودجە دەبێت (400 هەزار) بەرمیل نەوت رادەستی بەغدا بکەن.

ئاماژەی بەوەشداوە بەگوێرەی زانیارییەکان کە لە وەزارەتی نەوتی عێراقەوە دەستکەوتوون، لە (22ی حوزەیرانی 2023)، حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوتی عێراق نوسراوێکی ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی عێراق کردووە و تێیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە لەسەر بنەمای یاسای بودجەی گشتیی عێراق، دەبێت هەرێمی کوردستان رۆژانە (400 هەزار) بەرمیل نەوت لەسەر بنەمای نرخی (70) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک و هەژمار کردنی هەر دۆلارێکی بە (هەزار و 300) دینار رادەست بکات و داهاتەکەی وەک بەشێک لە خەزێنەی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

وەزیری نەوت لەو نووسراوەدا ئاماژەی بەوە داوە، هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە هێشتا راوەستاوە، ئەوەیان بە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان راگەیاندووە کە وەزارەتی نەوت دەتوانێت رۆژانە لەنێوان (120 بۆ 150 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت بۆ ئەوەی بە گوێرەی یاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی بەکاری بهێنین.

بۆیە نووسراوەکەی وەزارەتی نەوتی عێراق مەترسیەکی گەورە بۆ جێبەجێکردنی بودجەی عێراق پەیوەست بە پشکی هەرێم و شایستە داراییەکانی دروست دەکات و بەو پێیەی دەکرێ ببێتە بیانووەکی یاسایی بۆ نەناردنی بودجەی هەرێم و لە دادگای باڵای فیدراڵی تانەی لێبدرێ، لەگەڵ ئەوەی پێشتر بڕیاری دادگای فیدراڵی هەرێم پابەند دەکات کە تێکڕای نەوتی خاوی بەرهەم هاتووی بداتە وەزارەتی نەوتی عێراق.

## پایە بنچینەییەکانی نەوتی عێراق

## کێڵگە نەوتییەکانی عێراق

کێڵگە نەوتییە بەرهەمهێنەرەکان لە پارێزگاکانی بەسرە و کەرکوک چڕبوونەتەوە. لە رووی گرنگیشەوە بەدوای ئەواندا کێڵگەکانی پارێزگاکانی میسان، بەغدا، سەلاحەدین، دیالە و نەینەوا دێن.

## دیارترین کێڵگە نەوتییەکانی باشوری عێراق

1. **کێڵگەی نەوتی رومێلە**

کێڵگەی نەوتی رومێلە لەسەر ئاستی عێراق بە زەبەلاحترین کێڵگەی نەوتی وڵاتەکە دادەنرێت. روبەرەکەی (هەزار و 600) کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو (663) بیری نەوتی تێدایەو توانای بەرهەمی (ملیۆنێک و 300 هەزار) بەرمیلی نەوتی رۆژانە تێیدا وایکردووە لەسەر ئاستی جیهان لەنێو گەورە کێڵگە نەوتییەکان بێتە هەژمار و نزیکەی (40%) بەرهەمی نەوتی عێراق پێکبهێنێت.

لە رووی جوگرافییەوە لە ڕۆژئاوای شاری بەسرەوە درێژدەبێتەوە تا بەشی باشووری کێڵگەکە دەچێتە نێو وڵاتی کوەیتەوە، لە رووی

پێکهاتەو چینەکانیشییەوە لە باشترین جۆرەکانی نەوتی جیهانە. لە تشرینی دووەمی ساڵی 1970 کار لەم کێڵگەیە دەکرێت و لە ئێستادا لە ژێر سەرپەرشتی (کۆمپانیای نەوتی باشوور) نەوتی لێ دەردەهێنرێت.

## 2. کێڵگەی نەوتی مەجنون

کێڵگەی نەوتی مەجنون بە پانتایی (هەزار و 458 کم چوارگۆشە) کێڵگەیەکی زەبەلاحی نەوتە، کە دەکەوێتە دووری (60 کم) لە شاری بەسرە لە باشووری عێراق. کێڵگەی مەجنون یەکێکە لە دەوڵەمەندترین کێڵگە نەوتییەکانی جیهان کە یەدەگەکەی بە (38 ملیار) بەرمیل نەوت مەزەندە دەکرێت. ناوی کێڵگەکەش کە بە مانای (شێتی) دێت ئاماژەیە بۆ ئەو بڕە زۆرەی نەوت لە سنوری کێگەکەدا چڕ بووەتەوە.

لە ئێستادا بەرهەمی نەوتی کێڵگەکە (100 هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانەیەو وەزارەتی نەوتی عێراق لە پلانیدایە بە گەشەپێدانی کێڵگەکە لە رێگەی نزیکەی (170) بیرەوە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا بەرهەمی کێڵگەکە بگەیەنێتە (600 هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانە.

## 3. کێڵگەی نەوتی نەهر عومەر

کێڵگەی نەهر عومەر کێڵگەیەکی زەبەلاحی نەوت و غازی عێراقە لە پارێزگای بەسرە لە نزیک شەتولعەرەب لە گوندی نەهر عومەر لە باکووری شاری بەسرەو مەودای نێوان کێڵگەکە و شاری بەسرە (25 کیلۆمەتر)ە، کێڵگەکە لە ساڵی (1948) دۆزرایەوە، لەو کاتەوە خەریکی لێکۆڵینەوە و پشکنین بوونەو سەرەتا پێیان وابووە کە بەشێکە لە کێڵگەی مەجنون، دواتر دەرکەوت کە کێڵگەیەکی سەربەخۆیە، لە ساڵی (2008)ەوە بەرهەمهێنان تێیدا دەستی پێکردووە.

نەهر عومەر کێڵگەیەکی هایدرۆکاربۆنە کە گازی سروشتی و نەوتی خاوی لێ بەرهەم دەهێنرێت، یەدەگی کێڵگەکە بە (ملیارێک) بەرمیل نەوت و یەدەگی غازی (780 ملیار مەتر سێجا) مەزەندە دەکرێت، پانتاییەکەشی نزیکەی (300 کیلۆمەتری چوارگۆشە)یە، لەبارەی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە وەزیری پێشووی نەوتی عێراق عەبدولجەبار لعێبی لە (22ی 1ی 2018) ڕایگەیاند؛ "کێڵگەی نەهر عومەر ڕۆژانە زیاتر لە (40 هەزار) بەرمیل نەوتی خاو و (25 ملیۆن) پێ سێجا ستاندارد لە ڕۆژێکدا غازی خاو بەرهەم دەهێنا بەڵام بەهۆی دەردانی گازی پیسکەرەوە بەرهەمی کێڵگەکە بۆ کەمترین ئاست کەمدەکرێتەوە".

### 4. کێڵگەی قوڕنە

یەکێکیترە لە گەورە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق لە پارێزگای بەسرە. ئەم کێڵگەیە بە درێژکراوەی کێڵگەی رومێلە دێتە هەژمار مەزەندە دەکرێت بە بوونی (24 ملیار) بەرمیل نەوتی یەدەگ تێیدا. لە ساڵی (1973)ەوە بەرهەمهێنان لەم کێڵگەیە دەستیپێکردووە، ئاستی بەرهەمی رۆژانەی (300 هەزار) بەرمیل نەوتەو لە حاڵەتی پەرەپێدانیشیدا دەتوانرێت بگەیەنرێتە نزیکەی (700 هەزار) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

## بەناوبانگترین کێڵگە نەوتیەکانی ناوەڕاست و باکوری عێراق

### 1. کێڵگەی کەرکوک

کێڵگەی کەرکوک دادەنرێت بە پێنجەم گەورەترین کێڵگەی نەوتی لە جیهاندا، لە ڕووی تواناو گەورەییەوە، کە ڕووباری زێی بچووک دەیکاتە دوو بەشەوە. قوڵی بیرەکانی لەنێوان 450 مەتر بۆ 900 مەتردایە، تێکڕای بەرهەمی بیرێکی نزیکەی (35 هەزار) بەرمیل

ڕۆژانەیە. بڕی یەدەگی نەوتیش لە کەرکوک بە نزیکەی (13 ملیار) بەرمیل دەخەملێنرێت. بەشێوەیەک ڕێژی (12%) هەموو یەدەگی نەوتی عێراق پێکدەهێنێت.

### 2. کێڵگەی بای حەسەن

دەکەوێتە ڕۆژئاوای کێڵگەی کەرکوکەوە و تەریبە لەگەڵیدا و بیرەکانی ئەم کێڵگەیە قوڵترن لە بیرە نەوتەکانی کێڵگەی کەرکوک. پڕۆسەی بەرهەمهێنان تیایدا دەگەڕێتەوە بۆ مانگی حوزەیرانی ساڵی1959.

### 3. کێڵگەی جەمبور

دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک، کە تەریبە بە هەردوو کێڵگەی کەرکوک و بای حەسەن. پڕۆسەی بەرهەمهێنان تیایدا دەگەڕێتەوە بۆ 1959.

### 4. کێڵگەی ڕۆژهەڵاتی بەغداد

لە باکورەوە درێژکراوەی هەیە لەگەڵ پارێزگای صلاح الدین، درێژکراوەی باشووریشی هەیە لە پارێزگای واست، بڕی بەرهەمەکەی دەگاتە (20 هەزار) بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لەکاتێکدا بڕی بەرهەمی گشتی دادەنرێت بە نزیکەی (120 هەزار) بەرمیل لە ڕۆژێکدا گەر گەشەی پێبدرێت.

ئەمە جگە لە کێڵگە بچوک مامناوەندەوکانی وەک؛ (کێڵگەی نەوتی خەباز لە پارێزگای کەرکوک و کێڵگەکانی عەین زالە، بەتمە، سەفیە، گەیارە لە پارێزگای نەینەوا، هەروەها کێڵگەکانی تکریت، عجێل، بەلەد لە پارێزگای صلاح الدین و کێڵگەی نەفتخانە لە پارێزگای دیالە لە ناوەڕاستی عێراق).

## پاڵاوگەکانی نەوت لە عێراقدا

پاڵاوگەکانی نەوتی عێراقی دابەش دەبن بەسەر ژمارەیەک پارێزگا، لەنێوانیاندا پارێزگاکانی بەغداد، نەجەف، کەربەلا، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک، کە ژمارەیان دەگاتە 19 پاڵاوگە کە ژمارەیەک کۆمپانیا سەرپەرشتیان دەکەن. بڕی بەرهەمی گشتیان دەگاتە (1 ملیۆن و 336) هەزار بەرمیل لەڕۆژێکداو نەوت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ دەپاڵێون و بەشێک لە پاشماوەو بەرهەمە نەوتییەکانیش هەناردەی دەرەوەی عێراق دەکەی گەورەترین پاڵاوگەکانیش بریتین لە؛

کۆمپانیای پاڵاوگەکانی بێجی کە لەساڵی 1980وە دامەزراوە، ئەم کۆمپانیایە (4) پاڵاوگەی گەورەی هەیە کە لەنێوان گەورەترین پاڵاوگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان. کە بریتین لە:

- پاڵاوگەی سەلاحەدین 1: کە توانا بەرهەمی دەگاتە (70 هەزار) بەرمیل ڕۆژانە.
- پاڵاوگەی سەلاحەدین 2، کە هەمان توانای بەرهەمی (سەلاحەدین 1)ی هەیە.
- پاڵاوگەی باکور کە توانای بەرهەمهێنانی (150 هەزار) بەرمیل ڕۆژانەی هەیە.
- پاڵاوگەی ڕۆنەکان کە توانای بەرهەمی دەگاتە (250 هەزار) بەرمیل ڕۆژانە.

کۆمپانیاکە بەرهەمەکانی وەکو بەنزین، سووتەمەنی فڕۆکە، نەوتی سپی، گازۆیل، نەوتی ڕەش و جۆرەها ڕۆنیش بەرهەمدەهێنێت

**وسەرپەرشتی ژمارەیەک پاڵاوگەی تریش دەکات. وەک پاڵاوگەی سینیە، حەدیسە، کەرکوک، گەیارە، کسک و پاڵاوگەی جزیرە.**

**کۆمپانیای پاڵاوگەی ناوەڕاستیش سەرپەرشتی ژمارەیەک پاڵاوگە دەکات، لەوانە: پاڵاوگەی دۆرە، کە بە گەورەترین پاڵاوگەی عێراق توانای بەرهەمی دەگاتە (110 هەزار) بەرمیل لە ڕۆژێکدا، هەروەها سەرپەرشتی پاڵاوگەی سەماوە دەکات، لە پارێزگای دیالەش لەناوەڕاستی عێراق سەرپەرشتی پاڵاوگەی ئەڵوەند دەکات، کە کۆنترین پاڵاوگەی نەوتی عێراقەو لە ساڵی (1932) ەوە دامەزراوە، توانای بەرهەمی دەگاتە نزیکەی (12 هەزار) بەرمیل/نەوتی ڕۆژانە.**

**کۆمپانیای پاڵاوگەکانی باشوریش سەرپەرشتی ژمارەیەک لە پاڵاوگە دەکات، کە دیارترینیان؛ پاڵاوگەی موفتیە، شوعەیبە، پاڵاوگەی زیقار و پاڵاوگەی میسانە.**

**ئەمە سەرباری پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان، کە دووانیان نەوت بۆ وەزارەتی نەوتی عێراق دەپاڵێون، ئەوانیش بریتین لە پاڵاوگەکانی؛**

- **پاڵاوگەی کار (کەڵەک یان کەورگۆسک) لە نزیک شاری هەولێر، لە ئێستادا توانای بەرهەمهێنانی (110 هەزار) بەرمیلی هەیە لە رۆژێکدا.**
- **پاڵاوگەی بازیان لە پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژێکدا پاڵاوگەی بازیان (40) هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت، چەندین بەرهەمی جیاواز لە نەوتی خاو بەرهەم دەهێنێت.**
- **پاڵاوگەی لاناز: یەکێکی دیکەیە لە پاڵاوگە گەورەکانی هەرێمی کوردستان و لە پارێزگای هەولێر لە توانایە (30 هەزار) بەرمیل**

نەوتە لە ڕۆژێکدا بپاڵێوێت و چەندین بەرهەمی جیاوازی نەوت بەرهەم بهێنێت.

- پاڵاوگەی تاوکێ لە کێڵگەی تاوکێ لە پارێزگای دهۆک، کلە ئێستادا توانای بەرهەمهێنانی (6 هەزار) بەرمیلی هەیە لە ڕۆژێکدا.

## هێڵی بۆری گواستنەوەی نەوتی عێراق

عێراقیش وەک وڵاتێکی بەرهەمهێنی نەوت لەساڵی (1930)یەوە دەستیکرد بە ڕاکێشان و دامەزراندنی تۆڕێکی بەرفراوان لە بۆری گواستنەوەی نەوتەکەی کرد، ئەوانیش بریتین لە:

1. هێڵی بۆری گواستنەوەی نەوتی لە کێڵگەکانی باکورەوە بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست لەڕێگەی حەیفای فەلەستینەوە. دواتر بەهۆی داگیرکردنی خاکی فەلەستین لەلایەن ئیسرائیلەوە کارکردن تێیدا ڕاگیرا.
2. هێڵی بۆری گواستنەوی نەوت لە بانیاسی سوریا بۆ لوبنان و لەوێشەوە بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست و بەندەری تەرابولس.
3. لەساڵی (1977)دا لە ڕێگەی تورکیاوە بۆ بەندەری جەیهان هێڵی بۆری ڕاکێشرا بۆ کەناری دەریای سپی ناوەڕاست. لەگەڵ تەواکردنی پرۆژەکە عێراق هەناردەی نەوتی لەڕێگەی بۆری نەوتی سوریاوە ڕاگرت.

4. تا ساڵی (1979) عێراق سێ هێڵی بۆری نەوت گواستنەوەی هەبوو لەسەر کەنداوی عەرەبی کە بریتی بوون لە بەندەرەکانی بەکر و خۆر عەمیە و خۆر زوبێر.
5. لەساڵی (1985)دا عێراق هێڵێکی بۆری نەوتی دامەزراند کە بەخاکی سعودییەدا تێپەڕ دەبوو تا دەگەیشتە سەر دەریای سوور لە بەندەری یەنبوع.
6. لەساڵی (1988)دا، عێراق هێڵێکی بۆری نوێی تری دامەزراند لە جیاتی ئەو هێڵەی پێشتر، بەڵام نەگەیشتە توانای تەواوی خۆی.
7. لەساڵی (1996 و 1998)دا عێراق هەستا بە کردنەوە و چاکردنەوەی هەردوو هێڵی بۆری تورکی و سوری و بەندەری بەکر کە پێشتر ڕاگیرابوون و لەکارکەوتبوون.

بەم شێوەیە عێراق خاوەنی (10) هێڵی بۆری نەوت گوێزەرەوەیە کە بە وڵاتانی ناوچەکەدا تێپەڕ دەبن.

* ئەو هێڵی بۆریانەی کە کۆمپانیای نەوتی عێراقی IPC دایمەزراندوون:

1. هێڵی بۆری کرکوک – تەڕابولس 12 ئینج – بەندەری تەڕابولس.
2. هێڵی بۆری کەرکوک – حەیفا – بەندەری حەیفا.
3. هێڵی کەرکوک – تەڕابولس بە تیرەی 16 ئینج.
4. هێڵی کەرکوک –بانیاس بەتیرەی 30–32 ئینج.
5. هێڵی کەرکوک– تەڕابولس بە تیرەی 30–32 ئینج
6. هێڵێکی بۆری کە بەسراوەتەوە بە تۆڕی ئارامکۆ لە ڕۆژهەڵاتی سعودیە بە توانای 650 هەزار بەرمیل/ڕۆژ.

7. هێڵێکی تر کە لە عێراقەوە دەگاتە سەر دەریای سوور بە توانای 1650 ملیۆن بەرمیل/ڕۆژ لە بەندەری یەنبوع.
8. لە ئێستاشدا عێراق دەیەوێت هێڵێکی بۆری تر ڕابکێشێت لە بەسرەوە بۆ ئوردون لە بەندەری عەقەبە.

لەهەرێمی کوردستانیشدا لە ئێستادا چەند هێڵی گواستنەوەی نەوتی خاو و غازی سروشتی هەن وەک:

1. هێڵی بۆری گواستنەوەی نەوت لە کێڵگەکانی نەوتی تەق تەق لە کۆیەوە بەدرێژی 81 کم بۆ کێڵگەی خۆرمەڵە لەهەولێر و لەوێشەوە بۆ فیشخابور.
2. بۆری گواستنەوەی غازی سروشتی لە قادرکەرم/ کۆرمۆری ناوچەی سەنگاو – چەمچەماڵەوە بۆ وێسگەی غازی بەرهەمهێنانی کارەبای چەمچەماڵ و بازیان و هەولێر بە درێژایی 180کم.

## سەرچاوەکان


- نەوزادی موهەندیس، پاڵاوگەکان، درەو میدیا، 2022/11/30

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11488

- هەستیار قادر؛ وەزارەتی نەوتی عێراق: دەتوانین 150 هەزار بەرمیل نەوتی کوردستان بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ وەربگرین، ماڵپەڕی روداوو، 2023/6/28؛

https://bitly.ws/39LaN

هەروەها؛

- وەزارەتی نەوتی عێراق :دەتوانین تەنها بڕی 120 بۆ 150 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم وەربگرین و لەناو خۆ ساغی بکەینەوە، گرووپی تایبەت بە "گرێبەستەکانی نەوت گازی حکومەتی هەرێ" لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک، 2023/6/28؛

https://bitly.ws/39CPD

- أحمد فحص، النفط العراقي.. كل ما تريد معرفته عن الحقول والإنتاج والبنية التحتية، الميادين، 8 تشرين اول 2021؛

https://bitly.ws/39CPV

- حصة انتاج العراق من النفط خلال عام 2024 ستبلغ 4.220 مليون برميل، شفق نيوز؛

https://bitly.ws/39CQ3

- العراق يخطط لرفع إنتاج النفط إلى 7 ملايين برميل يوميا في 2027، الجزيرة، 2022/11/17؛

https://bitly.ws/39CQj

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/6/29) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13231

## پرۆسەی نەوتی هەرێم لە کابینەی نۆیەم

### (17 ملیار) دۆلار بۆ خەرجی و (14 ملیار و) دۆلار بۆ خەزێنەی حکومەت



**پاڵپشت بە داتاکانی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێم لە کابینەی نۆیەمی حکومەت؛**

# پرۆسەی نەوتی هەرێم؛

# حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (567 ملیۆن و 932 هەزار و 43) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری و بڕی (3 ملیۆن و 929 هەزار و 899) بەرمیل نەوتی لە بازاڕەکانی ناوخۆ فرۆشتووە.

# بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (54.89) دۆلار و لە ناوخۆ بە (55.95) دۆلار فرۆشراوە.

# کۆی بەهای نەوتی هەناردەکراو (31 ملیار و 939 ملیۆن و 425 هەزار) دۆلار و لە ناوخۆش (217 ملیۆن و 235 هەزار) دۆلار بووە.

# تێچوو و خەرجی نەوتی هەرێم (17 ملیار و 365 ملیۆن و 125 هەزار) دۆلار بووە. بڕی (14 ملیار و 791 ملیۆن و 534 هەزار) دۆلار گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی.

# ڕێڕەوە داراییەکان و خەرجی نەوتی هەرێم؛

#لە کابینەی نۆیەمدا گەورەترین خەرجی پرۆسەی نەوت شایستەی کۆمپانیا نەوتییەکان بووەو بڕەکەی بریتی بووە لە (10 ملیار و 665 ملیۆن و 416 هەزار) دۆلار.

# بڕی (2 ملیار و 140 ملیۆن و 336 هەزار) دۆلار خەرجی گواستنەوەی نەوت بووە لە نێو خاکی هەرێم و دراوە بە کۆمپانیای بۆری کوردستان (KPC)، بڕی (ملیارێک و 586 ملیۆن و 787 هەزار) دۆلار دراوە بە کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) وەک کرێی بۆری و گواستنەوەی نەوتی هەرێم.

## یەکەم؛ پرۆسەی نەوت لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

### 1. بڕی نەوتی فرۆشراو لە ڕێگەی بۆرییەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا (لە ناوەڕاستی ساڵی 2019ەوە بۆ کۆتایی چارەکی یەکەمی 2023) بڕی (567 ملیۆن و 932 هەزار و 43) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە، بەجۆرێک زۆرترین فرۆشتن لە چارەکی یەکەمی (2020)دا تۆمار کراوەو بڕەکەی بریتی بووە لە (42 ملیۆن و 323 هەزار و 769) بەرمیل. کەمترینیشی لە چارەکی یەکەمی (2023)دا تۆمار کراوە کە بڕەکەی بریتی بووە لە (32 ملیۆن و 965 هەزار و 523) بەرمیل نەوتی خاو. بڕوانەی (خشتە و چارتی ژمارە (1)).

خشتەی ژمارە (1)

بڕو ڕێژەی نەوتی هەناردەکراو و فرۆشراوی هەرێم لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

| فرۆش و داهاتی نەوت لە کابینەی نۆیەم | بڕی نەوتی هەناردەکراو - بەرمیل (بۆری) | تێکرای نرخی بەرمیلێک نەوتی هەرێم (بۆری) | بڕی نەوتی فرۆشراو - بەرمیل (ناوخۆ) | تێکرای نرخی بەرمیلێک نەوتی هەرێم (ناوخۆ) | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو (بۆری) | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو (ناوخۆ) | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو (بۆری + ناوخۆ) | کۆی تێچووی پرۆسەی نەوت | سافی نەختینەی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی سێیەمی 2019 | 39,953,584 | $ 49.410 | 368,277 | $ 44.338 | $ 1,974,088,999 | $ 16,328,609 | $ 1,990,417,608 | $ (923,745,927) | $1,066,671,681 |
| چارەکی چوارەمی 2019 | 40,210,756 | $ 52.293 | 374,930 | $ 45.262 | $ 2,102,722,634 | $ 16,970,278 | $ 2,119,692,912 | $ (1,419,064,557) | $ 700,628,355 |
| چارەکی یەکەمی 2020 | 42,323,769 | $ 31.596 | 97,916 | $ 51.151 | $ 1,337,267,613 | $ 4,993,033 | $ 1,342,260,646 | $ (381,270,973) | $ 960,989,673 |
| چارەکی دووەمی 2020 | 37,408,005 | $ 15.781 | 0 | 0 | $ 590,349,504 | 0 | $ 590,349,504 | $ (273,045,013) | $ 317,304,491 |
| چارەکی سێیەمی 2020 | 39,265,779 | $ 31.669 | 0 | 0 | $ 1,243,526,571 | 0 | $ 1,243,526,571 | $ (690,038,771) | $ 553,487,800 |
| چارەکی چوارەمی 2020 | 39,147,859 | $ 32.510 | 0 | 0 | $ 1,272,698,547 | 0 | $ 1,272,698,547 | $ (759,002,799) | $ 513,695,748 |
| چارەکی یەکەمی 2021 | 37,444,522 | $ 48.961 | 124,238 | $ 59.484 | $ 1,833,324,620 | $ 7,388,907 | $ 1,840,713,527 | $ (997,962,859) | $ 842,750,668 |
| چارەکی دووەمی 2021 | 39,425,366 | $ 57.706 | 175,842 | $ 64.199 | $ 2,275,079,490 | $ 11,288,944 | $ 2,286,368,434 | $ (1,391,938,028) | $ 894,430,406 |
| چارەکی سێیەمی 2021 | 38,075,291 | $ 62.868 | 722,812 | $ 49.845 | $ 2,393,733,513 | $ 36,028,560 | $ 2,429,762,073 | $ (1,296,494,155) | $1,133,267,918 |
| چارەکی چوارەمی 2021 | 37,055,975 | $ 38.430 | 599,087 | $ 55.741 | $ 2,535,749,399 | $ 33,393,623 | $ 2,569,143,022 | $ (1,474,777,512) | $1,094,365,510 |
| چارەکی یەکەمی 2022 | 34,923,168 | $ 86.730 | 409,037 | $ 84.230 | $ 3,028,903,497 | $ 34,453,394 | $ 3,063,356,891 | $ (1,719,515,659) | $1,343,841,232 |
| چارەکی دووەمی 2022 | 37,618,577 | $100.388 | 237,475 | $ 54.086 | $ 3,776,446,251 | $ 12,844,028 | $ 3,789,290,279 | $ (2,217,305,004) | $1,571,985,275 |
| چارەکی سێیەمی 2022 | 37,147,815 | $ 83.367 | 435,731 | $ 45.845 | $ 3,096,914,127 | $ 19,976,044 | $ 3,116,890,171 | $ (1,513,801,875) | $1,603,088,296 |
| چارەکی چوارەمی 2022 | 34,966,054 | $ 69.472 | 384,554 | $ 61.291 | $ 2,429,153,973 | $ 23,569,580 | $ 2,452,723,553 | $ (1,261,934,269) | $1,190,789,284 |
| چارەکی یەکەمی 2023 | 32,965,523 | $ 62.170 | ؟ | ؟ | $ 2,049,466,565 | ؟ | $ 2,049,466,565 | $ (1,045,227,948) | $1,004,238,617 |
| **کۆ/ تێکرا** | **567,932,043** | **$ 54.890** | **3,929,899** | **$ 55.952** | **$ 31,939,425,303** | **$ 217,235,000** | **$ 32,156,660,303** | **$ (17,365,125,349)** | **$14,791,534,954** |




## 2. بڕی نەوتی خاوی فرۆشراو لە بازاڕی ناوخۆی هەرێم

بەپێی داتاکانی دیلۆیت، لە کابینەی نۆیەمدا، بڕی (3 ملیۆن و 929 هەزار و 899) بەرمیل نەوتی خاو لە بازاڕی ناوخۆی هەرێم فرۆشراوە بە پاڵاوگە نەوتییەکان. بەرزترین فرۆشتنیش لە چارەکی سێیەمی (2021) تۆمار کراوە بە بڕی (722 هەزار و 812) بەرمیل، لە چارەکەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمی (2020) هیچ بڕێکی نەوت لە ناوخۆ نەفرۆشراوە. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (2)).




### 3. تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە

لە سەردەمی کابینەی نۆیەمدا بەتێکڕا بەرمیلێک نەوتی هەناردەکراو بە (54 دۆلار و 89 سەنت) فرۆشراوە، بەرزترین نرخێک کە نەوتی هەرێمی تێدا ساغکراوەتەوە لە چارەکی دووەمی ساڵی (2022) بووەو تێیدا بەرمیلێک نەوت بە سەروو (100) دۆلار فرۆشراوە. کەمترین تێکڕای نرخی تۆمارکراویش لە چارەکی دووەمی ساڵی (2020) بووەو بەرمیلێک نەوت بە (15 دۆلار 781 سەنت) فرۆشراوە. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (3)).




### 4. تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ناوخۆ

هەر بەپێی داتاکان بە تێکڕا بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی ناوخۆ بە (55 دۆلار و 952 سەنت) ساغکراوەتەوە، بەرزترین نرخێک کە نەوتی هەرێمی لە بازاڕی ناوخۆ پێ فرۆشرابێت، لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022)دا بووەو بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی تێدا دراوەتە بە سەرو (84) دۆلار. کەمترین نرخی تۆمارکراویش لە چارەکی سێیەمی (2019) بووە و بەرمیلێک نەوتی تێدا دراوەتە (44 دۆلار و 338 سەنت). بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (4)).




### 5. کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە

بە درێژایی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم، (31 ملیار و 939 ملیۆن و 425 هەزار و 303) دۆلار داهاتی نەوتی هەناردە کراوی هەرێم بووە. زۆرترین داهاتیش لە چارەکی دووەمی ساڵی (2022)دا بووەو تێدا بڕی (3 ملیار و 776 ملیۆن و 446 هەزار و 251) دۆلار داهاتی نەوت بووە. کەمترین داهاتیش لە چارەکی دووەمی ساڵی (2020) بووە بە تۆمارکردنی بڕی (590 ملیۆن و 349 هەزار و 504) دۆلار. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (5)).




## 6. کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێم لە بازاڕەکانی ناوخۆ

بە درێژایی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم، (217 ملیۆن و 235 هەزار) دۆلار داهاتی نەوتی فرۆشراوی ناوخۆ بووە. زۆرترین داهاتیش لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2021) بووەو تێدا بڕی (36 ملیۆن و 28 هەزار و 560) دۆلار داهاتی نەوتی فرۆشراوی ناوخۆ بەدەستهاتووە. جگە لەوەی لە (9) مانگی کۆتایی ساڵی (2020) هیچ بڕە نەوتێک نەخراوەتە بازاڕی ناوخۆوە، بەڵام کەمترین داهاتی نەوتی خاوی ناوخۆ لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2020) بووە بە تۆمارکردنی بڕی (4 ملیۆن و 993 هەزار و 33) دۆلار. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (6)).




**7. کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێم (هەناردەکراو لە ڕێگەی بۆری + ناوخۆ)**

**بە کۆکردنەوەی داهاتەکانی نەوت (کە لە دوو خاڵی پێشتر ئاماژەمان پێدا) کۆی بەهای نەوتی هەرێم بە هەردوو شێوەی فرۆشتنی ناوخۆ و هەناردەکردن لە سەردەمی کابینەی نۆیەمدا بریتی بووە لە (32 ملیار و 156 ملیۆن و 606 هەزار و 303) دۆلار. زۆرترین داهاتیش لە چارەکی دووەمی ساڵی (2022)دا بووەو تێیدا بڕی (3 ملیار و 789 ملیۆن و 290 هەزار و 270) دۆلار داهاتی نەوت بووە. کەمترین داهاتیش لە چارەکی دووەمی ساڵی (2020) بووە بە تۆمارکردنی بڕی (590 ملیۆن و 349 هەزار و 504) دۆلار. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (7)).**




### 8. کۆی خەرجی و تێچووی پرۆسەی نەوتی هەرێم

لە بەشی دووەمی ئەم ڕاپۆرتەدا کاتێک تیشک دەخەینە سەر ڕێڕەوە داراییەکانی نەوتی هەرێم وردەکارییەکانی تێچوو و خەرجی نەوت ڕوون دەبێتەوە، بەڵام گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە کۆی خەرجی نەوتی هەرێم لە کابینەی نۆیەمدا بریتی بووە لە (17 ملیار و 365 ملیۆن و 125 هەزار و 349) دۆلار بە ڕێژەی (54%)ی کۆی گشتی داهاتی نەوت. زۆرترین خەرجی لە چارەکی دووەمی ساڵی (2022) بووەو تێدا بڕی (2 ملیارو 217 ملیۆن و 305 هەزار و 4) دۆلار خەرجی نەوت بووە. کەمترین خەرجیش بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و کەمی داهاتەوە لە چارەکی دووەمی ساڵی (2020) تۆمارکراوەو بڕەکەی گەیشتووە بە (273 ملیۆن و 45 هەزار و 13) دۆلار. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (8)).




### 9. سافی نەختینەی وەرگراو لە لایەن حکومەتی هەرێم

دوای لێکدانەوەی داهات و خەرجی و تێچووی نەوت داتاکان ئەوە دەردەخەن، کە لە کابینەی نۆیەمدا بڕی (14 ملیار و 791 ملیۆن و 534 هەزار و 954) دۆلار بە ڕێژەی (46%)ی کۆی داهاتی نەوت، وەک نەختینە گەڕاوەتەوە بۆ سەر خەزێنەی گشتی هەرێم، زۆرترین داهاتیش لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022) بووەو تێدا بڕی (ملیارێک و 603 ملیۆن و 88 هەزار و 296) دۆلار لە داهاتی نەوت گەڕاوەتەوە. کەمترین داهاتی گەڕاوە لە چارەکی دووەمی ساڵی (2020) تۆمارکراوەو بڕەکەی (317 ملیۆن و 304 هەزار و 491) دۆلار بووە. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (9)).


چارتی ژمارە (9)
پرۆسەی نەوتی هەرێم لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان
سافی نەختینەی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێم
DRAW
$1,800,000,000
$1,600,000,000
$1,400,000,000
$1,200,000,000
$1,000,000,000
$800,000,000
$600,000,000
$400,000,000
$200,000,000
$0
$1,066,671,681
$700,628,355
$960,989,673
$317,304,491
$553,487,800
$513,695,748
$842,750,668
$894,430,406
$1,133,267,918
$1,094,365,510
$1,343,841,232
$1,571,985,275
$1,603,088,296
$1,190,789,284
$1,004,238,617
چارەکی سێیەمی 2019
چارەکی چوارەمی 2019
چارەکی یەکەمی 2020
چارەکی دووەمی 2020
چارەکی سێیەمی 2020
چارەکی چوارەمی 2020
چارەکی یەکەمی 2021
چارەکی دووەمی 2021
چارەکی سێیەمی 2021
چارەکی چوارەمی 2021
چارەکی یەکەمی 2022
چارەکی دووەمی 2022
چارەکی سێیەمی 2022
چارەکی چوارەمی 2022
چارەکی یەکەمی 2023

## دووەم؛ ڕێڕەوە داراییەکان و خەرجی نەوت لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

1. گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیاران

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیاران چوار جار (لە چارەکی سێیەمی (2019)، چارەکی یەکەمی (2020)، چارەکی چوارەمی (2021) و چارەکی چوارەمی (2022)) بە گوژمەی جیاواز پارە گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم و لە سەرجەم ماوەکانی دیکە پارەکان خراوەتە سەر ڕەسیدی کڕیاران و بە تێکرای گشتیش (ملیارێک و 137 ملیۆن و 464 هەزار و 22) دۆلار چووەتە سەر حیساباتی کڕیاران. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (10)).

خشتەی ژمارە (2)

ڕێڕەوی دارایی - پرۆسەی نەوتی هەرێم لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

| تێچووی نەوت لە کابینەی نۆیەم | گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان | پارەدانی پێشەکی دوور خایەن | سودو و ڕسوماتی دیکە پەیوەست بە کڕیاران | شایستەی دارایی کۆمپانیاکان | کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) | کۆمپانیای بۆری کوردستان (KPC) | دانەوەی قەرزی (TEC + TPCI) | پارەدان بۆ لایەنی سێیەم | داهاتی سەرباری بەدەستهاتوو | کۆی تێچوو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی سێیەمی 2019 | $62,892,731 | $ 450,918,900 | $(6,767,835) | $(888,169,759) | $(142,627,557) | $(174,572,125) | $(150,000,080) | $(78,982,504) | $3,562,302 | $ (923,745,927) |
| چارەکی چوارەمی 2019 | $(691,882,270) | $(2,967,942) | 0 | $(240,975,290) | $(87,125,846) | $(175,166,726) | $(100,000,082) | $(120,946,401) | 0 | $ (1,419,064,557) |
| چارەکی یەکەمی 2020 | $498,666,605 | $ (42,642,351) | 0 | $(427,498,393) | $(136,731,461) | $(179,094,807) | $(60,000,000) | $(33,970,566) | 0 | $ (381,270,973) |
| چارەکی دووەمی 2020 | $(21,401,196) | $ 415,000,000 | $(11,149,522) | $(500,561,442) | $(70,042,137) | $(84,890,716) | 0 | 0 | 0 | $ (273,045,013) |
| چارەکی سێیەمی 2020 | $(26,255,300) | 0 | $(3,299,533) | $(421,495,009) | $(47,715,717) | $(191,273,212) | 0 | 0 | 0 | $ (690,038,771) |
| چارەکی چوارەمی 2020 | $(94,329,601) | 0 | $(13,189,865) | $(411,134,481) | $(50,002,776) | $(190,346,076) | 0 | 0 | 0 | $ (759,002,799) |
| چارەکی یەکەمی 2021 | $(234,389,588) | 0 | $(24,285,483) | $(456,172,018) | $(52,745,954) | $(215,480,909) | 0 | $(14,888,907) | 0 | $ (997,962,859) |
| چارەکی دووەمی 2021 | $(47,862,088) | 0 | $(26,902,353) | $(941,452,738) | $(119,394,094) | $(238,932,863) | 0 | $(17,393,892) | 0 | $ (1,391,938,028) |
| چارەکی سێیەمی 2021 | $(182,362,542) | 0 | $(53,742,963) | $(716,814,879) | $(99,923,207) | $(218,606,905) | 0 | $(25,043,659) | 0 | $ (1,296,494,155) |
| چارەکی چوارەمی 2021 | $67,493,459 | 0 | $(119,592,557) | $ (1,025,702,045) | $(162,349,297) | $(197,153,659) | 0 | $(37,473,413) | 0 | $ (1,474,777,512) |
| چارەکی یەکەمی 2022 | $(175,114,220) | 0 | $(58,300,940) | $ (1,022,935,075) | $(127,455,135) | $(122,165,292) | $(125,000,000) | $(88,544,997) | 0 | $ (1,719,515,659) |
| چارەکی دووەمی 2022 | $(124,427,774) | 0 | $(49,492,324) | $ (1,632,695,597) | $(214,803,023) | $(36,460,969) | 0 | $(159,425,317) | 0 | $ (2,217,305,004) |
| چارەکی سێیەمی 2022 | $(210,212,450) | 0 | $(49,151,324) | $(978,556,593) | $(126,335,608) | $(106,192,385) | 0 | $(43,353,515) | 0 | $ (1,513,801,875) |
| چارەکی چوارەمی 2022 | $41,720,212 | 0 | $(3,079,100) | $ (1,001,321,097) | $(149,536,096) | $(10,000,000) | 0 | $(139,718,188) | 0 | $ (1,261,934,269) |
| چارەکی یەکەمی 2023 | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ | $(1,045,227,948) |
| کۆ/ تێکڕا | **$(1,137,464,022)** | **$820,308,607** | **$(418,953,799)** | **$(10,665,484,416)** | **$(1,586,787,908)** | **$(2,140,336,644)** | **$(435,000,162)** | **$(759,741,359)** | **$3,562,302** | **$ (17,365,125,349)** |




### 2. پارەدانی پێشەکی دوورخایەن

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت تەنها چوار حاڵەتی لەم مامەڵەیە ڕوویداوە ئەویش لە (چارەکی سێیەمی (2019)ەوە بۆ کۆتایی چارەکی دووەمی 2020) لەم مامەڵەیەشدا بڕی (820 ملیۆن و 308 هەزار و 607) دۆلار گەڕاوتەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (11)).




### 3. سودو رسوماتی دیکە پەیوەست بە کڕیاران

بە درێژایی تەمەنی کابینەی نۆیەم لە سەرجەم وەرزەکاندا بە بڕی جیاواز سودو رسومات دراوە بە کڕیاریان بە کۆی گشتیش لە چوارچێوەی ڕێڕەوە داراییەکان بڕی (418 ملیۆن و 953 هەزار و 799 دۆلار لە خەرجی نەوتی چووە بۆ ئەم بوارە. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (12)).




### 4. شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان

لە کابینەی نۆیەمدا بە تێکڕا بڕی (10 ملیار و 665 ملیۆن و 484 هەزار و 416) دۆلار چووە بۆ شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان، کە ئەمەش گەورەترین خەرجی پرۆسەی نەوتە لە چوارچێوەی تێچووە داراییەکان. گەورەترین خەرجکردنیش لە چارەکی دووەمی (2022)دا بۆ ئەم بوارە بریتی بووە لە بڕی (ملیارێک و 632 ملیۆن و 695 هەزار و 597) دۆلار، کەمترین خەرجی شاستەی کۆمپانیاکان لە چارەکی چوارەمی (2019) تۆمار کراوە بە بڕی (240 ملیۆن و 975 هەزار و 290) دۆلار. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (13)).




## 5. خەرج و کرێی گواستنەوەی نەوت لە نێو خاکی تورکیا بۆ کۆمپانیای وزەی تورکی

پاڵپشت بە داتاکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گواستنەوەی نەوتەکەی لە نێو خاکی تورکیادا لە سەردەمی کابینەی نۆیەمدا، بەکۆی گشتی بڕی (ملیارێک و 586 ملیۆن و 787 هەزار و 908) دۆلار بۆ کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) چووە. گەورەترین پارەدانیش بۆ ئەم مەبەستە لە چارەکی دووەمی (2022) دا بریتی بووە لە بڕی (214 ملیۆن و 803 هەزار و 23) دۆلار، کەمترین خەرجی گواستنەوە بۆ کۆمپانیا تورکییەکە لە چارەکی سێیەمی (2020) تۆمار کراوە بە بڕی (47 ملیۆن و 715 هەزار و 717) دۆلار. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (14)).




## 6. خەرج و کرێی گواستنەوەی نەوت لە نێو خاکی هەرێم بۆ کۆمپانیای بۆری کوردستان

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گواستنەوەی نەوتەکەی لە نێو خاکی هەرێمدا بە درێژایی تەمەنی کابینەی نۆیەم، بەکۆی گشتی بڕی (2 ملیار و 140 ملیۆن و 336 هەزار و 466) دۆلاری دراوە بە کۆمپانیای بۆری کوردستان (KPC). گەورەترین پارەدانیش بۆ ئەم مەبەستە لە چارەکی دووەمی (2021)دا بۆ ئەم بوارە بریتی بووە لە بڕی (238 ملیۆن و 932 هەزار و 863) دۆلار، کەمترین خەرجی گواستنەوە بۆ کۆمپانیای بۆری کوردستان لە چارەکی چوارەمی (2022)دا تۆمار کراوە بە بڕی (100 ملیۆن) دۆلار. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (15)).




## 7. دانەوەی قەرزی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی تورکی (TPCI)

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چوار گوژمە لە (چارەکی سێیەم و چوارەمی (2019)، چارەکی یەکەمی (2020) و چارەکی یەکەمی (2022)) بڕی (435 ملیۆن 162) دۆلار لە بری قەرز دراوەتەوە بە کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی تورکی (TPCI). بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (16)).




## 8. پارەدان بۆ لایەنی سێیەم

پارەدان بە لایەنی سێیەم یەکێکی دیکەیە لە بڕگەکانی خەرجی نەوتی هەرێم و لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەت، بە کۆی گشتی بڕی (759 ملیۆن و 741 هەزار و 359) دۆلار لەم بوارەدا بە خەرج دراوە گەورەترین پارەدانیش بۆ ئەم مەبەستە لە چارەکی دووەمی (2021) دا بۆ ئەم بوارە بریتی بووە لە بڕی (159 ملیۆن و 425 هەزار و 317) دۆلار، لە چارەکەکانی (دووەم، سێیەم و چوارەمی (2020)) هیچ خەرجییەک بۆ لایەنی سێیەم تۆمار نەکراوە. بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (17)).




دوا بڕگەی ڕێڕەوی دارایی نەوتی هەرێم بریتی یە لە "داهاتی سەرباری بەدەستهاتوو" کە حکومەتی هەرێم بۆ یەک جار و لە چارەکی سێیەمی (2019) بڕی (3 ملیۆن و 562 هەزار و 302) دۆلاری بۆ گەڕاوەتەوە، بە درێژایی تەمەنی کابینەی نۆیەم.

پاڵپشت بەو داتایانە لەم بەشەدا خرانەڕوو، دوای خستنەڕووی سەرجەم ڕێڕەوە داراییەکان خەرجی و تێچووی نەوت، داتاکان ئەوە دەردەخەن، کە لە کابینەی نۆیەمدا بڕی (17 ملیار و 365 ملیۆن و 125 هەزار و 349) دۆلار بە ڕێژەی (54%)ی کۆی داهاتی نەوت بۆ خەرجی بووە، وەک لە خاڵی (8)ی بەشی یەکەمی ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەمان بۆ کردووە.

## سەرچاوەکان


1. ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە سەردەمی کابینەی نۆیەم (چارەکی سێیەمی (2019) تا چارەکی چوارەمی (2022)) کە ژمارەیان (14) ڕاپۆرتە.
2. نەوتی هەرێمی کوردستان؛ شیکاری، لێکدانەوەی ژمارەو داتاکان، سلێمانی، چاپی یەکەم (2023) (کتێب؛ بەرهەمی دامەزراوەی میدیایی درەو).
3. بارگرانی و لێکەوتەکانی ئابوری سەربەخۆ؛ لە ڕووی (یاسایی، دارایی و ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی)یەوە، سلێمانی، چاپی یەکەم (2023) (کتێب؛ بەرهەمی دامەزراوەی میدیایی درەو).


## تێبینی1؛

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/7/10) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13314

## تێبینی2؛

کۆمپانیای دیلۆیت بۆ چارەکی یەکەمی (2023) هیچ داتاو ڕاپۆرتێکی بڵاو نەکردووەتەوە، بۆیە بۆ داتاکانی ئەو ماوەیە لە بارەی بڕی هەناردەو داهات و خەرجی نەوت پشت بە زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان بەستراوە.

## دیلۆیت؛ پرۆسەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2023

## نەوتی هەرێم (18) دۆلار هەرزانتر فرۆشراوەو (57%)ی چووە بۆ خەرجی



# پاڵپشت بە ڕاپۆرتی دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2023)دا؛

# حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی یەکەمی (2023)، بە هەردوو شێوەی هەناردەکردن و فرۆشتنی ناوخۆ بڕی (36 ملیۆن و 723 هەزار و 475) بەرمیل نەوتی فرۆشتووە کە (88%)ی لە ڕێگەی بۆرییەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان و (12%)ی لەناوخۆدا ساغکراوەتەوە. بە تێکرای ڕۆژانەی (408 هەزار و 39) بەرمیل.

#بە تێکڕا بە شێوەی فرۆشتنی (ناوخۆ و بۆری) بەرمیلێک نەوت بە (63.14) دۆلار فرۆشراوە، لە کاتێکدا لە بازاڕەکانی جیهان (81.18) دۆلار و کۆمپانیای سۆمۆ بە (75.55) دۆلار فرۆشتوویەتی، واتە هەرێم بەراورد بە جیهان زیاتر لە (18) دۆلار و بەراورد بە عێراق، هەرێم بە زۆرتر لە (12) دۆلار هەرزانتر نەوتەکەی خۆی فرۆشتووە.

#ئەگەر هەمان ئەو بڕە نەوتەی هەرێم فرۆشتوویەتی کۆمپانیای "سۆمۆ" بەو نرخەی خۆی نەوتی عێراقی پێ فرۆشتووە ساغیبکردایەتەوە بڕی (574 ملیۆن 590 هەزار و 523) دۆلاری زیاتر دەبوو لەو نرخەی ئێستای هەرێم خۆی هەناردەی کردووە.

# کۆی ئەو داهاتەی لە ڕێگەی نەوتی هەرێمەوە بەدەستهاتووە، بڕی (ملیارێک و 253 ملیۆن و 187 هەزار و 254) دۆلاری بە ڕێژەی (57%) چووە بۆ خەرجی و تەنها بڕی (946 ملیۆن و 497 هەزار و 142) دۆلار و بە ڕێژەی (43%) گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم.

## پرۆسەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2023

فەرمانگەی میدیاو زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رۆژی (13ی تەموزی 2023) بڵاوی کردەوە، کۆمپانیای دیلۆیت، ئاماری بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، خەرجی و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستانی بۆ چارەکی یەکەمی ئەمساڵ (2023) بڵاو کردەوە.

بە پێی ڕاپۆرتەکەی کۆمپانیای دیلۆیت، کۆی بەرهەمی نەوت (36 ملیۆن و 723 هەزار و 475) بەرمیل نەوت بووە، بڕی هەناردەکردن (32 ملیۆن و 307 هەزار و 382) بەرمیل و بڕی تەرخانکراویش بۆ پاڵاوگە (4 ملیۆن و 39 هەزار و 232) بەرمیل بووە، هەروەها بڕی فرۆشی ناوخۆ (376 هەزار و 861) بەرمیلە.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە داهاتی گشتیی نەوت لە هەرێمی کوردستان (2 ملیار و 199 ملیۆن و 684 هەزار و 396) دۆلار بووە، لە کاتێکدا تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوت (67.639) دۆلار بووە، لەم ڕێژەیەش داهاتی نەوتی ناوخۆ (22 ملیۆن و 98 هەزار و 456) دۆلار و تێکڕای نرخی بەرمیلێکیش (58.638) دۆلار بووە.

ڕاپۆرتەکەی کۆمپانیای دیلۆیت ئەوەشی خستووەتە ڕوو، خەرجیی پڕۆسەی نەوت لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا، (ملیارێک و 253 ملیۆن و 187 هەزار و 254) دۆلار بووە و لەم ڕێژەیەش داهاتی ماوە بۆ حکومەت کە بۆ مووچەی مووچەخۆران تەرخان کراوە، بریتی بووە لە (946 ملیۆن و 497 هەزار و 142) دۆلار. وەک ئەوەی لە گرافیکی خوارەوە رونکراوەتەوە.

## گرافیکی حکومەتی هەرێم




**لەم راپۆرتەدا ئەوە ڕووندەکەینەوە، کە نەوتی هەرێمی کوردستان تا چ ئاستێک هەزانتر فرۆشکراوە بەراورد بە نرخی نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان، تەنانەت نرخی فرۆشتنی نەوتی عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق "سۆمۆ"ەوە، هاوکات تیشک خستنە سەر ئەوەی ڕێژەی گەڕانەوەی داهاتی گشتی نەوت لە چی ئاستێکدایە؟ ئەگەر هەمان ئەو بڕە نەوتەی لە ڕێگەی بۆری هەرێمەوە هەناردە کراوە، کۆمپانیای سۆمۆ بیفرۆشتبایە جیاوازییەکەی چی دەبوو؟ بەتایبەت لە ڕووی داهاتەوە؟**

## هەڵسەنگاندنی فرۆشی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ

**وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی یەکەمی (2023)، بە هەردوو شێوەی هەناردەکردن و فرۆشتنی ناوخۆ بڕی (36 ملیۆن و 723 هەزار و 475) بەرمیل نەوتی فرۆشتووە کە**

(88%)ی لە ڕێگەی بۆرییەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان و (12%)ی لەناوخۆدا ساغکراوەتەوە. کۆی ئەو نەوتەی فرۆشراوە بە تێکرای ڕۆژانە بریتی بووە لە (408 هەزار و 39) بەرمیل.

وەک لە هەواڵەکەدا هاتووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا بە تێکڕا لە ڕێگەی (ناوخۆ و بۆری)یەوە بەرمیلێک نەوتی بە (63.14) دۆلار فرۆشتووە، لە کاتێکدا بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان، لە ماوەی ناوبراودا بە تێکڕای بریتی بووە لە (81.18) دۆلار، بەم پێیەش حکومەتی هەرێم هەر بەرمیلێک نەوتی بە (18.04) دۆلار کەمتر فرۆشتووە. هاوکات بەپێی داتاکانی وەزارەتی نەوتی عێراق هەر بەرمیلێک نەوت لە ڕێگەی "سۆمۆ"وە لە چارەکی یەکەمی (2023)دا بە تێکڕا دراوە بە (75.55) دۆلارو بەراورد بەم نرخەش هێشتا نەوتی هەرێم بە (12.41) دۆلار کەمتر فرۆشراوە.

پاڵپشت بە داتاکانی دیلۆیت، کۆی ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە دەستکەوتووە، بریتی بووە لە (2 ملیار و 199 ملیۆن و 684 هەزار و 396) دۆلار. لە کاتێکدا ئەگەر هەمان ئەو بڕە نەوتەی هەرێم فرۆشتوویەتی کۆمپانیای "سۆمۆ" بەو نرخەی خۆی نەوتی عێراقی پێ فرۆشتووە ساغیبکردایەتەوە کۆی داهاتەکەی بریتی دەبوو لە (2 ملیار و 774 ملیۆن و 274 هەزار و 919) دۆلار، واتە نەوتی هەرێم بڕی (574 ملیۆن 590 هەزار و 523) دۆلاری زیاتر دەبوو لەو نرخەی ئێستای، ئەمە سەرباری ئەوەی تێچووی هەناردەکردنی نەوتی عێراق زۆر کەمترە لە تێچووی نەوتی هەرێم وەک لە ڕاپۆرتەکەی "دیلۆیت"دا هاتووە.

چونکە ئاماژە بەوە دراوە، کە لە کۆی ئەو داهاتەی لە ڕێگەی نەوتی هەرێمەوە بەدەستهاتووە، بڕی (ملیارێک و 253 ملیۆن و 187 هەزار و

(254 دۆلاری به ڕێژەی (57%) چووە بۆ خەرجییەکانی وەک؛ (گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیاران، سودو رسوماتی پەیوەست بە کڕیاران، شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان، خەرجی و کرێی گواستنەوەی نەوت لە نێو خاکی تورکیا بۆ کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC)، خەرج و کرێی گواستنەوەی نەوت لە نێو خاکی هەرێم بۆ کۆمپانیای بۆری کوردستان(KPC)...) ، لە بەرامبەردا تەنها بڕی (946 ملیۆن و 497 هەزار و 142) دۆلار و بە ڕێژەی (43%) گەراوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم و بۆ موچەی موچەخۆران تەرخان کراوە. (بڕوانە خشتەکەی خوارەوە)

پرۆسەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2023) لە جیاوازی هەرێمی کۆمپانیای سۆمۆ

| چارەکی یەکەمی 2023 | کۆی نەوتی فرۆشراو بەرمیل | تێکرای فرۆشتنی بەرمیل/رۆژانە | تێکرای نرخی نەوتی هەرێم | تێکرای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان | تێکرای نرخی نەوت بە ڕێگەی سۆمۆ | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی سۆمۆوە | جیاوازی نێوان داهاتی نەوت لە نێوان فرۆشی سەربەخۆ و کۆمپانیای سۆمۆ | کۆی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە سەربەخۆ | کۆی داهاتی (ماوە)ی فرۆشی نەوتی هەرێم بە سەربەخۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1/1 - 3-31 بۆری | 32,307,382 | 358,971 | $67.64 | $81.18 | $75.55 | $2,177,585,940 | $2,440,661,173 | -$574,590,523 | $1,253,187,254 | $946,497,142 |
| 1/1 - 3-31 ناوخۆ | 4,416,093 | 49,068 | $58.64 | | | $22,098,456 | $333,613,746 | | | |
| ئەنجام | 36,723,475 | 408,039 | $63.14 | $81.18 | $75.55 | $2,199,684,396 | $2,774,274,919 | -$574,590,523 | $1,253,187,254 | $946,497,142 |

## هاوپێچی سێیەم (دەقی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت بۆ چارەکی یەکەمی 2023)

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/7/14) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13348

## زیانە داراییەکانی ڕاگرتنی نەوتی کەرکوک لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە تا کۆتایی مانگی ئاب حکومەتی عێراق (828 ملیۆن) دۆلار زیانی بەرکەوتووە

# بەپێی داتاکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە سەرەتای ساڵی (2022)ەوە تا کۆتایی مانگی ئابی هەمان ساڵ بڕی (17 ملیۆن و 867 هەزار و 540) بەرمیل نەوتی کێڵگەکانی پارێزگای کەرکوک، لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستان – بەندەری جەیهانەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کراوە.

# لە هەمان ماوەی ساڵی (2023)دا هەناردەی نەوتی کەرکوک بریتی بووە لە (7 ملیۆن و 37 هەزار و 403)، بەو مانایەی (10 ملیۆن و 830 هەزار و 137) بەرمیل لە هەناردەی نەوتی کەرکوک کەمی کردووە.

# لە ساڵی (2023)دا حکومەتی عێراق بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی بە (76.16) دۆلار فرۆشتووە، واتە بەراورد بە ساڵی پێشتر لە هەمان ماوەدا، هەر بەرمیلێک لە نەوتی عێراق بە زۆرتر لە (25) دۆلار کەمتر فرۆشراوە.

# ئەگەر بەهەمان قەبارەی ساڵی ڕابردوو نەوتی کەرکوک لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە هەناردە بکرایە، بە تێکڕای ئەو نرخەی لە (2023) تۆمار کراوە، ئەوا کۆی بەهای نەوتی کەرکوک بریتی دەبوو لە (ملیارێک و 360 ملیۆن و 874 هەزار و 484) دۆلاری ئەمریکی.

# تا کۆتایی مانگی ئابی (2023) تەنها بە بەهای (532 ملیۆن و 873 هەزار 615) دۆلار نەوتی کەرکوک لە ڕێگەی بۆری نەوەتی کوردستانەوە فرۆشراوە.

# کەواتە ڕاوەستانی نەوتی کەرکوک لە دوای مانگی ئازاری ئەمساڵەوە بڕی (828 ملیار و 686) دۆلار زیانی دارایی بە کەرتی نەوتی عێراق گەیاندووە.

## یەکەم؛ هەناردەی نەوتی کەرکوک لە مانگی کانونی دووەمەوە تا کۆتایی ئابی 2022

بەپێی داتاکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە سەرەتای ساڵی (2022)ەوە تا کۆتایی مانگی ئابی هەمان ساڵ بڕی (801 ملیۆن و 785 هەزار و 358) بەرمیل نەوتی هەناردەی وڵاتانی دەرەوە کردووە، لەو بڕەش (17 ملیۆن و 867 هەزار و 540) بەرمیلی بەڕێژەی (2.22%)ی نەوتی کێڵگەکانی پارێزگای کەرکوک بووە، کە بە تێکڕا لە ماوەی ناوبراودا بەرمیلێک نەوت بە (101.58) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، بۆیە کۆی بەهای نەوتی کەرکوک لە کانونی دووەمەوە تا کۆتایی ئابی 2022 بریتی بووە لە (ملیارێک و 834 ملیۆن و 259 هەزار و 739) دۆلار. بۆ وردەکاری تەواوی مانگەکان بڕوانە (خشتەی ژمارە (1)).

خشتەی ژمارە (1)

بڕو ڕێژەو داهاتی نەوتی هەناردەکراوی کەرکوک لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستان - بەندەری جەیهانەوە لە ساڵی (2022)

| 2022 | کۆی نەوتی هەناردەکراوی عێراق بەرمیل/مانگانە | بڕی نەوتی کەرکوک لە کۆی هەناردەکراوی گشتی بەرمیل/مانگانە | ڕێژەی نەوتی کەرکوک لە کۆی گشتی نەوتی هەناردەکراو/ مانگانە | تێکڕای نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق | داهاتی نەوتی هەناردەکراوی کەرکوک |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| کانونی دووەم | 99,286,078 | 2,545,656 | 2.56% | $83.83 | $213,389,614 |
| شوبات | 92,790,173 | 1,475,345 | 1.59% | $94.94 | $140,063,353 |
| ئازار | 100,579,612 | 1,488,395 | 1.48% | $108.50 | $161,495,323 |
| نیسان | 101,390,662 | 2,991,060 | 2.95% | $104.63 | $312,954,608 |
| ئایار | 102,303,020 | 3,002,133 | 2.93% | $112.19 | $336,809,301 |
| حوزەیران | 101,191,236 | 2,910,887 | 2.88% | $112.20 | $326,601,521 |
| تەموز | 102,385,049 | 2,344,536 | 2.29% | $101.26 | $237,407,715 |
| ئاب | 101,859,528 | 1,109,528 | 1.09% | $95.12 | $105,538,303 |
| **کۆ/تێکڕا** | **801,785,358** | **17,867,540** | **2.22%** | **$101.58** | **$1,834,259,739** |

**دووەم؛ هەناردەی نەوتی کەرکوک لە مانگی کانونی دووەمەوە تا کۆتایی ئابی** 2023

بەپێی داتاکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە سەرەتای ساڵی (2023)ەوە تا کۆتایی مانگی ئابی هەمان ساڵ بڕی (808 ملیۆن و 449 هەزار و 161) بەرمیل نەوتی هەناردەی وڵاتانی دەرەوە کردووە، لەو بڕەش تەنها (7 ملیۆن و 37 هەزار و 403) بەرمیلی بەڕێژەی (0.9%)، نەوتی کێڵگەکانی پارێزگای کەرکوک بووە، ئەو بڕەش لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2023) لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستان – جەیهانی تورکییەوە هەناردە کراوە، لە دوای بڕیاری (دادگای نێوبژیوانی پاریس)ەوە بۆ ڕاگرتنی نەوتی کوردستان، هیچ بڕە نەوتێکی کێڵگەکانی پارێزگای کەرکوک لە ڕێگەی بۆرییەوە هەناردەی دەرەوە نەکراوە.

بە تێکڕا لە سێ مانگی یەکەمی (2023)دا بەرمیلێک نەوتی عێراقی بە (75.55) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، بۆیە کۆی بەهای نەوتی کەرکوک لە کانونی دووەمەوە تا کۆتایی ئازاری (2023) بریتی بووە لە (532 ملیۆن و 873 هەزار و 615) دۆلار. بۆ وردەکاری تەواوی مانگەکان بڕوانە (خشتەی ژمارە (2)).

خشتەی ژمارە (2)

بڕو ڕێژەو داهاتی نەوتی هەناردەکراوی کەرکوک لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستان - بەندەری جەیهانەوە لە ساڵی (2023)

| 2023 | کۆی نەوتی هەناردەکراوی عێراق بەرمیل/مانگانە | بڕی نەوتی کەرکوک لە کۆی هەناردەکراوی گشتی بەرمیل/مانگانە | ڕێژەی نەوتی کەرکوک لە کۆی گشتی نەوتی هەناردەکراو/ مانگانە | تێکڕای نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق | داهاتی نەوتی هەناردەکراوی کەرکوک |
|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 101,245,095 | 2,475,516 | 2.45% | $75.70 | $187,384,184 |
| شوبات | 92,255,610 | 2,834,393 | 3.07% | $76.56 | $216,989,791 |
| ئازار | 100,913,027 | 1,727,494 | 1.71% | $74.39 | $128,499,641 |
| نیسان | 98,634,947 | 0 | 0.00% | $78.06 | $0 |
| ئایار | 102,463,387 | 0 | 0.00% | $71.49 | $0 |
| حوزەیران | 100,059,052 | 0 | 0.00% | $71.76 | $0 |
| تەموز | 106,755,169 | 0 | 0.00% | $78.03 | $0 |
| ئاب | 106,122,874 | 0 | 0.00% | $83.35 | $0 |
| کۆ/تێکڕا | **808,449,161** | **7,037,403** | **0.90%** | **$76.16** | **$532,873,615** |

## سێیەم؛ زیانە داراییەکانی ڕاگرتنی نەوتی کەرکوک لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە

وەک لە خشتەکانی (1) و (2) ئاماژەمان پێدا، بەپێی داتاکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە سەرەتای ساڵی (2022)ەوە تا کۆتایی مانگی ئابی هەمان ساڵ بڕی (17 ملیۆن و 867 هەزار و 540) بەرمیل نەوتی کێڵگەکانی پارێزگای کەرکوک لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستان – بەندەری جەیهانەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کراوە، بەڵام لە هەمان ماوەی ساڵی (2023)دا هەناردەی نەوتی کەرکوک بریتی بووە لە (7 ملیۆن و 37 هەزار و 403)، بەو مانایەی (10 ملیۆن و 830 هەزار و 137) بەرمیل لە هەناردەی نەوتی کەرکوک کەمی کردووە.

لە ساڵی (2023)دا حکومەتی عێراق بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی بە (76.16) دۆلار فرۆشتووە، واتە بەراورد بە ساڵی پێشتر لە هەمان ماوەدا، هەر بەرمیلێکی نەوتی عێراق بە زیاتر لە (25) دۆلار کەمتر فرۆشراوە.

بۆیە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، بەهەمان قەبارەی ساڵی ڕابردوو نەوتی کەرکوک لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە هەناردە بکرایە بە نرخی (76.16) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، وەک ئەوەی تا کۆتایی مانگی ئابی (2023)دا تۆمار کراوە، ئەوا کۆی بەهای نەوتی کەرکوک بریتی دەبوو لە (ملیارێک و 360 ملیۆن و 874 هەزار و 484) دۆلاری ئەمریکی.

ئەمە لە کاتێکدایە، تا کۆتایی مانگی ئابی (2023) تەنها بە بەهای (532 ملیۆن و 873 هەزار 615) دۆلار نەوتی کەرکوک لە ڕێگەی بۆری کوردستانەوە فرۆشراوە. بەم پێیەش ڕاوەستانی نەوتی کەرکوک لە دوای مانگی ئازاری ئەمساڵەوە بڕی (828 ملیار و 686) دۆلار زیانی دارایی بە کەرتی نەوتی عێراق گەیاندووە. بۆ وردەکاری زیانە داراییەکانی ڕاوەستانی نەوتی کەرکوک بڕوانە (خشتەی ژمارە (3)).

خشتەی ژمارە (3)

خشتەی گرمانەیی

بڕو داهاتی نەوتی هەناردەکراوی کەرکوک ساڵی (2022) بەراورد بە تێکڕای نرخی نەوت لە (2023)

| بڕی نەوتی هەناردەکراوی کەرکوک لە ساڵی (2022) | تێکڕای نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ساڵی (2023) | داهاتی نەوتی هەناردەکراوی کەرکوک (گریمانەیی) | داهاتی نەوتی هەناردەکراوی کەرکوک لە ساڵی (2023) | زیانەکانی ڕاگرتنی نەوتی کەرکوک |
|---|---|---|---|---|
| 17,867,540 | $76.16 | $1,360,874,484 | $532,873,615 | $828,000,868 |

# سەرچاوەکان


1. ڕاگەیەنداوەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، دەربارە داهات و هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی کۆپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) لە مانگەکانی ساڵی 2022، لەم لینکانەی خوارەوە بەردەستن؛

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر كانون الثاني الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=909

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر شباط الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=951

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر آذار الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=1003

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر نيسان الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=1039

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر ايار الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=1099

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر حزيران الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=1123

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر تموز الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=1161

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر اب الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=1218

2. ڕاگەیەنداوەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، دەربارەی داهات و هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) لە سەرجەم مانگەکانی ساڵی 2023، لەم لینکانەی خوارەوە بەردەستن؛

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر كانون الثاني الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=1419

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر شباط الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=1455

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر آذار الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=1480

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر نيسان الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=1527

- وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر ايار الماضي؛

https://oil.gov.iq/?page=1555

- **وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر حزيران الماضي؛**

https://oil.gov.iq/?page=1597

- **وزارة النفط تعلن عن الاحصائية النهائية للصادرات النفطية لشهر تموز الماضي؛**

https://oil.gov.iq/?page=1644

- **وزارة النفط تعلن عن الاحصائية الاولية للصادرات النفطية لشهر اب الماضي؛**

https://oil.gov.iq/?page=1654

**تێبینی**

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/9/8) بڵاوكراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13737

**دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕاگرتنی نەوتی هەرێم**

**ڕاگرتنی هەناردەی نەوت زۆرتر لە (5 ملیار) دۆلار زیانی بە کەرتی نەوت گەیاندوە**



لە (2023/3/25 – 2023/9/25) واتە (6) مانگ دوای ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم.

# پاڵپشت بە داتاكانی دیلۆیت لە پێش ڕاگرتنی هەناردەی نەوت، تواندراوە بە تێكڕای مانگانە زیاتر لە (12 ملیۆن و 461 هەزار) بەرمیل نەوت هەناردە بكرێت.

# واتە لە ماوەی (6) مانگدا هەناردەی نەوتی هەرێم دەگەیشتە زیاتر لە (74 ملیۆن و 766 هەزار) بەرمیل نەوت.

# تێكڕای نرخی نەوتی برێنت لە ماوەی (2023/3/25 – 2023/9/25) بریتی بووە لە (82 دۆلار و 38 سەنت).

# ئەگەر هەرێم بە داشكانی (15 دۆلار) نەوتەكەی فرۆشتبایە، وەك ئەوەی لە چارەكی دووەم و سێیەمی ساڵی (2022) دا ڕوویدابوو. ئەوا؛

# تێكڕای نرخی بەرمیلێك نەوتی فرۆشراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (67 دۆلار و 38 سەنت).

# كۆی بەهای نەوتی هەناردەكراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (5 ملیارو 51 ملیۆن و 146 هەزار) دۆلار.

## ڕاگرتنی نەوتی هەرێم و زیانە داراییەکانی

دوای نۆ ساڵ لە سکاڵایەکی حکومەتی عێراق لەسەر حکومەتی تورکیا لە ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس بەوەی "تورکیا ڕێکەوتنی ترانزێتی بۆریی نەوتی ساڵی 1973ی پێشێلکردووە، بەوەی تورکیا ڕێگەیداوە نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستانی عیراقەوە بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا، لە ڕێگەی تورکیاوە هەناردە بکرێت".

دواجار ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس بڕیارێکی (277) لاپەڕەیی لە ڕۆژی (13ی شوباتی 2023) دەرکردووەو لە (25ی ئازاری 2023) بە فەرمی بووە هۆی کە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان.

بە پێی بڕیارەکەی ژووری ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی دەستوری و یاساییە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام ناتوانێت نەوت لە ڕێگەی بۆریەوە بگوازێتەوە بۆ دەرەوە، چی نەوتی باکور بێت، چی نەوتی هەرێم، چونکە هەرێمی کوردستان بەشێک نیە لە ڕێککەوتنی (IPT ) واتا ( بە بازاڕکردنی نەوتی جیهانی) کە لە نێوان تورکیا و عێراق لە ساڵی 1973 تایبەت بە بۆری نەوت واژۆکراوە.

ئێستا شەش مانگ تێپەڕیوە، سەرباری ئەوەی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق گەیشتوون بەجۆرێک لە ڕێککەوتن، بەڵام هێشتا نەیتواندراوە دەست بە هەناردەکردنی نەوت بکرێتەوە.

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو زیانە داراییانەی لە ڕاگرتنی نەوتی هەرێم لە ماوەی (2023/3/25 – 2023/9/25) دەکەوێتەوە. بە جۆرێک؛

- بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێم لە چارەکی دووەم و سێیەمی ساڵی (2022)، واتە هەمان ئەو ماوەیەی کە لە ساڵی (2023) نەوتی هەرێمی تێدا ڕاگیراوە؛
  - حکومەتی هەرێم بە تێکڕای مانگانە (12 ملیۆن و 461 هەزار و 65) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکی کردووە.
  - هەرێم هەر بەرمیلێک نەوتی لە ماوەی ناوبراودا بە (15 دۆلار) کەمتر لە نرخی نەوتی برێنت فرۆشتووە.
  - هەر بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت (54%) داهاتی نەوت چووە بۆ خەرجی پرۆسەکەو (46%) گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم.

کەواتە لەسەر بنەمای هەردوو ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت لە ماوەی چارەکی دووەم و سێیەمی ساڵی (2022) ئەم گریمانەنانەی لای خوارە ڕوندەکەینەوە؛

- لە (2023/3/25 – 2023/9/25) واتە (6) مانگە هەناردەی نەوتی هەرێم ڕاگیراوە.
- هەرێم دەیتوانی بە تێکڕای مانگانە (12 ملیۆن و 461 هەزار و 65) بەرمیل نەوت هەناردە بکات.
- واتە لە ماوەی (6) مانگدا هەناردەی نەوتی هەرێم دەگەیشتە (74 ملیۆن و 766 هەزار و 392) بەرمیل نەوت.
- تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە ماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە (82 دۆلار و 38 سەنت).

- ئەگەر هەرێم بە داشکانی (15 دۆلار) نەوتەکەی فرۆشتبایە، وەک ئەوەی لە چارەکی دووەم و سێیەمی (2022)دا رویدابوو. ئەوا؛
- تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی هەرێم فرۆشراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (67 دۆلار و 38 سەنت).
- کۆی بەهای نەوتی هەناردەکراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (5 ملیارو 51 ملیۆن و 146 هەزار و 388) دۆلار.
- ئەگەر ئەو بڕەی داهات (54%) بۆ خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم رۆشتبا، ئەوا هاوتا دەبوو بە (2 ملیار و 727 ملیۆن و 619 هەزار و 49) دۆلار.
- بەم پێیەش بڕی (2 ملیار و 323 ملیۆن و 527 هەزار و 338) دۆلاری بە رێژەی (46%) دەگەڕایەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ئەم خشتەکە پرۆسەکە رونتر دەکاتەوە.**

## زیانە داراییەکانی ڕاگرتنی نەوتی هەرێم لە ماوەی (2023/3/25 – 2023/9/25)

| مانگەکان | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران لە (2022) بە بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە 2023 | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم بە کەمتر لە (15) دۆلار بەراورد بە نرخی جیهان | کۆی داهاتی نەوتی ڕاگیراوی هەرێم | خەرجی و شایستەی کۆمپانیاکان بە ڕێژەی (%54) | داهاتی گەڕاوە بۆ حکومەت بە ڕێژەی (%46) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نیسان | 13,118,027 | $84.64 | $ 69.64 | $ 913,539,400 | $ 493,311,276.15 | $ 420,228,124 |
| ئایار | 13,331,579 | $75.47 | $ 60.47 | $ 806,160,582 | $ 435,326,714.35 | $ 370,833,868 |
| حوزەیران | 11,168,971 | $74.84 | $ 59.84 | $ 668,351,225 | $ 360,909,661.31 | $ 307,441,563 |
| تەموز | 12,954,416 | $80.11 | $ 65.11 | $ 843,462,026 | $ 455,469,493.91 | $ 387,992,532 |
| ئاب | 9,992,125 | $86.15 | $ 71.15 | $ 710,939,694 | $ 383,907,434.63 | $ 327,032,259 |
| ئەیلول | 14,201,274 | $93.07 | $ 78.07 | $1,108,693,461 | $ 598,694,469.04 | $ 509,998,992 |
| **کۆ/ تێکڕا** | **74,766,392** | **$82.38** | **$ 67.38** | **$5,051,146,388** | **$2,727,619,049.38** | **$2,323,527,338** |

## سەرچاوەکان

**راپۆرتەکانی دیلۆیت لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛**

- بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی نیسانی 2022 تاکو ٣٠ی حوزەیرانی 2022.
- بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی تەمموزی 2022 تاکو ٣٠ ئەیلوولی 2022.

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/9/25) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13853

## داتاکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی بۆ سێ چارەکی یەکەمی 2023 لە چارەکی سێیەمی ئەمساڵ ڕۆژانە نزیکەی (26 هەزار) بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە

**بەپێی ڕاگەیەندراوی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی، کە لە کێڵگە نەوتییەکانی (تاوکێ، فیشخابور و بەعشیقە) گرێبەستی هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، تایبەت بە بەرهەمهێنانی نەوت لەو کێڵگانە؛**

# لە چارەکی یەکەمی (2023)، بە تێکڕا ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی هەرسێ کێڵگەکە بریتی بووە لە (94 هەزار و 719) بەرمیل نەوتی بەرهەمهێنراو.

# لەدوای ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمەوە لە (2023/3/25)، لە چارەکی دووەمی هەمان ساڵ، ئاستی بەرهەمی ناوچەی گرێبەستەکانی کۆمپانیاکە بە ڕێژەی (99.9%) دابەزی بۆ تەنها (65) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە،

# کۆمپانیاکە لە (18ی تەموز)ەوە دەستی بە کارەکانی کردووەتەوە، لە چارەکی سێیەمی (2023)دا تێکڕای ئاستی بەرهەمی گەیاندووەتەوە بە (25 هەزار 984) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

## یەکەم؛ کۆمپانیای (DNO) لە کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان

کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی، لە چوارچێوەی گرێبەستی کێڵگەکانی نەوتی (فیشخابوور و تاوکێ) کە بە گرێبەستی "تاوکێ" ناسراوە، لەگەڵ کێڵگەی نەوتی بەعشیقە، گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بەجۆرێک؛

3. **ناوچەی گرێبەستی تاوکێ:** هەردوو کێڵگەی نەوتی (فیشخابور و تاوکێ) دەگرێتەوە، لە بەر ئەوەی هەردوو کێڵگەکە بە یەک گرێبەست دراوە بە کۆمپانیا پشکدارەکان, بۆیە بە ناوچەی گرێبەستی "تاوکێ" ناسراوەو (75%) پشکەکانی دراوە بە کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی و (25%) کۆمپانیای گنێڵ ئێنێرجی تورکی وەبەرهێنانی تێدا دەکات.
4. **کێڵگەی نەوتی بەعشیقە:** یەکێکی دیکەیە لەو کێڵگە نەوتیانەی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی پشکی (64%) تێدا هەیە و (16%)ی پشکەکانیشی دراوە بە کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC)  و (20%)ی پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی ساڵی (2022) گەیشت بە قۆناغی بەرهەمهێنان.

## دووەم؛ بەرهەمی کاری (DNO) لە کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2023)دا

بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی، بەرهەمی کاری کۆمپانیاکە بەجۆرێک بووە کە؛

1. **چارەکی یەکەمی (2023)؛** لە چوارچێوەی گرێبەستی کێڵگەکانی نەوتی (فیشخابوور و تاوکێ) کە بە گرێبەستی "تاوکێ" ناسراوە، هەردوو کێڵگەکە پێکەوە لە چارەکی یەکەمی (2023) دا بە تێکڕای ڕۆژانە (93 هەزار و 879) بەرمیل نەوتیان لێ بەرهەم هێنراوە، بە جۆرێک؛

- **کێڵگەی نەوتی فیشخابور:** لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ بە تێکڕای ڕۆژانە لە کێڵگەی فیشخابور (49 هەزار و 478) بەرمیل نەوت بەرهەم هێنراوە.
- **کێڵگەی نەوتی تاوکێ:** لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ بە تێکڕای ڕۆژانە لە کێڵگەی تاوکێ (44 هەزار و 400) بەرمیل نەوت بەرهەم هێنراوە
- **کێڵگەی نەوتی بەعشیقە:** یەکێکی دیکەیە لەو کێڵگە نەوتیانەی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی پشکی (64%) تێدا هەیەو لە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوو گەیشت بە قۆناغی بەرهەمهێنان. بەپێی داتاکانی کۆمپانیا نەرویجییەکە لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ بە تێکڕای ڕۆژانە لە کێڵگەی نەوتی بەعشیقە تەنها (841) بەرمیل نەوت بەرهەم هێنراوە.

کەواتە لە سەرجەم ئەو کێڵگە نەوتیانەی کە کۆمپانیای (DNO) گرێبەستی هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تێکڕای ڕۆژانە زیاتر لە (94 هەزار 719) بەرمیل نەوتیان بەرهەمهێناوە.

2. **چارەکی دووەمی (2023)؛** دوای ئەوەی دادگای نێوبژیوانی نێودەوڵەتی پاریس بڕیاری لەبارەی دۆسیەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکییەوە دەرکرد،

ئەنجامەکەی ئەوەبوو لە (25ی ئازاری 2023) هەناردەی نەوتی هەرێم بە یەکجاری ڕاگیرا، بووە هۆی ئەوەی لە چارەکی دووەمی هەمان ساڵ، ئاستی بەرهەمی ناوچەی گرێبەستەکانی کۆمپانیاکە بە ڕێژەی (99.9%) دابەزێت بۆ تەنها (65) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

3. **چارەکی سێیەمی (2023)؛** بەپێی دوایین ڕاگەیەندراوی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی، کە لە (16ی ئۆکتۆبەری 2023) بڵاوی کردووەتەوە، کۆمپانیاکە لە (18ی تەموز)ەوە دەستی بە کارەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی ناوچەی گرێبەستی تاوکێ کردووەتەوە، لە چارەکی سێیەمی (2023)دا تێکڕای ئاستی بەرهەمی گەیاندووەتەوە بە (25 هەزار 984) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، بەڵام سەرجەم ئەو بەرهەمە بە کڕیارانی ناوخۆ فرۆشراوەو بەهۆی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمەوە، ڕەوانەی بەندەری جەیهان نەکراوە.

تایبەت بە تێکڕای ئاستی بەرهەمی ئەو کێڵگانەی کۆمپانیای (DNO) کاریان تێدەکات لە چارەکەکانی (یەکەم، دووەم و سێیەمی 2023)، بڕوانە چارتی هاوپێچ؛

**ئاستی بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم (تاوکێ، فیشخابور و بەعشیقە)**
**کۆمپانیای (DNO) کاریان تێدەکات**
**ساڵی (2023) / بەرمیل / ڕۆژانە**



## سەرچاوەکان


- DNO ASA, Q 12023 Interim Results Presentation; https://bitly.ws/XCZ5
- DNO ASA, Q2 2023 Interim Results Presentation; https://bitly.ws/XCZI
- Q3 2023 Trading Update and Invitation to Earnings Call https://bitly.ws/XCZa


## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/10/18) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14004

## داهاتی نەوتی هەرێم

## لەنێوان ئامارەکانی کۆمپانیای دیلۆیت و وەزارەتی دارایی هەرێم

# بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی، داهاتی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بری (61 ملیار و 521 ملیۆن و 631 هەزار و 700) دیناری بە ڕێژەی (2%) زیاترە لەو بڕی کە کۆمپانیای دیلۆی بۆ وردبینی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2023) ڕایگەیاندووە _یان حکومەتی هەرێم لە بازاڕی ڕەشدا دۆلارەکانی بە نرخێکی گرانتر لە نرخی فەرمی خۆی گۆڕیوە_.

# لە چارەکی دووەمی (2023) بەراورد بە چارەیەکی یەکەمی (2023) داهاتی نەوتی هەرێم لە بازاڕی ناوخۆدا بڕی (251 ملیار و 627 ملیۆن و 424 هەزار و 398) دینار بە ڕێژەی (863%) زیادی کردووەو لە (29 ملیار و 169 ملیۆن و 961 هەزار و 920) دینارەوە بەرزبووەتەوە بۆ (280 ملیار و 797 ملیۆن و 386 هەزار و 318) دینار.

## داتاكانی دیلۆیت بۆ داهاتی نەوتی هەرێم لە چارەكی یەكەمی 2023

بەپێی داتاكانی كۆمپانیای دیلویت بۆ وردبینی نەوتی هەرێمی كوردستان، داهاتی هەناردەكراوی نەوتی هەرێم لە چارەكی یەكەمی (2023)دا بریتی بووە لە (2 ملیار و 177 ملیۆن و 585 هەزار و 940 دۆلار، ئەگەر بە نرخی بانكی ناوەندی عێراق داهاتی نەوت لە دۆلارەوە ئاڵوگۆڕی پێكرابێت بە دینار و هەر دۆلارێك لێكدانی (هەزار و 320 دینار بكرێت، ئەوا كۆی داهاتی نەوتی هەناردەكراوی هەرێم لە چارەكی یەكەمی (2023)دا بریتی دەبێت لە (2 ترلیۆن و 874 ملیار و 413 ملیۆن و 440 هەزار و 800) دینار.

هەر بەپێی داتاكانی دیلۆیت بەهای (22 ملیۆن و 98 هەزار و 456 دۆلار داهاتی فرۆشی نەوت بووە لە بازاڕی ناوخۆدا، بەپێی هەمان هاوكێشەی پێشتر داهاتی نەوتی فرۆشراوی ناوخۆ لە چارەكی یەكەمی (2023) بریتی دەبێت لە (29 ملیار و 169 ملیۆن و 961 هەزار و 920 دینار.

بەم پێیەش بەپێی ڕاپۆرتی دیلۆیت كۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە چارەكی یەكەمی (2023)دا بریتی دەبێت لە (ملیارێك و 253 ملیۆن و 187 هەزار و 254) دۆلار، كە هاوتا دەبێت بە (ترلیۆنێك و 654 ملیار و 207 ملیۆن و 175 هەزار و 280)دینار. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1)).

**خشتەی ژمارە (1)**

داهاتی نەوتی هەرێم بەپێی داتاكانی كۆمپانیای دیلۆیت بۆ چارەكی یەكەمی 2023

| داهاتی نەوتی هەرێم بەپێی داتاكانی دیلۆیت | داهات بە دۆلار | داهات بە دینار (1 دۆلار بەرامبەر 1320 دینار) |
|---|---|---|
| داهاتی نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە | $ 2,177,585,940 | 2,874,413,440,800 |
| داهاتی نەوت لە بازاڕی ناوخۆ | $ 22,098,456 | 29,169,961,920 |
| **كۆی داهاتی نەوت** | **$ 2,199,684,396** | **2,903,583,402,720** |

## داتاکانی وەزارەتی دارایی بۆ داهاتی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەم و دووەمی 2023

بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی عێراق، داهاتی هەناردەکراوی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2023)دا واتە لە (2023/1/1 – 2023/3/25) بریتی بووە لە (2 ترلیۆن و 935 ملیار و 935 ملیۆن و 72 هەزار و 500) دینار.

هەر بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی بەهای (309 ملیار و 967 ملیۆن و 348 هەزار و 238) دینار داهاتی فرۆشی نەوت بووە لە بازاڕی ناوخۆدا لە ماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی (2023)دا.

بەم پێیەش کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەم و دووەمی (2023)دا بریتی بووە لە (3 ترلیۆن و 245 ملیار و 902 ملیۆن و 420 هەزار و 738) دینار.

کەواتە، بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی داهاتی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بری (61 ملیار و 521 ملیۆن و 631 هەزار و 700) دیناری بە ڕێژەی (2%) زیاترە لەو بڕی کە کۆمپانیای دیلۆی بۆ وردبینی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2023) ڕایگەیاندووە _یان حکومەتی هەرێم لە بازاڕی ڕەشدا دۆلارەکانی بە نرخێکی گرانتر لە نرخی فەرمی خۆی گۆڕیوە_.

هەرچی دەربارەی داهاتی ئەو بڕە نەوتەیە کە لە بازاڕی ناوخۆدا فرۆشراوە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەپێی داتاکانی کۆمپانیای دیلۆیت (29 ملیار و 169 ملیۆن و 961 هەزار و 920) دینار داهاتی فرۆشی نەوت بووە لە بازاڕی ناوخۆدا، لە چارەکی یەکەمی (2023)دا.

لە کاتێکدا بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی بەهای (309 ملیار و 967 ملیۆن و 348 هەزار و 238) دینار داهاتی فرۆشی نەوت بووە لە بازاڕی ناوخۆدا لە ماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی (2023)دا.

بەم پێیەش داهاتی نەوتی هەرێم لە بازاڕی ناوخۆدا لە چارەکی دووەمی (2023) بریتی بووە لە (280 ملیار و 797 ملیۆن و 386 هەزار و 318) دینار و لەگەڵ داهاتی چارەکی یەکەمدا گەیشتووە بە (309 ملیار و 967 ملیۆن و 348 هەزار و 238) دینار. بە مانایەکی دیکە لە چارەکی دووەمی (2023) بەراورد بە چارەیەکی یەکەمی (2023) داهاتی نەوتی هەرێم لە ناوخۆدا بڕی (251 ملیار و 627 ملیۆن و 424 هەزار و 398) دینار بە رێژەی (863%) زیادی کردووە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2))

**خشتەی ژمارە (2)**

داهاتی نەوتی هەرێم بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی و کۆمپانیای دیلۆیت بۆ چارەکی یەکەم و دووەمی 2023 - بە دینار

| داهاتی نەوتی هەرێم | داتاکانی کۆمپانیای دیلۆیت (چارەکی یەکەمی 2023) | داتاکانی وەزارەتی دارایی | | | بڕ و رێژەی جیاوازی داهاتی نەوتی هەناردەکراو و بەرزبوونەوەی داهاتی فرۆشی نەوت لە بازاڕی ناوخۆ لە نێوان چارەکی یەکەم و دووەمی 2023 |
|---|---|---|---|---|---|
| | | چارەکی یەکەمی 2023 | چارەکی دووەمی 2023 | نیوەی یەکەمی 2023 | |
| داهاتی نەوت لە رێگەی بۆرییەوە | 2,874,413,440,800 | 2,935,935,072,500 | 0 | 2,935,935,072,500 | (%2+) 61,521,631,700 |
| داهاتی نەوت لە بازاڕی ناوخۆ | 29,169,961,920 | 29,169,961,920 | 280,797,386,318 | 309,967,348,238 | (%863+) 251,627,424,398 |
| **کۆی داهاتی نەوت** | **2,903,583,402,720** | **2,965,105,034,420** | **280,797,386,318** | **3,245,902,420,738** | DRAW |



# خشتەی ژمارە ١

داهاتی راستەقینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣

| جۆری داهات | بڕی بە دینار |
|---|---|
| داهاتی فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوت لە ١\١ تا ٣\٢٥ | ٢,٩٣٥,٩٣٥,٠٧٢,٥٠٠ |
| بەهای نرخی نەوتی تەرخانکراو بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی لە ٢٠٢٣/١/١ تا ٢٠٢٣/٦/٣٠ | ٣٠٩,٩٦٧,٣٤٨,٢٣٨ |
| **داهاتی نانەوتی** | ٢,٠٧٤,٥٩٧,٦٠٣,٠٠٠ |
| گۆژمەی پارەی رەوانەکراو لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵییەوە وەك شایستەی هەرێم | ٩٩٨,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| گوژمەی قەرزی رەوانەکراو بۆ هەرێم لە لایەن بانکەکانی ( رافیدەین، رەشید، بانکی بازرگانی عێراق) | ١,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| کۆی داهاتەکان | ٧,٩١٨,٥٠١,٠٢٣,٧٣٨ |

# خشتەی ٢

کۆی خەرجی راستەقینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شەش مانگی یەکەم ساڵی ٢٠٢٣

| جۆری خەرجی | تێچو بە دینار |
|---|---|
| **خەرجی موچە** | ٥,٦٤٦,٥٧٢,٨٨٠,٠٠٠ |
| پێدانی بەشێك لە تێچوی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت و شایستەی کۆمپانیا نەوتییەکان | ١,٦٠٠,١٤٦,٥٧١,٤٥٠ |
| پێدانی بەشێك لە تێچوی کڕینەوەی وزەی کارەبا لە وێستگەکانی کەرتی تایبەت | ١٢٩,٨١٥,٠٤٢,٤٠٠ |
| خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی هەرێمەکان | ٣٧١,٩٦٩,٧٢٣,٠٠٠ |
| خەرجییەکانی دیکەی بەکاربردن | ٦٤٦,٩٩٧,٢٨٥,٧٨٨ |
| کۆی گشتی خەرجییەکان | ٨,٣٩٥,٥٠١,٥٠٢,٦٣٨ |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/10/22) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14028

## داهاتی نەوتی هەرێم لە شەش مانگی یەکەمی 2023دا

بەگوێرەی راپۆرتی وەفدی حکومەتی هەرێم کە رۆژی 18ی ئەم 10ی 2023 لەبەردەم لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق خراوەتەڕوو، پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بەمشێوەیە بووە:

1. تێکڕای هەناردەو فرۆشی نەوت لە 2023/1/1 بۆ 2023/3/25 بریتیی بووە لە (352 هەزارو 83) بەرمیل نەوتی رۆژانە. (هەناردەی نەوتی هەرێم لەلایەن تورکیاوە لە 25ی ئازاری ئەمساڵدا راوەستا.
2. لە 25ی حوزەیرانەوە کە یاسای بودجەی عێراق کەوتوتەتە بواری جێبەجێکردن تاوەکو رۆژی 14ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ (واتا لەماوەی 100 رۆژدا)، حکومەتی هەرێم بڕی (8 ملیۆنو 43 هەزارو 594) بەرمیل نەوتی رادەستی وەزارەتی نەوتی عێراق کردووە بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی، واتا لەم ماوەیەدا بە تێکڕا رۆژانە هەرێم نزیکەی (80 هەزار) بەرمیل نەوتی رادەستی عێراق کردووە، کەچی لەم ماوەیەدا حکومەتی عێراق هیچ بڕە پارەیەکی بۆ بەرهەمهێنانو گواستنەوەی ئەم بڕە نەوتە خەرج نەکردووە.
3. بە تێکڕا بڕی نەوتی بەرهەمهێنراوی نەوتی هەرێم لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بریتی بووە لە (10 ملیۆنو 200 هەزارو 524) بەرمیل.
4. داهاتی نەوتی بەرهەمهێنراوی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ بریتی بووە (309 ملیارو 967 ملیۆن) دینار.

داهاتی نەوتی هەرێم لە شەش مانگی یەکەمی 2023دا
بڕی (309 ملیارو 967 ملیۆن) دینار بووە

| ووردەکاری | بڕ بە بەرمیل |
| --- | --- |
| تێکڕای هەناردەو فرۆشی رۆژانەی نەوت لە 2023/1/1بۆ2023/3/25 | بەرمیل 352,083 |
| تێکڕای بڕی نەوتی رادەستکراوی هەرێم بە وەزارەتی نەوتی عێراق لە 2023/10/14 - 2023/6/25<br>لەو ماوەیەدا هەرێمی کوردستان هیچ بڕە پارەیەکی گواستنەوەو بەرهەمهێنانی نەوتی وەرنەگرتووە | بەرمیل 8,043,594 |
| تێکڕا بڕی نەوتی بەرهەمهێنراوی هەرێم بۆناوخۆ<br>2023/6/30 - 2023/1/1 | بەرمیل 10,200,524 |
| تێکڕای داهاتی نەوتی بەرهەمهێنراوی هەرێم بۆناوخۆ<br>2023/6/30 - 2023/1/1 | 309,967,348,238 دینار |

**هاوپێچی سێیەم (راپۆرتی دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی یەکەمی 2023)**

**هاوپێچی چوارەم (بەشێکی گرنگی ڕاپۆرتەکەی حکومەتی هەرێم کە پێشکەشی حکومەتی عێراق کردووە خراوەتەڕوو)**

## تێبینی

ئەم هەواڵە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/10/21) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14020

## بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی گرێبەستەکانی گەنێڵ ئەنێرجی تورکی لە چارەکی سێیەمی 2023
## ئاستی بەرهەمی تەق تەق و سارتە (سفر) و لە تاوکێ (25 هەزار و 980) بەرمیلی رۆژانە بووە

**بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای "گەنێڵ ئەنێرجی"ی تورکی، لە سەرجەم ئەو کێڵگە نەوتیانەی هەرێمی کوردستان کە کۆمپانیاکە تێدا پشکدارە، لە چارەکی سێیەمی (2023)دا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەم جۆرە بوە؛**

# ئاستی بەرهەمی نەوتی ڕۆژانە لەناوچەی گرێبەستی تاوکێ (25 هەزار و 980) بەرمیل بووە، بەراورد بە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ کە رۆژانە (93 هەزار و 880) بەرمیل نەوت بەرهەمەکەی بووە، بە ڕێژەی (72%) دابەزیوە.

# لە چارەکی سێیەمی (2023)دا ئاستی بەرهەمی نەوتی ڕۆژانە، لە کێڵگەی نەوتی تەق تەق بە ڕێژەی (100%) دابەزیوە. بەراورد بە چارەکی یەکەمی (2023) کە تێیدا رۆژانە (3 هەزار و 610) بەرمیل نەوتی رۆژانە بەرهەمی هەبووە.

# لە چارەکی سێیەمی (2023)دا بە هامان شێوەی کێڵگەی نەوتی تەق تەق ئاستی بەرهەمی نەوتی ڕۆژانە لە کێڵگەی نەوتی سارتە بە ڕێژەی (100%) دابەزیوە. بەراورد بە چارەکی یەکەمی (2023) کە تێیدا رۆژانە (3 هەزار و 160) بەرمیل نەوتی رۆژانە بەرهەمی هەبووە.

## ئاستی بەرهەم لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ چارەکی سێیەمی (2023)

ڕۆژی (2023/11/14) کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی ڕایگەیاند، لەو کێڵگە نەوتییانەی کاری تێدا دەکات لە چارەکی سێیەمی (2023) ئاستی بەرهەمی کێڵگەی تاوکێ گەیشتووە بە (25 هەزار و 980) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لە هەردوو کێڵگەکانی (تەق تەق و سارتە) کە کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی کاریان تێدا دەکات، لە دوای ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم لە (2023/3/25)ەوە بە پێی بڕیارەکەی دادگای نێوبژیوانی نێودەوڵەتی پاریس دەست بە بەرهەمهێنانی نەوت لەو دوو کێڵگەیەی یەکەم نەکراوەتەوە ئەگەرچی لە چارەکی دووەمی ئەمساڵدا بە ئاستێکی زۆر نزم بەرهەمیان هەبووە، بەڵام لە چارەکی سێیەمی ئەمساڵدا هەردوو کێڵگەی نەوتی (تەق تەق و سارتە) هیچ بەرهەمێکیان نەبووە.

ئەمە لە کاتێکدایە لە چارەکی یەکەمی (2023) ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی سنوری کاری کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی بەم شێوەیە بووە؛

- کێڵگەی نەوتی تاوکێ بەتێکڕا (93 هەزار و 880) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەبووە.
- کێڵگەی نەوتی تەق تەق بەتێکڕا (3 هەزار و 610) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەبووە.
- کێڵگەی نەوتی سارتە بەتێکڕا (3 هەزار و 160) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەبووە.

تایبەت بە تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی هەرسێ لێڵگەی نەوتی (تاوکێ، تەق تەق و سارتە) لە سنوری ناوچەی گێبەستەکانی گەنێڵ ئەنێرجی لە

نێوان چارەکی یەکەمی و چارەکی سێیەمی (2023) بڕوانە چارتی ژمارە (1).




## گەنێڵ ئەنێرجی لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای "گەنێڵ ئەنێرجی"ی تورکی هەیە لە هەر یەک کێڵگەکانی (تاوکێ، تەق تەق، سارتە و قەرەداغ)، سێ کێڵگەی یەکەمیان لە پێش بڕیاری ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم لە بەرهەمهێناندا بوون. بەڵام لە دوای (2023/3/25) بەرهەمهێنان لەو کێڵگانەش ڕاگیراوە، بەڵام تەنها کێڵگەی نەوتی (تاوکێ) بە ئاستێکی نزم دەستی بە بەرهەمێنان کردەوە

به جۆرێک تێکڕای بەرهەمی کێڵگەکە لە چارەکی سێیەمی 2023 گەیشتووە بە سەرو (25 هەزار) بەرمیک نەوتی رۆژانە، سەبارەت بە وردە کاری هەر کێڵگەیەک، زانیارییەکان بەم جۆرەن؛

**یەکەم؛ کێڵگەی تاوکێ**

هەریەک لە کۆمپانیاکانی دی ئێن ئۆی (DNO)ی نەرویجی وکۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی (Genel Energy) تورکی لە کێڵگەی تاوکێ خاوەن پشکن. کۆمپانیای دی ئێن ئۆ (DNO) خاوەنی (75%)ی پشکەکانەو گەنێڵ ئەنێرجی خاوەنی (25%)ی پشکەکانە. ناوچەی گرێبەستی تاوکێ لە پارێزگای دهۆکە.

**دووەم؛ کێڵگەی تەق تەق**

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە ناحیەی "تەق تەق"ەوە لە قەزای کۆیە، ڕووبەرەکەی (951) کیلۆمەتر دووجایە، پشکەکانی کێڵگەی ناوبراو دابەشبوون بەسەر کۆمپانیای "ئەداکس پیترۆلیۆم" کە (36%)ی پشکەکان و "گەنێڵ ئەنێرجی" تورکی (44%)ی پشکەکان و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

**سێیەم؛ کێڵگەی سارتا**

کێڵگەی سارتا دەکەوێتە پارێزگای هەولێرەوە، "گنێڵ ئەنێرجی" (30%)ی پشکەکان و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

**چوارەم؛ کێڵگەی قەرەداغ**

دەکەوێتە پارێزگای سلێمانییەوە لە ناوچەی قەرەداغ و خۆرهەڵاتی چیای سەگرمە و ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەربەندیخان و ڕووبەری ئەم بلۆکە (846) کیلۆمەتر دووجایە، پێشتر (80%)ی پشکەکانی درا بە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبایل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکەکانی بۆ (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستان مایەوە. بەڵام دوای کشانەوەی کۆمپانیا ئەمریکییەکە (40%)ی پشکەکانی دراوە بە کۆمپانیای "گەنێڵ ئەنێرجی"ی تورکی. بەڵام تا ئێستا ئەم کێڵگەیە نەگەیشتووە بە بەرهەمهێنان و کۆمپانیا تورکییەکە بەردەوامە لە کارکردن تێیدا.

## سەرچاوە

- Genel Energy plc Trading and operations update, Genel Energy plc ('Genel' or 'the Company') issues the following trading and operations update relating to Q1 2023, ahead of the Company's Annual General Meeting ('AGM'), which is being held today, 11 May 2023;

https://bitly.ws/39IzM

- Genel Energy plc Trading and operations update, Genel Energy plc ('Genel' or 'the Company') issues the following trading and operations update in respect of the third quarter and first nine months of 2023, 14 November 2023;

https://bitly.ws/39IzQ

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/11/16) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14198

## کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ ڕۆژانە (30) هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت بەرمیلی بە (39) دۆلار لە ناوخۆی هەرێم فرۆشراوە

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئێنەرجی) ئەمریکی لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ؛

# تێکڕای بەرهەمی گشتی کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ لە ماوەی چارەکی سێیەمی (2023)دا (32 هەزار و 28)بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بووە. لە کاتێکدایە لە چارەکی سێیەمی (2022)دا بەرهەمی کێڵگەکە (30 هەزار و 58)بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بووە، واتا ئاستی بەرهەم (هەزار و 970) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە ڕێژەی (7%) زیادی کردووە.

# بە تێکڕا لە ماوەی (1ی کانونی دووەمی 2023 – 30ی ئەیلولی 2023) بەرهەمی نەوتی کێڵگەکە (26 هەزار و 862) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بووە، بەڵام لە هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو بە تێکڕا بەرهەمەکەی بریتی بووە لە (29 هەزار و 834) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، واتا (2 هەزار و 972) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە ڕێژەی (10%) کەمی کردووە.

# هەموو فرۆشتێکی نەوتی بەرهەمهێنراو لە ماوەی چارەکی سێیەمی (2023)دا بۆ بازاڕی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بووەو هەر بەرمیلێکیش بە (38.95) دۆلار فرۆشراوە، لە کاتێکدا لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022)دا (89.32) دۆلار بووە.

## کۆمپانیای (HKN)ی ئەمریکی لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ

کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ دەکەوێتە سنوری (پارێزگای دهۆک)ەوە، ڕوبەری کێڵگەکە (420) کیلۆمەتر دووجایە، دابەشبووە بەسەر دوو ناوچەی نەوتی جیاوازدا کە بریتین لە ناوچەی (سوارە توکەو ڕۆژهەڵاتی سوارە توکە)، هەر یەکێک لەو دوو ناوچەیە سێ کۆگای نەوتی سەربەخۆی تێدایە.

پشکی (62%)ی کێڵگە نەوتییەکە کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئێنەرجی) ئەمریکی کاری تێدا دەکات، (18%)ی پشکەکانی کێڵگەکە کۆمپانیای (شاماران)ی کەنەدی لە کانوونی دووەمی 2021 ەوە لە (تۆتاڵ)ی فەرەنسی کریوەتەوە، بەم شێوەیەش شاماران لە هەردوو کێڵگەی ئەتروش و سەرسەنگ بووە خاوەن پشک. پشکی (20%)ی کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم کوردستان.

کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن ئینێرجی لە ساڵی 2007 لەلایەن (ڕۆس پیرۆت جونیۆر) دامەزراوە، کۆمپانیایەکی تایبەتی وزەی سەربەخۆیە و کاری گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوتی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

بارەگای سەرەکی کۆمپانیاکە لە شاری دالاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو لقی لە هەردوو شاری تەکساس و هەولێر هەیە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئێنەرجی) ئەمریکی لە (29ی نۆڤێمبەری 2023) بۆ (چارەکی سێیەمی 2023) خستوویەتیەڕوو؛

- هێڵی بۆری عێراق-تورکیا (ITP) کە لە 25ی ئازاری 2023 داخرابوو، تا ئێستاش داخراوی ماوەتەوە.

- دانوستانەکانی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕێکخستنە بازرگانییەکان بەردەوامن، بەڵام هیچ کاتی ڕوون بۆ کردنەوەی بۆرییەکەو هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم بوونی نییە.
- کۆمەڵەی پیشەسازی نەوت لە کوردستان (APIKUR) کە کۆمپانیای HKN ئەندامیەتی، لەم دواییانەدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم لە پەیوەندیدا بوونە، بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت و بە لێکتێگەیشتنی باش گەیشتوون.
- HKN بەنیازی ئەوە نییە هەناردەکردن لە ڕێگەی بۆرییەوە دەستپێبکاتەوەو بەبێ دڵنیابوون لە پارەدان بەپێی مەرجەکانی گرێبەستی ئێستایان. هێشتا ڕێگایەکی ڕوون نابینن بۆ ئەوەی کۆمپانیای HKN لە ماوەیەکی نزیکدا نەوت بە نرخی بازاڕی جیهانی بفرۆشێت.

## دەرەنجامی کارەکانی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن ئێنرجی لە چارەکی سێیەمی (2023) لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ

1. تێکڕای بەرهەمی گشتی  کێڵگەی نەوت سەرسەنگ لە ماوەی چارەکی سێیەمی (2023)دا (32 هەزار و 28)بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بووە. ئەمە لە کاتێکدایە بەرهەمی نەوتی کێڵگەی ناوبراو لە چارەکی سێیەمی (2022)دا (30 هەزار و 58)بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بووە، بەم پێیەش تێکڕای ئاستی بەرهەمهێنان لە چارەکی سێیەمی ئەمساڵ بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی پار

(هەزار و 970) بەرمیل نەوتی رۆژانە بە ریژەی (7%) زیادی کردووە.

بەلام بە تێکڕا لە ماوەی (1ی کانونی دووەمی 2023 – 30ی ئەیلولی 2023) بەرهەمی نەوتی کێڵگەکە (26 هەزار و 862) بەرمیل نەوتی رۆژانە بووە، بەلام لە هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو بە تێکڕا بەرهەمەکەی بریتی بووە لە (29 هەزار و 834) بەرمیل نەوتی رۆژانە، بەم پێیەش تێکڕای ئاستی بەرهەمهێنان لە سێ چارەکی یەکەمی ئەمساڵ بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی پار (2 هەزار و 972) بەرمیل نەوتی رۆژانە بە ریژەی (10%) کەمی کردووە.

- بەرهەمهێنان لە کێڵگەی سوارە توکە لە (3ی تشرینی یەکەم)ەوە دەستی پێکردووەتەوە، کە بەشی گرنگ و سەرەکی کێڵگە نەوتییەکەیە شەش بیری نەوتی تێدایەو توانای بەرهەمهێنانی (29 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەیە بە کولێتیەکی بەرزی (36 – 39 API)
- بەرهەمهێنان لە رۆژهەلاتی سوارە توکە (کە بەشێکی دیکەی کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ پێکدەهێنێت) بە وەستاوی دەمێنێتەوە.

2. داهات بۆ چارەکی سێیەمی ساڵی 2023 بەڕێژەی (53.5%) کەمیکردووە لەچاو ماوەی ساڵی 2022و کەمبوونەوەکە ڕەنگدانەوەی بەرزبوونەوەی (6.6%)ی بەرهەمهێنان و دابەزینی (56.4%)ی نرخی بەدیهاتوو بووە.

- هەموو فرۆشتێکی نەوتی بەرهەمهێنراو لە ماوەی چارەکی سێیەمدا بۆ بازاڕی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بووە.

- نرخی نەوت لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2023)دا (38.95) دۆلار بووە، لە کاتێکدا لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022)دا (89.32) دۆلار بووە.
- بڕی (126 هەزار) بەرمیل نەوت تا 30ی ئەیلول نەفرۆشراوەو لەدەرەوەی کێڵگەکەدا کۆگا کراوە.

## پوختەی دەرەنجامی کارەکانی کۆمپانیای (HKN) لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ

پوختەی دەرەنجامی کارەکانی کۆمپانیای (HKN) لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ

| پرۆسەی نەوت | چارەکی سێیەمی 2023 | چارەکی سێیەمی 2022 | سێ چارەکی یەکەمی 2023 | سێ چارەکی یەکەمی 2022 |
|---|---|---|---|---|
| کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان (بەرمیل/ ڕۆژانە) | 32,028 | 30,058 | 26,862 | 29,834 |
| پوختەی بەرهەمهێنان (62%)ی پشکی کۆمپانیا (بەرمیل/ ڕۆژانە) | 19,857 | 18,636 | 16,655 | 18,497 |
| داهات | $ 44,642,000 | $ 96,075,000 | $ 145,836,000 | $ 307,795,000 |
| کۆی خەرجی کار | $ 41,694,000 | $ 58,234,000 | $ 93,382,000 | $ 223,034,000 |
| خەرجی سەرمایەگوزاری | $ (7,169,000) | $ (32,336,000) | $ (46,311,000) | $ (81,971,000) |
| خەرجی بەگەڕخستن | $ 34,525,000 | $ 25,898,000 | $ 47,071,000 | $ 141,063,000 |

## سەرچاوە

- ڕاپۆرتی کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئێنەرجی) ئەمریکی، بۆ چارەکی سێیەمی ساڵی 2023.
- HKN ENERGY; Q3 2023 – Management Update, November 29, 2023

https://bitly.ws/34Gj6

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/12/6) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart–id=14302

## دانوستانی ئەپیکورو عێراق بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم

> کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە دوبەی لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق کۆبونەتەوە، داوای قەرزەکانیان لە حکومەتی هەرێم کردوەتەوە، مەترسی خۆیان نیشانداوە لە دەستکاریکردنی گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمو پێشنیازی ئەوەیان کردووە پشکی خۆیان لە نەوتی هەرێم بە وەزارەتی نەوتی عێراق بفرۆشن، ئاڵنگارییەکانی بەردەم دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێم چین؟ وردەکاری لەم راپۆرتەدا .

### لە دوبەی کۆبونەوە

کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت لە هەرێمی کورستان لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی نەوتی عێراقو کۆمپانیای بەبازارڕخستنی نەوتی عێراق "سۆمۆ"و کۆمپانیای نەوتی باکور کۆبونەوە، کۆبونەوەکە لە (دوبەی) بەڕێوەچوو .

کۆمپانیا بیانییەکانی هەرێمی کوردستان خۆیان لەچوارچێوەی گروپێکدا بەناوی "گروپی پیشەسازی نەوتی کوردستان – ئەپیکور" رێکخستووە، ئەم گروپە هەریەکە لە کۆمپانیاکانی(DNO ، Genel Energy، Gulf Keystone Petroleum، HKN Energy، ShaMaran Petroleum)لەخۆدەگرێت .

بەپێی راگەیەندراوی "ئەپیکور"، لە کۆبونەوەکەی دوبەیدا، باس لە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان کراوە لەرێگەی

بۆری عێراق- تورکیاوە کە لەبەرەبەیانی رۆژی 25ی ئازاری ئەمساڵەوە راوەستاوە.

## پێشنیازێک بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت

کۆمپانیا بیانییەکانی هەرێمی کوردستان پێشنیازێکیان بۆ خێرا دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێم خستوەتە بەردەم وەزارەتی نەوتی عێراق، پێشنیازەکە ئەوەیە" کۆمپانیای سۆمۆ لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت لە هەرێمی کوردستان دانوستان بکات لەبارەی کڕینو فرۆشتنی نەوت لەم کۆمپانیایانە، چونکە بەگوێرەی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ حکومەتی هەرێم کردویانە کە گرێبەستی پشکی بەرهەمهێنانە، ئەم کۆمپانیایانە مافی ئەوەیان پێدراوە پشکی نەوتی خۆیان بفرۆشن."

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان دەیەوێت لەچوارچێوەی دانوستانێکدا پشکی خۆی لە نەوتی کێڵگەکانی هەرێم کوردستان بفرۆشێت بە وەزارەتی نەوتی عێراقو کۆمپانیای سۆمۆ، هاوشێوەی ئەوەی کۆمپانیای هیلالی ئیماراتی غازی کێڵگەی کۆرمۆری فرۆشتووە بە وەزارەتی نەوتی عێراقو بەبۆری دەگوازرێتەوە بۆ وێستگەی کارەبای کەرکوک .

## داوای قەرزەکانی لە حکومەتی هەرێم دەکاتەوە

ئەپیکور مەرجێکی تریشی هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێم هەیەو بە وەزارەتی نەوتی عێراقی وتووە:" دەبێت رێککەوتنێکی روونو وردو یاسایی هەبێت بۆ فرۆشتنو هەناردەی نەوت، لەناویشیاندا پێدانی پارەی فرۆشی نەوت لە رابردوو و داهاتوودا." بەگوێرەی راگەیەندراوێکی سەرەتای ئۆکتۆبەری رابردووی گروپی

پیشەسازی نەوتی کوردستان، گروپی ئەپیکور بڕی (یەک ملیار) دۆلاری پارەی لای حکومەتی هەرێمەو هێشتا پێی نەدراوەتەوە، ئەم کۆمەڵەیە هۆشداری ئەوەی بە هەردوو حکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراق داوە تەنانەت ئەگەر هەناردەی نەوتیش لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق–تورکیاوە دەستپێبکاتەوە، ئەوان لە دۆخێکدا نین نەوت لە هەرێمی کوردستان بەرهەمبهێنن تا دڵنیا نەبن لەوەی چۆن پارەیان پێدەدرێت .

## ترس لە دەستکاریکردنی گرێبەستەکان

15ی شوباتی 2022 دادگای فیدراڵی عێراق بڕیارێکی لەدژی هەرێمی کوردستان دەرکرد، بەپێی ئەم بڕیارە یاسای نەوتو غازی هەرێمی هەڵوەشاندەوەو حکومەتی هەرێمی پابەند کرد بەوەی نەوتو غازەکەی رادەستی بەغداد بکات، لەدوای ئەم بڕیارەوە حکومەتی پێشووی عێراق چەند هەنگاوێکی گرتەبەر بۆ ناچارکردنی کۆمپانیا بیانییەکانی هەرێم بۆ تازەکردنەوەی گرێبەستی کارکردنیان لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق، بەوپێیەی ئەم وەزارەتە گرێبەستەکانی هەرێمی بەدڵ نییەو دەیەوێت لەگەڵ گرێبەستەکانی عێراق هاوتای بکات، لە کۆبونەوەکەی دوێنێی دوبەیدا، نوێنەرەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق دڵنیاییان بە نوێنەری کۆمپانیا بیانییەکانی هەرێم داوە رێز لە قەرزەکانی رابردوویان دەگیرێت، بەڵام:" رێکخستنی گرێبەستەکان هەمووان پەسەندی بکەن ."
کۆمپانیا بیانییەکانی هەرێم ترسیان هەیە وەکو ئەوەی پێشتر وەزارەتی نەوتی عێراق کاری لەسەرکردووە، گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەموار بکرێتەوەو لە گرێبەستی "شەراکەت"ەوە بکرێت بە گرێبەستی "خزمەتگوزاری"، بۆیە لە گفتوگۆکەی دوبەیدا نوێنەری ئەپیکور داوایکردووە" مەرجە بازرگانییەکانی ئێستا وەک خۆیان بمێننەوەو گرێبەستەکانی پشکی بەرهەمهێنان کاریان پێبکرێت."

## ئاڵنگارییەکی تر

یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی تری بەردەم پرۆسەی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان نرخی بەرهەمهێنانو گواستنەوەی نەوت بەپێی ئەوەی لە یاسای بودجەدا دیاریکراوە، ئەمەش بەربەستێکی تری بۆ کارکردنی کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێم دروستکردووە.

لە یاسای بودجەدا عێراق، خەرجی بەرهەمهێنانو گواستنەوەی نەوتی زۆر بە کەمتر لەو نرخە ئەژمارکردووە کە بەشێوەیەکی فعلی لە کوردستان هەیە.

یاسای بودجەی فیدراڵ نرخی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی بەهەمان ئەو نرخە ئەژمارکردووە کە لە عێراق هەیە، لەسەر ئەم بنەمایە بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت بڕی (6) دۆلاری دیاریکردووە، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی قسەی کەمال محەمەد وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم بە وەکالەت، تێچووی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت لە هەرێم بڕەکەی (24) دۆلارەو تیچووی گواستنەوەی هەر بەرمیلێکیش (7) دۆلارە، واتا بە تێکڕای خەرجی وەبەرهێنانو گواستنەوەی نەوتی هەرێم بۆ هەر بەرمیلێک (31) دۆلار دەکەوێت.

یاسای بودجەی فیدراڵ ڕێگە بەوە نادات لە داهاتی نەوتی هەرێم پارە بۆ هیچ مەبەستێک ببڕدرێت، بودجە بەرپرسیارێتی دابینکردنی هەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوتی لە هەرێمی کوردستانو خەرجی بەرهەمهێنانو گواستنەوەی 400 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی خستوەتە ئەستۆی وەزارەتی دارایی عێراق.

بودجە پارەی وەبەرهێنانو گواستنەوەی نەوتی هەرێمی لە خشتەیەکدا دیاریکردووە کە بڕەکەی (3 ترلیۆنو 876 ملیار) دینارە بۆ یەک ساڵ، ئەم بڕە پارەیە کورتهێنانی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان.

بەگوێرەی لێکدانەوەیەک کە ئامانج رەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کردویەتی:

- کۆی گشتی خەرجی خەملێندراو بۆ گواستنەوەی بڕی (400 هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانە بۆ ساڵی 2023 بریتییە لە (1 ترلیۆنو 428 ملیار) دینار.
- کۆی گشتی خەرجی خەملێندراو بۆ وەبەرهێنانو هەناردەکردنی بڕی (400 هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانە بۆ ساڵی 2023 بریتییە لە (2 ترلیۆنو 448 ملیار) دینار.

واتا بە تێکڕا خەرجی وەبەرهێنانو گواستنەوەی نەوتی هەرێم لە ساڵی 2023دا بڕەکەی بە (3 ترلیۆنو 876 ملیار) دینار دیاریکراوە، ئەم پارەیە بڕەکەی بە دۆلار دەکاتە (2 ملیارو 980 ملیۆن) دۆلار. هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022 بڕی (6 ترلیۆنو 695 ملیار) دیناری بۆ خەرجییەکانی نەوت خەرجکردووە، بەڵام لە بودجەی عێراقدا (3 ترلیۆنو 876 ملیار) دیناری تەرخانکردووە، لێرەدا حکومەتی هەرێم توشی کورتهێنانێک دەبێت کە بڕەکەی (2 تریلیۆنو 800 ملیار) دینارە، وەکو سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران دەڵێ" ئەم کورتهێنانە هیچ تەرخانکراوێکی بۆ نەکراوە لەناو بودجەی عێراقو هەرێمی کوردستانیش ناتوانێت پڕی بکاتەوە."

ئێستا کە تورکیا ئامادەیی خۆی بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان نیشانداوە، هێشتا دیار نییە ئایا کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت ئامادەن بەو نرخەی کە عێراق دیاریکردووە (6 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک) نەوت بۆ هەرێمی کوردستان بەرهەمبهێنن، بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم باسلەوە دەکات کۆمپانیاکان وتویانە ئامادە نین بەو پارەیە کاربکەن.

## قەرزەکانی کەرتی نەوتی هەرێم

کەرتی نەوتی هەرێم کێشەیەکی تریشی هەیە کە ئەویش قەرزی پێشووی هەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوتو پارەی وەرگیراوی پێشەکی نەوتی فرۆشراوی پێشوەختەیەو بە تێکڕا بڕەکەی (8 ملیارو 623 ملیۆن) دۆلارەو ئەم قەرزەش هیچ چارەسەرێکی لە یاسای بودجەدا بۆ دیاری نەکراوەو نازانرێت حکومەتی هەرێم چۆن ئەم پارانە دەگێڕێتەوە .

# دەقی راگەیەندراوەکەی ئەپیکور

APIKUR

8ی تشرینی دووەمی 2023

**کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان**
**ئەپیکور و بەرپرسانی حکومەتی عێراق لە دوبەی کۆبوونەوە**

**خاڵە گرنگەکان :**

ئەمرۆ ئەپیکور و بەرپرسانی حکومەتی عێراق لە دوبەی کۆبوونەوە.

ئامانجی ئەپیکور دەستپێکردنەوەی هەرچی زووتری هەناردەی نەوتە لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە، ئەمەش لەرێگەی پێشنیازێکەوە بۆ فرۆشتنی پشکی نەوتی کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور بە وەزارەتی نەوتی عێراق و سۆمۆ .

8ی تشرینی دووەمی 2023 نوێنەرانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان و نوێنەرانی وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراق و سۆمۆ و کۆمپانیای نەوتی باکوور لە دوبەی کۆبوونەوە. ئەمەش یەکەم کۆبوونەوەی ئەو گروپانە بووە .

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور) و نوێنەرانی حکومەتی عێراق، جەختیان لەوە کردەوە چەندە گرنگە لەسەر رێککەوتنێکی دوو لایەنە و پەسەند هەرچی زووتر بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت بۆ بازاری وزەی جیهان دەستپێبکاتەوە. وەک خێراترین رێگە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا، ئەپیکۆر پێشنیازی کرد سۆمۆ لەبارەی گرێبەستەکانی کرین و فرۆشتنی نەوتی خاو لەگەڵ ئەندامی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان دانوستان بکات. بەگوێرەی گرێبەستی پشکی بەرهەمهێنان، کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکۆر مافی ئەوەیان هەیە پشکی بەرهەمی نەوتی خۆیان بفرۆشن، لە کۆبوونەوەکەدا باسیان لەوەکرد، چۆن ئەندامانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان نەوت بفرۆشنە وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای سۆمۆ، بۆئەوەی دواتر لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە بگوازرێتەوە بۆ بازارەکانی جیهان .

نوێنەرانی ئەپیکۆر ئاماژەیان بەوەداوە دەتوانن دەستبە بەرهەمهێنانی تەواوی نەوت بکەنەوە، ئەگەر رێککەوتنێکی روون و ورد و یاسایی هەبێت بۆ فرۆشتن و هەناردەی نەوت، لەناویشیاندا پێدانی پارەی فرۆشی رابردوو و داهاتووش .

شاندنی حکومەتی عێراق دانیەوەداناوە، دەبێت قەرزەکانی رابردوو رێزیان لێبگرێت و رێکخستنی گرێبەستەکانیش هەمووان پەسەندیان بکەن، لەناویشیاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان. نوێنەرانی ئەپیکۆر جەختیانکردەوە، پێویستە مەرجە بازرگانیەکانی ئێستا وەک خۆیان بمێننەوە و گرێبەستەکانی پشکی بەرهەمهێنان کاریان پێدەکرێت .

خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، بەهۆی راگرتنی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا، لەرووی ئابوورییەوە بەردەوام زیانیان پێدەگات، هەروەها نەبوونی رێککەوتنێکی بازرگانی کە ب وەبەرهێنانی بیانی بپارێزێت و لە داهاتووش هانی وەبەرهێنانی بیانی بدات لە عێراق. ئەندامانی ئەپیکۆر بەردەوام دەبن لە کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و دەستپێکردنەوەی تەواوەتی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی هەموو عێراقییەک.

**-کۆتایی-**

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/11/9) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14157

## دادگای لەندەن و مەرجەکانی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت

> کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان هەڕەشەی پەنابردن بۆ دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لەندەن دەکەن، ئەگەر لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی نوێی نێوان هەولێرو بەغداد دەستکاری گرێبەستی کارکردنیان بکرێت، ئەم کۆمپانیایانە (4) مەرجیان هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت، وردەکاری مەرجو داواکاری کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێم لەم راپۆرتەدا.

### ئەپیکور.. راگەیەندراوێکی نوێ

کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان هۆشداری دەدەن لە دەستکاریکردنی گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم .

گرووپی پیشەسازی نەوتی کوردستان "ئەپیکور" کە نوێنەرایەتی کۆمپانیاکانیDNO) ، Genel Energy، Gulf Keystone Petroleum، HKN Energy، ShaMaran Petroleum)دەکات، لە راگەیەندراوێکی نوێدا دەڵێ:" گفتوگۆکانی نێوان بەرپرسانی حکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی ئەرێنی بەرەو دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانو هەناردەکردنەوەی نەوت نیشان دەدات."

## به دادگای لەندەن هەڕەشە دەکەن!

گروپی پیشەسازی نەوتی کوردستان جارێکی تر هۆشداری دەدات لەبارەی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتو ئاماژە بەوە دەکات" پێشوەختە مەرجەکانی خۆیان بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی تەواوی نەوت خستوەتەڕوو، هێشتا پابەندن بە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان."
کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێم مەترسییان هەیە دەستکاری گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم بکرێتو هاوتا بکرێت لەگەڵ گرێبەستە نەوتییەکانی عێراق، چونکە گرێبەستی ئەم کۆمپانیایانە لە هەرێمی کوردستان گرێبەستی (هاوبەشیکردنی بەرهەم)ەو جیاوازە لە گرێبەستەکانی عێراق کە گرێبەستی (خزمەتگوزاری)ن.
لە راگەیەندراوەکەیدا (ئەپیکور) باسلەوە دەکات" گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەمهێنان (PSCs) هێشتا بەرکارنو بە یاسای ئینگلیزی بەڕێوەدەبرێن، چارەسەری ناکۆکییەکان لەبارەی گرێبەستەکانەوە لەرێگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتییەوە دەبێت لە دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لەندەن."

## ئەپیکور گلەیی هەیە!

کۆمپانیا بیانییەکانی هەرێم گلەیی دەکەن لەبارەی ئەوەی بانگهێشت نەکراونو هیچ پەیوەندییەکی فەرمییان پێوە نەکراوە سەبارەت بە دەرەنجامی کۆبونەوەکانی ئەمدواییەی حکومەتی هەرێمو وەزارەتی نەوتی عێراق.

ڕۆژی 11ی ئەم مانگە وەفدێکی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی حەیان عەبدولغەنی وەزیری نەوت گەیشتە هەولێرو ماوەی دوو ڕۆژ لەگەڵ سەرۆکو سەرۆک وەزیرانی هەرێمو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان گفتوگۆی کرد لەبارەی میکانیزمەکانی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێم.

لە یەکێک لە کۆبونەوەکانی وەفدەکەی عێراقدا لە هەولێر، نوێنەری هەندێک لە کۆمپانیا بیانییەکان بانگهێشتکرابوون، بەپێی قسەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لەم سەردانەی وەزیری نەوتی عێراقدا بۆ هەولێر، چەند پێشنیازێک بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت گەڵاڵەکراونو وەفدی عێراق گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر یەکێک لە پێشنیازەکان بدات، هێشتا وردەکاری پێشنیازە گەڵاڵەکراوەکان ئاشکرا نەکراون، بەڵام دەستکاریکردنی گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم یەکێک لەو بابەتانەیە کە قسەوباسی لەسەر دەکرێت، ڕەنگە ئەمە هۆکاری نیگەرانی کۆمپانیا بیانییەکانی هەرێم بێت.

## چوار مەرج بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت

گروپی پیشەسازی نەوتی کوردستان، بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێم کە لە 25ی ئازاری ئەمساڵەوە ڕاوەستاوە، کۆمەڵێک مەرجی پێشوەختەی ڕاگەیاندووە کە ئەمانەن :

- هەر زیادکردنێک دەبێت ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت لەنێوان حکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێمو کۆمپانیاکانی ئەپیکور .

- دەبێت گرەنتی ئەوە بکرێت پارەی هەناردەی نەوت لە رابردوو و داهاتوودا دەدرێت .
- دەبێت پارەی فرۆشتنی نەوتی لە داهاتوودا بەشێوەی راستەوخۆ بۆ کۆمپانیاکان حەواڵە بکرێت .
- دەبێت پارێزگاری بکرێت لە مەرجە بازرگانییەکانی ئێستاو مۆدێلی ئابوری کۆمپانیاکانی ئەندامی گروپی ئەپیکور .

لە کۆتایی راگەیەندراوەکەیدا، گروپی پیشەسازی نەوتی کوردستان رایگەیاندووە، بۆ دەستپێکردنەوەی خێرای هەناردەی نەوت، پابەندە بە چارەسەری کێشەکانەوە، چونکە لە دۆخی ئێستادا زیانەکان بەرزتر دەبنەوە، بەتایبەتیش کە لەدوای داخستنی بۆری نەوتی عێراق- تورکیاوە زیاتر لە 7 ملیار دۆلار زیان بە داهاتەکانی نەوت گەیشتووەو سەرباری ئەمەش حکومەتی عێراق رۆژانە زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلار سزای دارایی دەکەوێتەسەر بەهۆی پابەندنەبوون بە رێککەوتنی هێڵی بۆری نێوان عێراقو تورکیا ITP.

## کۆبونەوەکەی دوبەی

رۆژی 8ی ئەم مانگە، کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە (دوبە)ی لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق کۆبونەوە، داوای قەرزەکانیان لە حکومەتی هەرێم کردەوە، مەترسی خۆیان نیشاندا لە دەستکاریکردنی گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمو پێشنیازی ئەوەیان کرد پشکی خۆیان لە نەوتی هەرێم بە وەزارەتی نەوتی عێراق بفرۆشن.

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/11/17) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14204

## سێ وەرز بەسەر ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم تێپەڕی
## نزیکەی (7.5 ملیار) دۆلار زیان بە کەرتی نەوت گەیشتووە

# (2023/4/1 – 2023/12/31) دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ وەرز، هەناردەی نەوتی هەرێم ڕاگیراوەو کاتێکی دیاریکراویش لە ئارادا نیە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت.

# پاڵپشت بە داتاکانی دیلۆیت لە پێش ڕاگرتنی هەناردەی نەوت، تواندراوە بە تێکڕای مانگانە زیاتر لە (12 ملیۆن) بەرمیل نەوت هەناردە بکرێت.

# واتە لە ماوەی سێ وەرزدا هەناردەی نەوتی هەرێم دەگەیشتە نزیکەی (110 ملیۆن) بەرمیل نەوت.

# تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە ماوەی (2023/4/1 – 2023/12/31) بریتی بووە لە (82.9 دۆلار).

# ئەگەر هەرێم بە داشکانی (15 دۆلار) نەوتەکەی فرۆشتبایە، وەک ئەوەی لە چارەکی دووەم، سێیەم و چوارەمی ساڵی (2022) دا ڕویدابوو. ئەوا؛

# تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (67.9 دۆلار).

# کۆی بەهای نەوتی هەناردەکراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (7 ملیارو 455 ملیۆن و 479 هەزار) دۆلار.

## ڕاگرتنی نەوتی هەرێم و زیانە داراییەکانی

دوای نۆ ساڵ لە سکاڵایەکی حکومەتی عێراق لەسەر حکومەتی تورکیا لە ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس بەوەی "تورکیا ڕێکەوتنی ترانزێتی بۆریی نەوتی ساڵی 1973ی پێشێلکردووە، بەوەی تورکیا ڕێگەیداوە نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا، لە ڕێگەی تورکیاوە هەناردە بکرێت".

دواجار ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس بڕیارێکی (277) لاپەڕەیی لە ڕۆژی (13ی شوباتی 2023) دەرکردووەو لە (25ی ئازاری 2023) بە فەرمی بووە هۆی کە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان.

بە پێی بڕیارەکەی ژووری ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی دەستوری و یاساییە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام ناتوانێت نەوت لە ڕێگەی بۆریەوە بگوازێتەوە بۆ دەرەوە، چی نەوتی باکور بێت، چی نەوتی هەرێم، چونکە هەرێمی کوردستان بەشێک نیە لە ڕێککەوتنی (IPT ) واتا ( بە بازاڕکردنی نەوتی جیهانی) کە لە نێوان تورکیا و عێراق لە ساڵی 1973 تایبەت بە بۆری نەوت واژۆکراوە.

ئێستا زیاتر لە (9) مانگ تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا نەیتواندراوە بگەن بە ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی و دەست بە هەناردەکردنی نەوت بکرێتەوە.

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو زیانە داراییانەی لە ڕاگرتنی نەوتی هەرێم لە ماوەی (2023/4/1 – 2023/12/31) دەکەویتەوە. بە جۆرێک؛

- بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێم لە چارەکی دووەم، سێیەم و چوارەمی ساڵی (2022)، واتە

هەمان ئەو ماوەیەی کە لە ساڵی (2023) نەوتی هەرێمی تێدا ڕاگیراوە؛

- حکومەتی هەرێم بە تێکڕای مانگانە (12 ملیۆن و 192 هەزار و 494) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکی کردووە.
- هەرێم هەر بەرمیلێک نەوتی لە ماوەی ناوبراودا بە (15 دۆلار) کەمتر لە نرخی نەوتی برێنت فرۆشتووە.
- هەر بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت (54%) داهاتی نەوت چووە بۆ خەرجی پرۆسەکەو (46%) گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم.

کەواتە لەسەر بنەمای هەرسێ ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت لە ماوەی وەرزەکانی دووەم، سێیەم و چوارەمی ساڵی (2022) ئەم گریمانەنانەی لای خوارە ڕوندەکەینەوە؛

- لە (2023/4/1 – 2023/12/31) واتە (9) مانگ بەسەر ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم تێپەڕیوە.
- هەرێم دەیتوانی بە تێکڕای مانگانە (12 ملیۆن و 192 هەزار و 494) بەرمیل نەوت هەناردە بکات.
- واتە لە ماوەی (9) مانگدا هەناردەی نەوتی هەرێم دەگەیشتە (109 ملیۆن و 732 هەزار و 446) بەرمیل نەوت.
- تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە ماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە (82 دۆلار و 90 سەنت).
- ئەگەر هەرێم بە داشکانی (15 دۆلار) نەوتەکەی فرۆشتبایە، وەک ئەوەی لە چارەکی دووەم و سێیەم و چوارەمی (2022)دا رویدابوو. ئەوا؛
- تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی هەرێم فرۆشراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (67 دۆلار و 90 سەنت).

- کۆی بەهای نەوتی هەناردەکراوی هەرێم بریتی دەبوو لە (7 ملیارو 455 ملیۆن و 479 هەزار و 397) دۆلار.
- ئەگەر ئەو بڕەی داهات (%54) بۆ خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم رۆشتبا، ئەوا هاوتا دەبوو بە (4 ملیار و 25 ملیۆن و 958 هەزار و 874) دۆلار.
- بەم پێیەش بڕی (3 ملیار و 429 ملیۆن و 520 هەزار و 532 دۆلاری بە رێژەی (%46) دەگەڕایەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ئەم خشتەی خوارە پرۆسەکە رونتر دەکاتەوە.**

زیانە داراییەکانی ڕاگرتنی نەوتی هەرێم لە ماوەی (2023/4/1 – 2023/12/31)

| مانگەکان | ساقی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران لە (2022) بە بەرمیل | تێکرای نرخی نەوتی برێنت لە 2023 | تێکرای نرخی نەوتی هەرێم بە کەمتر لە (15) دۆلار بەراورد بە نرخی جیهان | کۆی داهاتی نەوتی ڕاگیراوی هەرێم | خەرجی و شایستەی کۆمپانیاکان بە رێژەی (%54) | داهاتی گەڕاوە بۆ حکومەت بە رێژەی (%46) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نیسان | 13,118,027 | $84.64 | $69.64 | $ 913,539,400 | $493,311,276 | $ 420,228,124 |
| ئایار | 13,331,579 | $75.47 | $60.47 | $ 806,160,582 | $435,326,714 | $ 370,833,868 |
| حوزەیران | 11,168,971 | $74.84 | $59.84 | $ 668,351,225 | $360,909,661 | $ 307,441,563 |
| تەموز | 12,954,416 | $80.11 | $65.11 | $ 843,462,026 | $455,469,494 | $ 387,992,532 |
| ئاب | 9,992,125 | $86.15 | $71.15 | $ 710,939,694 | $383,907,435 | $ 327,032,259 |
| ئەیلول | 14,201,274 | $93.72 | $78.72 | $ 1,117,924,289 | $603,679,116 | $ 514,245,173 |
| تشرینی یەکەم | 11,834,772 | $90.60 | $75.60 | $ 894,708,763 | $483,142,732 | $ 411,566,031 |
| تشرینی دووەم | 9,732,811 | $82.94 | $67.94 | $ 661,247,179 | $357,073,477 | $ 304,173,702 |
| کانونی یەکەم | 13,398,471 | $77.63 | $62.63 | $ 839,146,239 | $453,138,969 | $ 386,007,270 |
| **کۆ/ تێکرا** | **109,732,446** | **$82.90** | **$ 67.90** | **$ 7,455,479,397** | **$4,025,958,874** | **3,429,520,523** |

## سەرچاوەکان

1. راپۆرتەکانی دیلۆیت لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی 1ی نیسانی 2022 تاکو 30ی حوزەیرانی 2022.
- بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی 1ی تەمموزی 2022 تاکو 30 ئەیلوولی 2022.
- بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی 1ی ئابی 2022 تاکو31 کانونی یەکەمی 2022.

2. Crude Oil Brent US Dollars per Barrell; https://bitly.ws/39KtX

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2024/1/15) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14521

## رۆژانە سەدان تانکەر نەوت ڕەوانەی ئێران دەکرێت

> تەنیا لە ڕۆژی 2023/11/8 لە دەروازەی پەروێزخانەوە (630) تانکەر نەوت ڕەوانەی ئێرانکراوە، بۆ مەنەفێستی (ڕێگەپێدانی) ئیدارەی گشتی یەکێتی تەنی (50) دۆلار وەردەگیرێت ڕۆژانە نزیکەی (ملیۆنێک) دۆلار دەکات، لە بازاڕدا تەنی نەوتی خاو (460) دۆلارەو نەوتی پاشماوەی پاڵاوگەکانیش (221) دۆلارە، ئێستا بازاڕی ناردنە دەرەوەی نەوت بەناوی نەوتی ڕەشەوە گەرمە.

**ریزی تانکەرەکان**

بەپێی چەند گرتە ڤیدیۆییەک کە بۆ (درەو) نێردراوە، ژمارەیەکی زۆری تانکەر لە گۆڕەپانەکانی دەروازەی پەروێزخان ڕاوەستاون، لەسەر شەقامەکانیش ریزیان بەستووە بەرەو ئێران و لەوێشەوە بەرەو بەندەر عەباس و بازاڕەکانی جیهان.

بەپێی بەدواداچوونەکانی (درەو) کە لەگەڵ چەند شۆفێرێک و بەرپرسانی دەروازەی پەروێزخاندا قسەی کردووە، ڕۆژانە بە سەدان تانکەر نەوت ڕەوانەی ئێران دەکرێت بەنمونە:

- ڕۆژی (2023/11/8) لە ڕێگەی دەروازەی پەرویزخانەوە (630) تەنکەر ڕەوانەی ئێران کراوە.
- ڕۆژی 2023/11/9 لە ڕێگەی دەروازەی پەروێزخانەوە (520) تانکەر ڕەوانەی ئێران کراوە.

واتا بە شێوەیەکی گشتی رۆژانە لە نێوان (500 – 600) تانکەر رەوانەی ئێران دەکرێت و ئەو شۆفێرانە ئاماژەیان بەوەشکرد، کە رەوانەکردنی تانکەرەکان بەپێی کەش و هەوا و رۆژەکان و کێشەی تەکنیکیەوە دەگۆرێت، رۆژ هەبووە (900) تانکەر رەوانەی ئێران کراوە.
تانکەرەکان رۆژی پێشتر لە گۆڕەپانەکە رادەگیرێن بۆ هەر تانکەرێک بڕی (2) دۆلار هەقی وەستان لە گۆڕەپانەکەیان لێوەردەگیرێت، کە بۆ ئیدارەی گشتی یەکێتیە.
بەپێی ئەوەی شۆفێرەکان ئاماژەیان پێکردووە، ئەو نەوتەی ئەوان باری دەکەن پاشماوەی پاڵاوگەکانە، بەڵام لەناویدا نەوتی خاو، نەفتا، قیر، رەوانە دەکرێت بەرەو ئێران.
ئەو نەوتەی باری دەکەن لە کێڵگەکانی (حەسیرە، چیا سورخ، شیواشۆک)ەوە باردەکەن، بەشێک لەو نەوتە دەبرێت بۆ پاڵاوگەکان دواتر پاشماوەکەی بار دەکرێت، بەڵام هەندێک جار هەر ناپاڵاورێت راستەوخۆ رەوانەی دەرەوە دەکرێت، ئەو تانکەرانەی لە پەروێزخانەوە دەبرێن بۆ ئێران بەشێکی لە کێڵگەو پاڵاوگەکانی سنوری دەسەڵاتی یەکێتی بار دەگرێن و بەشێکیشی هی پاڵاوگەکانی کارو لاناس و پاڵاوگەکانی تری سنوری دەسەڵاتی پارتیە، لەبەر ئەوەی خەرجی ناردنە دەرەوە لە پەروێزخانەوە بۆ بەندەر عەباس کەمترە بۆیە لەوێوە دەبرێت، بەڵام ئەو نەوتە رەش و قیرەی کە دەبرێت بۆ تورکیا لە رێگەی باشماخەوە دەرواتە ئێران و لەوێشەوە بۆ تەبرێز و بۆ تورکیا، هەندێک جاریش لە حاجی ئۆمەرانەوە نەوت رەوانەی ئێران دەکرێت، ئەم پرۆسەیە لە دەروازەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیش بوونی هەیە.

### چۆن نەوت لەناوخۆ ساغدەكرێتەوە

ئەو نەوتەی لە ئێستادا لەناوخۆ ساغدەكرێتەوەو بەشێكی بۆ پاڵاوگەكان و بەشێكیشی دەبرێتەوە دەرەوە بەم جۆرەیە:

- نەوتی خاو لە بازاڕەكانی كوردستان تەنی بە (460) دۆلارە واتا بەرمیلی (61) دۆلار (تەنێک نەوت 7.5 بەرمیلە)
- نەوتی رەش تەنی بە (210) دۆرە بەرمیلی نزیكەی (30) دۆلار دەكات.
- هەموو ئەو نەوتەی رۆژانە وەردەگیرێت بەناوی نەوتی رەش و پاشماوەی پاڵاوگەكانەوە رەوانە دەكرێت بۆ ئێران كە ئەوە رێگا پێدراوە لەلایەن حكومەتی عێراقەوە، بەڵام چەند سەرچاوەیەک بە (درەو)یان راگەیاند ئەو نەوتە ئێستا تەنیا نەوتی رەش و پاشماوەی پاڵاوگەكان نیە بەڵكو:
- نەوتی رەش، ئەو نەوتەی كە لە كێڵگەكانەوە دەدرێتە پاڵاوگەكان و دوای ئەوەی دەپاڵێورێت و موشتەقاتەكانی لێوەردەگیرێت بەتایبەت (نەوت، بەنزین، دیزڵ) ئەوەی دیكەی دەمێنێتەوە بە شێوەیەكی یاسایی و رێگە پێدراو دەبرێتە دەرەوە، بەڵام لە پاڵاوگەكان كەمترین موشتەقاتی لێوەردەگرن و هەندێک جار هەر نای پاڵیون و بەناوی نەوتی رەشەوە دەیفرۆشن، تەنی بە (210) دۆلار كە بەرمیلی (30) دۆلار دەكات و رەوانەی ئێران دەكرێت، لێرەدا تەنیا مەنەفێستی (رێگەپێدانی) كە لەلایەن ئیدارەی گشتیەوە تەسدیق دەكرێت و وەردەگیرێت تەنی (50) دۆلارە.
- ئەو سەرچاوانە ئەوەشیان بۆ (درەو) پشت راست كردەوە ئێستا لەناو ئەو تانكەرە نەوتی رەش و پاشماوەی پاڵاوگەكاندا نەوتی خاویش دەفرۆشرێت و دەبرێتە دەرەوە بەناوی نەوتی رەش،

راستەوخۆ لە کێڵگەکانەوە دەبرێن یاخود دەبرێنە پاڵاوگەکان و داناگیرێن و راستەوخۆ دەبرێن و رەوانەی ئێران دەکرێن، ئەوانیش لە کێڵگەکانەوە تەنی بە (460) دۆلار دەفرۆشرێت واتا بەرمیلی بە (61) دۆلار، دواتریش مەنەفێستەکەی بۆ هەر تەنێک (50) دۆلار..

- نەفتا، لە کێڵگەی کۆرمۆرەوە رۆژانە (2200) تەن دەفرۆشرێت لە بازاڕدا، لەو رێژەیە نزیکەی (600) تەن دەدرێتە هەولێر و (1600) تەن لە بازاڕەکانی سلێمانی شاغ دەکرێتەوەو دەبرێتە دەرەوە، تەنێک بە (200) دۆلار لە بازاڕدا دەفرۆشرێت، .

## رۆژانە ملیۆنێک دۆلار

ئەو نەوتەی دەفرۆشرێت تەنیا مەنەفێستەکەی کە یەک وەرقەیەو داهاتەکەی بۆ ئیدارەی گشتی یەکێتیەو رۆژانە زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلارە بۆ نمونە:

رۆژی 2023/11/8 لە دەروازەی پەروێزخانەوە (630) تانکەر رەوانەی ئێران کراوە کە هەر تەنکەرێک (30) تەن نەوت بار دەکات و بۆ هەر تەنێک (50) دۆلار دەدرێتە ئیدارەی گشتی یەکێتی، ئەوا تەنیا لە رۆژی 2023/11/8 بۆ مەنەفێست بڕی نزیکەی (ملیۆنێک) دینار بۆ ئیدارەی گشتی یەکێتی وەرگیراوە.

630 تانکەر * 30 تەن * 50 دۆلار = 945 هەزار دۆلار.

تەنیا بە رەوانەکردنی نەوتەکە کاری تانکەرەکان تەواو نابێت، بەڵکو لەوسەریشەوە باری تایبەت لەگەڵ خۆیان دەهێننەوەو ئەویش داهاتێکی ترە، بە نمونە لە ئێرانەوە (گازوایل ، بەنزین، ئێن تی بی،

ریفۆرمێنت، ئارۆ) که تەنی (70) دۆلاریان لێوەردەگیرێت، هەموو ئەمانە لەگەڵ خۆیاندا دەهێننەوە.

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/11/10) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14162

## هەناردە، نرخ و داهاتی نەوتی عێراق لە ساڵی 2023

## حکومەتی عێراق بە بەهای (97) ملیار دۆلار، زیاتر لە (1.2) ملیار بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە



بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە تەواوی ساڵی (2023)دا؛

# (ملیارێک و 232 ملیۆن و 170 هەزار و 126) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە فرۆشتووە.

# بە تێکرای ڕۆژانە (3 ملیۆن و 375 هەزار و 130) بەرمیل نەوت فرۆشراوە.

# تێکڕای بەهای بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی ئەوروپا (82.46) دۆلار بووە، بەڵام حکومەتی عێراق بەتێکڕا بەرمیلێک نەوتی بە (79.08) دۆلار فرۆشتووە.

# کۆی داهاتی نەوتی عێراق (97 ملیار و 578 ملیۆن و 503 هەزار) دۆلار بووە.

# هەر بەپێی داتاکان لە مانگی شوبات کەمترین بڕی نەوت هەناردەکراوە، لە مانگی ئایار نزمترین نرخی نەوت تۆمار کراوەو لە مانگی حوزەیرانیشدا کەمترین داهات کۆکراوەتەوە. بەڵام لە مانگی ئەیلولدا نرخی نەوتی عێراق گەیشتووە بەرزترین ئاست، هاوکات لە مانگی تشرینی یەکەم لە ڕووی بڕی هەناردەکردن و داهاتەوە ئاستی پێوانەیی تۆمار کردووە.

## داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لەساڵی 2023

بەپێی  ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق (وەک لە خشتەی ژمارە (1)دا هاتووە)، کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق "سۆمۆ" لە (12) مانگی ساڵی (2023)دا بڕی (ملیارێک و 232 ملیۆن و 170 هەزار و 126) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە فرۆشتووە، واتە بە تێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 375 هەزار و 130) بەرمیلی فرۆشراو، هەر بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە لەو ماوەیەدا بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (79.084) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە. لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت بە تێکڕای ساڵەکە لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (82.46) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق بەتێکڕا هەر بەرمیلێک لە نەوتەکەی بە (3.38) دۆلار هەرزانتر ساغکردووەتەوە.

کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (97 ملیار و 578 ملیۆن و 503 هەزار) دۆلار.

ئەگەر ئەو ئامارانە وردتر بکەینەوەو بەپێی مانگەکانی ساڵەکە ئاماژەیان پێبدەین، ئەوا داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق بەم شێوەیە دەبێت. (بڕوانە چارتەکانی ژمارە (1، 2، 3))

### 1. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی کانونی دووەمی 2023

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی کانونی دووەمی (2023)دا بڕی (101 ملیۆن و 245 هەزار و 95) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشتووە، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 265 هەزار و 971) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (75.695) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی

(82.5) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا هەر بەرمیلێک لە نەوتەکەی بە (6.81) دۆلار هەرزانتر ساغکردووەتەوە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (7 ملیار و 663 ملیۆن 788 هەزار) دۆلار.

## 2. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی شوباتی 2023

هەر بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی شوباتی (2023) بڕی (92 ملیۆن و 255 هەزار و 610) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشتووە، _ئەم بڕەش کەمترین بڕی هەناردەی نەوەتە بەراورد بە مانگەکانی دیکەی ساڵی (2023) کە عێراق هەناردەی کردبێت_، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 294 هەزار و 843) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (76.556) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (82.59) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (6.03) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (7 ملیار و 62 ملیۆن و 704 هەزار) دۆلار. کەمترین داهاتی تۆمارکراوی نەوت بووە لە ساڵی (2023)دا.

## 3. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی ئازاری 2023

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی ئازاری (2023) بڕی (100 ملیۆن و 913 هەزار و 27) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشتووە، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 255 هەزار و 259) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (74.385) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (78.43) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (4.05) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (7 ملیار و 506 ملیۆن و 401 هەزار) دۆلار.

## 4. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی نیسانی 2023

پاڵپشت بە ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی نیسانی (2023) بڕی (98 ملیۆن و 634 هەزار و 947) بەرمیل نەوت لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشراوە، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 287 هەزار و 832) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (78.058) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (84.65) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (6.58) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (7 ملیار و 699 ملیۆن 272 هەزار) دۆلار.

### 5. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی ئایاری 2023

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی ئایاری (2023) بڕی (102 ملیۆن و 463 هەزار و 387) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشراوە، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 305 هەزار و 271) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (71.485) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە،_ئەمەش کەمترین نرخە کە لە ساڵی (2023)دا نەوتی عێراقی تێدا فرۆشرابێت_ لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (75.47) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (3.99) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (7 ملیار و 324 ملیۆن 641 هەزار) دۆلار.

### 6. اهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی حوزەیرانی 2023

پاڵپشت بە ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی حوزەیرانی (2023) بڕی (100 ملیۆن و 59 هەزار و 52) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشراوە، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 335 هەزار و 302) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (71.755) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا

نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (74.84) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (3.09) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (7 ملیار و 179 ملیۆن و 760 هەزار) دۆلار. _ئەم بڕەی داهاتیش بەراورد بر سەرجەم مانگەکانی ساڵی (2023) کەمترین داهاتی تۆمارکراوی نەوت بووە_

## 7. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی تەموزی 2023

لە مانگی تەموزی (2023) عێراق بڕی (106 ملیۆن و 755 هەزار و 169) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشراوە، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 443 هەزار و 715) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (78.033) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (80.11) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (2.08) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (8 ملیار و 330 ملیۆن و 475 هەزار) دۆلار.

## 8. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی ئابی 2023

پاڵپشت بە ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی ئابی (2023) بڕی (106 ملیۆن و 122 هەزار و 679) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشراوە، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 423 هەزار و

312) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (84.787) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (86.15) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (1.36) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (8 ملیار و 997 ملیۆن و 581 هەزار) دۆلار.

## 9. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی ئەیلولی 2023

وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی ئەیلولی (2023)دا بڕی (103 ملیۆن و 143 هەزار و 199) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشتووە، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 438 هەزار و 107) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (91.353) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە _ئەم نرخەش بەرزترین نرخی نەوتی تۆمار کراوە لە تەواوی ساڵەکەدا کە عێراق نەوتی خۆی پێ ساغکردووەتەوە_، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (93.72) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (2.37) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (9 ملیار و 422 ملیۆن و 410 هەزار) دۆلار.

## 10.داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی تشرینی یەکەمی 2023

پاڵپشت بە ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی تشرینی یەکەمی (2023) بڕی (109 ملیۆن و 545 هەزار و 589) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشراوە _ئەم بڕەش گەورەترین بڕی هەناردەی نەوتی عێراقە بەراورد بە سەرجەم مانگەکانی دیکەی ساڵی (2023)_، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 533 هەزار و 729) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (87.578) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (90.6) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (3.02) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لە تشرینی یەکەمی ساڵدا بریتی بووە لە بڕی (9 ملیار و 593 ملیۆن و 643 هەزار) دۆلار. _کە تۆمارکردنی بەرزترین ئاستی داهات بووە لە ساڵی (2023)دا_.

## 11.داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی تشرینی دووەمی 2023

وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی ئەیلولی (2023)دا بڕی (102 ملیۆن و 975 هەزار و 782) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشتووە، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 432 هەزار و 526) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (82.365) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (82.76) دۆلار بووە، واتە

حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (0.4) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (8 ملیار و 481 ملیۆن و 558 هەزار) دۆلار.

## 12.داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە مانگی کانونی یەکەمی 2023

پاڵپشت بە ئامارە سەرەتاییەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگی کانونی یەکەمی (2023) بڕی (108 ملیۆن و 56 هەزار و 590) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە فرۆشراوە، واتە بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 485 هەزار و 696) بەرمیل، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (76.960) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (77.76) دۆلار بووە، واتە حکومەتی عێراق لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (0.8) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەپێی ئاماری کۆتایی وەزارەتەکەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لە کانونی یەکەمی ساڵەکەدا بریتی بووە لە بڕی (8 ملیار و 316 ملیۆن) دۆلار.

## خشتەی ژمارە (1)
### داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ساڵی 2023

| 2023 | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکرای هەناردەی بەرمیل/رۆژانە | تێکرای نرخی نەوت | کۆی داهات بە دۆلار |
|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 101,245,095 | 3,265,971 | $75.695 | $7,663,788,000 |
| شوباتی | 92,255,610 | 3,294,843 | $76.556 | $7,062,704,000 |
| ئازاری | 100,913,027 | 3,255,259 | $74.385 | $7,506,401,000 |
| نیسانی | 98,634,947 | 3,287,832 | $78.058 | $7,699,272,000 |
| ئایار | 102,463,387 | 3,305,271 | $71.485 | $7,324,641,000 |
| حوزەیران | 100,059,052 | 3,335,302 | $71.755 | $7,179,760,000 |
| تەموز | 106,755,169 | 3,443,715 | $78.033 | $8,330,475,000 |
| ئاب | 106,122,679 | 3,423,312 | $84.787 | $8,997,851,000 |
| ئەیلول | 103,143,199 | 3,438,107 | $91.353 | $9,422,410,000 |
| تشرینی یەکەم | 109,545,589 | 3,533,729 | $87.578 | $9,593,643,000 |
| تشرینی دووەم | 102,975,782 | 3,432,526 | $82.365 | $8,481,558,000 |
| کانونی یەکەم | 108,056,590 | 3,485,696 | $76.960 | $8,316,000,000 |
| **کۆ/تێکرا** | **1,232,170,126** | **3,375,130** | **$79.084** | **$97,578,503,000** |





چارتی ژمارە (2)
تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی عێراق ساڵی 2023
$76.960
$82.365
$87.578
$91.353
$84.787
$78.033
$71.755
$71.485
$78.058
$74.385
$76.556
$75.695
$100.000
$90.000
$80.000
$70.000
$60.000
$50.000
$40.000
$30.000
$20.000
$10.000
$0.000
کانونی یەکەم
تشرینی دووەم
تشرینی یەکەم
ئەیلول
ئاب
تەموز
حوزەیران
ئایار
نیسان
ئازار
شوبات
کانونی دووەم




چارتی ژمارە (3)
کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراوی عێراق لە ساڵی 2023
$8,316,000,000
$8,481,558,000
$9,593,643,000
$9,422,410,000
$8,997,851,000
$8,330,475,000
$7,179,760,000
$7,324,641,000
$7,699,272,000
$7,506,401,000
$7,062,704,000
$7,663,788,000
$10,000,000,000
$9,000,000,000
$8,000,000,000
$7,000,000,000
$6,000,000,000
$5,000,000,000
$4,000,000,000
$3,000,000,000
$2,000,000,000
$1,000,000,000
$0
کانونی یەکەم
تشرینی دووەم
تشرینی یەکەم
ئەیلول
ئاب
تەموز
حوزەیران
ئایار
نیسان
ئازار
شوبات
کانونی دووەم

## سەرچاوەکان

ڕاگەیەندراوەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، دەربارە داهات و هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی کۆپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) لە ساڵی 2023.

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2024/1/4) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14464

## هەناردەو داهاتی نەوتی عێراق لە نێوان 2022 و 2023
## هەناردەکردن (2%) زیادیکردووە، بەڵام داهات (18 ملیار) دۆلار بەڕێژەی (16%) کەمی کردووە

# بەپێی ڕاگەیەندراوەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە مانگەکانی ساڵی (2022 و 2023)دا؛

# لە ساڵی (2023)دا؛ عێراق زیاتر لە (ملیارێک و 232 ملیۆن و 170 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە فرۆشتووە، بە تێکڕای ڕۆژانەی زیاتر لە (3 ملیۆن و 375 هەزار) بەرمیل. لە کاتێکدا ساڵی (2022) زیاتر لە (ملیارێک و 208 ملیۆن و 531 هەزار) بەرمیل نەوتی بە تێکڕای ڕۆژانەی زیاتر لە (3 ملیۆن و 311 هەزار) بەرمیل فرۆشتبوو. بەم پێیە لە ساڵی (2023) هەناردەکردن بە ڕێژەی (2%) بڕی (23 ملیۆن و 639 هەزار) بەرمیل زیادی کردووە.

# لە سەرەتاوە تا کۆتایی ساڵی (2023)، بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی نەوتی عێراق بە (79) دۆلار فرۆشراوە. لە کاتێکدا لە ساڵی (2022) بە تێکڕا بەرمیلێک نەوت درابوو بە (95.5) دۆلار، واتا هەر بەرمیلێک نەوت (16.4) دۆلار بە ڕێژەی (17%) نرخەکەی لە دەستداوە، بەراورد بە ساڵی (2022).

# کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لە ساڵی (2023)دا (97 ملیار و 578 ملیۆن و 503 هەزار) دۆلار بووە. بەڵام لە ساڵی (2022)دا گەیشتبووە (115 ملیار و 568 ملیۆن و 801 هەزار) دۆلار. واتە لە ساڵی (2023) بەراورد بە ساڵی پێش خۆی نزیکەی (18 ملیار) دۆلار و بە ڕێژەی (16%) داهاتی نەوت کەمی کردووە.

## یەکەم: داهات و بڕ و نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ساڵی 2023

بەپێی داتاکانی وەزارەتی نەوتی عێراق تایبەت بە پرۆسەی نەوتی عێراق بۆ ساڵی (2023)، (وەک لە خشتەی ژمارە (1)دا هاتووە)، کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق "سۆمۆ" لە ساڵی (2023)دا بڕی (ملیارێک و 232 ملیۆن و 170 هەزار و 126) بەرمیل نەوتی لە بازاڕەکانی جیهان ساغکردووەتەوە، واتە بە تێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 375 هەزار و 130) بەرمیلی فرۆشراو.

هەر بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە لەو ماوەیەدا بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (79.08) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، بەرزترین نرخێکیش تۆمار کرابێت لە مانگی (ئەیلول) بووەو بەرمیلێک نەوت بە تێکڕای مانگەکە بە سەروو (91) دۆلار فرۆشراوە، بە درێژایی ساڵ تێکڕای نرخی نەوت نەهاتووەتە خوار (71) دۆلارەوە.

هەر بەپێی داتاکان کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە بڕی (97 ملیار و 578 ملیۆن و 503 هەزار) دۆلار. مانگی (تشرینی یەکەم)یش گەورەترین داهاتی نەوتی تێدا کۆکراوەتەوەو گەیشتووە بە (9 ملیار و 669 ملیۆن) دۆلار، هیچ مانگێکی ساڵەکەش داهاتی نەوتی فرۆشراو دانەبەزیوە بۆ خوار (7 ملیار) دۆلار.

خشتەی ژمارە (1)

داهات و بڕ و نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ساڵی 2023

| 2023 | بڕی نەوتی فرۆشراو بە بەرمیل | بڕی نەوتی فرۆشراو بەرمیل/ڕۆژانە | تێکرای نرخی نەوتی عێراق | کۆی داهاتی نەوتی عێراق |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| کانونی دووەم | 101,245,095 | 3,265,971 | $75.695 | $7,663,788,000 |
| شوبات | 92,255,610 | 3,294,843 | $76.556 | $7,062,704,000 |
| ئازار | 100,913,027 | 3,255,259 | $74.385 | $7,506,401,000 |
| نیسان | 98,634,947 | 3,287,832 | $78.058 | $7,699,272,000 |
| ئایار | 102,463,387 | 3,305,271 | $71.485 | $7,324,641,000 |
| حوزەیران | 100,059,052 | 3,335,302 | $71.755 | $7,179,760,000 |
| تەموز | 106,755,169 | 3,443,715 | $78.033 | $8,330,475,000 |
| ئاب | 106,122,679 | 3,423,312 | $84.787 | $8,997,851,000 |
| ئەیلول | 103,143,199 | 3,438,107 | $91.353 | $9,422,410,000 |
| تشرینی یەکەم | 109,545,589 | 3,533,729 | $88.260 | $9,669,000,000 |
| تشرینی دووەم | 102,975,782 | 3,432,526 | $82.365 | $8,481,558,000 |
| کانونی یەکەم | 108,056,590 | 3,485,696 | $76.960 | $8,316,000,000 |
| **کۆ/ تێکرا** | **1,232,170,126** | **3,375,130** | **$79.084** | **$97,578,503,000** |

## دووەم: داهات و بڕ و نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ساڵی 2022

بە گەڕانەوە بۆ ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق (وەک لە خشتەی ژمارە (2)دا هاتووە)، کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق "سۆمۆ" لە ساڵی (2022)دا بڕی (ملیارێک و 208 ملیۆن و 531 هەزار و 119) بەرمیل نەوتی فرۆشتبوو، واتە بە تێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 311 هەزار و 416) بەرمیلی فرۆشراو. لە مانگی (تشرینی یەکەم)یشدا زۆرترین بڕی نەوت فرۆشراوە بە قەبارەی (104 ملیۆن و 831 هەزار و 120) بەرمیل نەوت و کەمترینی لە مانگی (شوبات) بووە بە بڕی (92 ملیۆن و 790 هەزار و 173) بەرمیل نەوتی خاو.

هەر بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە لە ساڵی (2022)دا بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (95 دۆلارو 53 سەنت) فرۆشرابوو، بەرزترین نرخێکیش تۆمار کرابێت لە مانگی

(حوزەیران) بووەو بەرمیلێک نەوت بە تێکڕای مانگەکە بە (112 دۆلار 20 سەنت) فرۆشراوە، نزمترین نرخێکیش نەوتی پێ فرۆشرابێت مانگی (کانونی یەکەم) بووەو بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی تێدا دراوەتە (73 دۆلار و 63 سەنت).

هەر بە گەڕانەوە بۆ داتاکانی ساڵی (2022)، کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی عێراق بریتی بووە لە بڕی (115 ملیار و 568 ملیۆن و 556 هەزار) دۆلار. مانگی (ئایار)یش گەورەترین داهاتی نەوتی تێدا کۆکرابوویەوەو گەیشتبووە (11 ملیار و 477 ملیۆن و 496 هەزار) دۆلار، کەمترین داهاتیش لە سەرەتاوە تا کۆتایی ساڵی (2022)دا لە مانگی (کانونی یەکەم)دا بووەو بڕی (7 ملیار 708 ملیۆن و 556 هەزار) دۆلار داهاتی گشتی نەوتی هەناردەکراوی عێراق بووە.

خشتەی ژمارە (2)

داهات و بڕ و نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ساڵی 2022

| 2022 | بڕی نەوتی فرۆشراو بە بەرمیل | بڕی نەوتی فرۆشراو بەرمیل/ڕۆژانە | تێکڕای نرخی نەوتی عێراق | کۆی داهاتی نەوتی عێراق |
|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 99,286,078 | 3,202,777 | $83.825 | $8,322,679,000 |
| شوبات | 92,790,173 | 3,313,935 | $94.936 | $8,809,162,000 |
| ئازار | 100,579,612 | 3,244,504 | $108.503 | $10,913,197,000 |
| نیسان | 101,390,662 | 3,379,689 | $104.630 | $10,609,252,000 |
| ئایار | 102,303,020 | 3,300,097 | $112.190 | $11,477,496,000 |
| حوزەیران | 101,191,236 | 3,373,041 | $112.209 | $11,354,544,000 |
| تەموز | 102,385,049 | 3,302,744 | $101.268 | $10,368,352,000 |
| ئاب | 101,859,528 | 3,285,791 | $95.120 | $9,688,903,000 |
| ئەیلول | 98,765,153 | 3,292,172 | $89.560 | $8,845,411,000 |
| تشرینی یەکەم | 104,831,120 | 3,381,649 | $88.539 | $9,281,647,000 |
| تشرینی دووەم | 99,868,029 | 3,328,934 | $82.00 | $8,189,602,000 |
| کانونی یەکەم | 103,281,459 | 3,331,660 | $73.636 | $7,708,556,000 |
| **کۆ/ تێکڕا** | **1,208,531,119** | **3,311,416** | **$95.534** | **$115,568,801,000** |

## سێیەم: داهات و بڕ و نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ساڵی 2023 بەراورد ساڵی 2022

لە ساڵی (2023)دا؛ عێراق زیاتر لە (ملیارێک و 232 ملیۆن و 170 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە فرۆشتووە، بە تێکڕای ڕۆژانەی زیاتر لە (3 ملیۆن و 375 هەزار) بەرمیل.

لە کاتێکدا ساڵی (2022) زیاتر لە (ملیارێک و 208 ملیۆن و 531 هەزار) بەرمیل نەوتی بە تێکڕای ڕۆژانەی زیاتر لە (3 ملیۆن و 311 هەزار) بەرمیل فرۆشتبوو.

بەم پێیە لە ساڵی (2023) هەناردەکردن بە ڕێژەی (2%) بڕی (23 ملیۆن و 639 هەزار) بەرمیل زیادی کردووە.

(بۆ وردەکاری تێکڕای بڕی نەوتی هەناردەکراوی مانگانە بڕوانە چارتی ژمارە (1))



هەرچی دەربارەی تێکڕای نرخی نەوتی خاوی عێراقە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی ساڵی (2023)، بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی نەوتی عێراق بە (79) دۆلار فرۆشراوە. لە کاتێکدا لە ساڵی (2022) بە تێکڕا بەرمیلێک نەوت درابوو بە (95.5) دۆلار.

واتا هەر بەرمیلێک نەوت (16.4) دۆلاری ڕێژەی (17%) نرخەکەی لە دەستداوە بەراورد بە ساڵی (2022). (بۆ وردەکاری تێکڕای نرخی نەوتی هەناردەکراوی مانگانە بڕوانە چارتی ژمارە (2)).




بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە لە بازاڕەکانی جیهان، کاریگەری گەورەی لەسەر داهاتی گشتی نەوتی عێراق جێهێشتووە، بە جۆرێک؛ کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراوی عێراق لە ساڵی (2023)دا (97 ملیار و 578 ملیۆن و 503 هەزار) دۆلار بووە. بەڵام لە ساڵی (2022)دا گەیشتبووە (115 ملیار و 568 ملیۆن و 801 هەزار) دۆلار.

واتە لە ئەمساڵی (2023) بەراورد بە ساڵی پێش خۆی نزیکەی (18 ملیار) دۆلار و بە ڕێژەی (16%) داهاتی نەوت کەمی کردووە. (بۆ وردەکاری داهاتی نەوتی هەناردەکراوی مانگانە بڕوانە چارتی ژمارە (3)).



## سەرچاوەکان

- ڕاگەیەندراوەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، دەربارە داهات و هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی کۆپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) لە ساڵی 2022.
- ڕاگەیەندراوەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، دەربارە داهات و هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی کۆپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) لە ساڵی 2023.

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2024/1/6) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14476

## قازانجی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت لە چارەکی سێیەمی ساڵی 2023

## حەوت کۆمپانیای نەوتی زیاتر لە (36 ملیار) دۆلار قازانجیان کردووە



# له چارەکی سێیەمی (2023)دا حەوت گەورە کۆمپانیای نەوتی وەک (ئیکسۆن مۆبیل، تۆتاڵ، شیڤرۆن، شێڵ، بی پی، ئکوینۆر و ئینی) بڕی (36.3 ملیار) دۆلار قازانجیان کردووە، ئەمە لە کاتێکدایە لە چارەکی سێیەمی (2022)دا قازانجی ئەو کۆمپانیایانە (70.69 ملیار) دۆلار بوو، واتە بە ڕێژەی (49%) قازانجەکانیان کەمی کردووە.

# له چارەکی دووەمی (2023)دا هەمان ئەو کۆمپانیایانە بڕی (27.763 ملیار) دۆلار قازانجیان کردووە، ئەمە لە کاتێکدایە لە چارەکی دووەمی (2022)دا قازانجی ئەو کۆمپانیایانە (66.03 ملیار) دۆلار بوو، واتە بە ڕێژەی (58%) قازانجەکانیان کەمی کردووە.

## قازانجی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت لە چارەکی سێیەمی (2022 و 20203)

لە چارەکی سێیەمی (2023)دا حەوت گەورە کۆمپانیای نەوتی وەک (ئیکسۆن مۆبیل، تۆتاڵ، شیڤرۆن، شێڵ، بی پی، ئکوینۆر و ئینی) بڕی (36.3 ملیار) دۆلار قازانجیان کردووە، ئەمە لە کاتێکدایە لە چارەکی سێیەمی (2022)دا قازانجی ئەو کۆمپانیایانە (70.69 ملیار) دۆلار بوو، واتە بە ڕێژەی (49%) قازانجەکانیان کەمی کردووە، بەجۆرێک؛

**یەکەم؛ کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل** (ExxonMobil)ی ئەمریکی لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2023)دا لە نێو کۆمپانیا نەوتییەکانی دنیا زۆرترین قازانجی تۆمارکردووە، کە بڕەکەی گەیشتووە بە (9 ملیار و

70 ملیۆن) دۆلار، بەڵام بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە ڕێژەی (54%) کەمیکردووە، کاتێک قازانجی پێوانەیی تۆمارکردبووە بە بڕی (19 ملیار و 660 ملیۆن) دۆلار.

**دووەم؛ کۆمپانیای تۆتاڵ ئینێرجی (TotalEnergies)**ی فەرەنسی لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2023)دا لە نێو کۆمپانیا نەوتییەکانی دنیا لەدوای کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)ەوە زۆرترین قازانجی تۆمارکردووە، کە بڕەکەی (6 ملیار و 670 ملیۆن) دۆلاربووە، بەم پێیەش بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (50 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (1%) زیادی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی بریتی بووە لە (6 ملیار و 620 ملیۆن) دۆلار.

**سێیەم؛ کۆمپانیای شیڤرۆن (Chevron)**ی ئەمریکی لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2023)دا لە نێو کۆمپانیا نەوتییەکانی دنیا پلەی سێیەمی قازانجی گرتووە، بڕی قازانجەکەی (6 ملیار و 520 ملیۆن) دۆلاربووە، بەم پێیەش بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (4 ملیار و 710 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (42%) کەمی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی لە چارەکی سێیەمی (2022) بریتی بووە لە (11 ملیار و 230 ملیۆن) دۆلار.

**چوارەم؛ کۆمپانیای شێڵ (shell)** کە کۆمپانیایەکی فرە ڕەگەزە، لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2023)دا قازانجێکی زۆری کۆکردووەتەوە بە پلەی چوارەم دێت لە نێو کۆمپانیا پڕ قازانجەکان، بڕی قازانجەکەی (6 ملیار و 220 ملیۆن) دۆلاربووە، بەم پێیەش بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (3 ملیار و 230 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (34%) کەمی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی لە چارەکی سێیەمی (2022) بریتی بووە لە (9 ملیار و 450 ملیۆن) دۆلار.

**پێنجەم؛ کۆمپانیای بی پی (BP)**ی بەریتانی، لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2023)دا بە پلەی پێنجەم دێت لە نێو کۆمپانیا پڕ قازانجەکان، بڕی قازانجەکەی (3 ملیار و 290 ملیۆن) دۆلاربووە، بەم پێیەش بەراورد بە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (4 ملیار و 860 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (60%) کەمی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی لە چارەکی سێیەمی (2022) بریتی بووە لە (8 ملیار و 150 ملیۆن) دۆلار.

**شەشەم؛ کۆمپانیای ئکوینۆر (Equinor)**ی نەرویجی، لە نێو کۆمپانیا پڕ قازانجەکانەو لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2023)دا بە پلەی شەشەم دێت، بڕی قازانجەکەی (2 ملیار و 500 ملیۆن) دۆلاربووە، بەم پێیەش بەراورد بە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (6 ملیار و 870 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (73%) کەمی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی لە چارەکی سێیەمی (2022)دا (9 ملیار و 170 ملیۆن) دۆلار بووە.

**حەوتەم؛ کۆمپانیای ئینی (Eni)**ی ئیتاڵی، لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2023)دا بە پلەی حەوتەم دێت، بڕی قازانجەکەی (2 ملیار و 30 ملیۆن) دۆلاربووە، بەم پێیەش بەراورد بە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (4 ملیار و 180 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (67%) کەمی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی لە چارەکی سێیەمی (2022)دا (6 ملیار و 210 ملیۆن) دۆلار بووە.

بڕوانە خشتەوە چارتی ژمارە (1)

### خشتەی ژمارە (1)
### قازانجی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت
### لە نێوان چارەکی سێیەمی 2022 و 2023

| کۆمپانیا نەوتییەکان | چارەکی سێیەمی 2022 | چارەکی سێیەمی 2023 |
|---|---|---|
| ئیکسۆن مۆبیل | $ 19,660,000,000 | $ 9,070,000,000 |
| تۆتاڵ ئێنێرجی | $ 6,620,000,000 | $ 6,670,000,000 |
| شیفرۆن | $ 11,230,000,000 | $ 6,520,000,000 |
| شێڵ | $ 9,450,000,000 | $ 6,220,000,000 |
| بی پی | $ 8,150,000,000 | $ 3,290,000,000 |
| ئکوینۆر | $ 9,370,000,000 | $ 2,500,000,000 |
| ئینی | $ 6,210,000,000 | $ 2,030,000,000 |



## قازانجی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت لە چارەکی دووەمی (2022 و 20203)

لە چارەکی دووەمی (2023)دا حەوت گەورە کۆمپانیای نەوتی وەک (ئیکسۆن مۆبیل، شیڤرۆن، تۆتاڵ، شێڵ، بی پی، ئکوینۆر و ئینی) بڕی (27.763 ملیار) دۆلار قازانجیان کردووە، ئەمە لە کاتێکدایە لە چارەکی دووەمی (2022)دا قازانجی ئەو کۆمپانیایانە (66.03 ملیار) دۆلار بوو، واتە بە ڕێژەی (58%) قازانجەکانیان کەمی کردووە، بە جۆرێک؛

**یەکەم؛ کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل (ExxonMobil)**ی ئەمریکی لە چارەکی دووەمی ساڵی (2023)دا لە نێو کۆمپانیا نەوتییەکانی دنیا زۆرترین قازانجی تۆمارکردووە، کە بڕەکەی گەیشتووە بە (7 ملیار و 880 ملیۆن) دۆلار، بەڵام بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە ڕێژەی (56%) کەمیکردووە، کاتێک قازانجی پێوانەیی تۆمارکردبووە بە بڕی (17 ملیار و 850 ملیۆن) دۆلار.

**دووەم؛ کۆمپانیای شیڤرۆن (Chevron)**ی ئەمریکی لە چارەکی دووەمی ساڵی (2023)دا لە نێو کۆمپانیا نەوتییەکانی دنیا پلەی دووەمی قازانجی گرتووە، بڕی قازانجەکەی (6 ملیار و 10 ملیۆن) دۆلاربووە، بەم پێیەش بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (5 ملیار و 610 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (48%) کەمی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی لە چارەکی دووەمی (2022) بریتی بووە لە (11 ملیار و 620 ملیۆن) دۆلار.

**سێیەم؛ کۆمپانیای شێڵ (shell)** کە کۆمپانیایەکی فرە ڕەگەزە، لە چارەکی دووەمی ساڵی (2023)دا قازانجێکی زۆری کۆکردووەتەوە بە پلەی سێیەم دێت لە نێو کۆمپانیا پڕ قازانجەکان، بڕی قازانجەکەی (5 ملیار و 70 ملیۆن) دۆلاربووە، بەم پێیەش بەراورد بە هەمان ماوەی

ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (6 ملیار و 400 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (56%) کەمی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی لە چارەکی دووەمی (2022) بریتی بووە لە (11 ملیار و 470 ملیۆن) دۆلار.

**چوارەم؛ کۆمپانیای تۆتاڵ ئینێرجی (TotalEnergies)**ی فەرەنسی لە چارەکی دووەمی ساڵی (2023)دا بڕی قازانجەکەی (6 ملیار و 670 ملیۆن) دۆلاربووە، بەم پێیەش بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (ملیارێک و 610 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (28%) کەمی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی بریتی بووە لە (4 ملیار و 80 ملیۆن) دۆلار.

**پێنجەم؛ کۆمپانیای بی پی (BP)**ی بەریتانی، لە چارەکی دووەمی ساڵی (2023)دا بە پلەی پێنجەم دێت لە نێو کۆمپانیا پڕ قازانجەکان، بڕی قازانجەکەی (2 ملیار و 580 ملیۆن) دۆلار بووە، بەم پێیەش بەراورد بە چارەکی دووەمی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (5 ملیار و 870 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (69%) کەمی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی لە چارەکی دووەمی (2022) بریتی بووە لە (8 ملیار و 450 ملیۆن) دۆلار.

**شەشەم؛ کۆمپانیای ئکوینۆر (Equinor)**ی نەرویجی، لە نێو کۆمپانیا پڕ قازانجەکانەو لە چارەکی دووەمی ساڵی (2023)دا بە پلەی شەشەم دێت، بڕی قازانجەکەی (ملیارێک و 820 ملیۆن) دۆلار بووە، بەم پێیەش بەراورد بە چارەکی دووەمی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (4 ملیار و 940 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (73%) کەمی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی لە چارەکی دووەمی (2022)دا (6 ملیار و 760 ملیۆن) دۆلار بووە.

**حەوتەم؛ کۆمپانیای ئینی (Eni)ی ئیتاڵی، لە چارەکی دووەمی ساڵی (2023)دا بە پلەی حەوتەم دێت، بڕی قازانجەکەی (323 ملیۆن) دۆلار بووە، بەم پێیەش بەراورد بە چارەکی دووەمی ساڵی (2022) قازانجەکەی بە بڕی (3 ملیار و 867 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (92%) کەمی کردووە، چونکە بڕی قازانجەکەی لە چارەکی دووەمی (2022)دا (4 ملیار و 190 ملیۆن) دۆلار بووە.**

**بڕوانە خشتەوە چارتی ژمارە (2)**

**خشتەی ژمارە (2)**
**قازانجی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت**
**لە نێوان چارەکی دووەمی 2022 و 2023**

| کۆمپانیا نەوتییەکان | چارەکی دووەمی 2022 | چارەکی دووەمی 2023 |
|---|---|---|
| ئێکسۆن مۆبیل | $ 17,850,000,000 | $ 7,880,000,000 |
| شیڤرۆن | $ 11,620,000,000 | $ 6,010,000,000 |
| شێڵ | $ 11,470,000,000 | $ 5,070,000,000 |
| تۆتاڵ ئێنێرجی | $ 5,690,000,000 | $ 4,080,000,000 |
| بی پی | $ 8,450,000,000 | $ 2,580,000,000 |
| ئکوینۆر | $ 6,760,000,000 | $ 1,820,000,000 |
| ئینی | $ 4,190,000,000 | $ 323,000,000 |




## سەرچاوە

- وحدة أبحاث الطاقة – أحمد شوقي، أرباح شركات النفط الكبرى في الربع الثالث 2023 (إنفوغرافيك)، 2023/11/2؛

https://bitly.ws/33mnN

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/10/21) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14244

# هاوپێچەکان

## هاوپێچی یەکەم

### دەقی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە دۆسیەی نەوتی هەرێم

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
المحكمة الاتحادية العليا

كۆماری عیراق
دادگای باڵای ئیتیحادی

العدد: ٥٩/اتحادية/ ٢٠١٢ وموحدتها ١١٠/اتحادية/٢٠١٩

---

تشكلت المحكمة الاتحادية العليا بتأريخ ٢٠٢٢/٢/١٥ برئاسة القاضي السيد جاسم محمد عبود وعضوية القضاة السادة سمير عباس محمد وغالب عامر شنين وحيد جابر عبد وحيدر علي نوري وخلف احمد رجب وايوب عباس صالح وعبد الرحمن سليمان علي وديار محمد علي المأذونين بالقضاء باسم الشعب وأصدرت قرارها الآتي:

**المدعي في الدعوى (٥٩/اتحادية/٢٠١٢):** وزير النفط الاتحادي/ إضافة لوظيفته ــ وكلاؤه الموظفون الحقوقيون عماد حبيب حمود وهاشم عبد الرضا قاسم وهديل غازي عبد الرزاق وعزيز عبد العزيز صادق و د. علي عبد الرزاق علي.

**المدعي في الدعوى (١١٠/اتحادية/٢٠١٩):** علي شداد فارس (عضو مجلس محافظة البصرة) وكيلاه المحاميان محمد مجيد رسن الساعدي واحمد مازن مكية.

**المدعى عليهما:** ١. وزير الثروات الطبيعية في إقليم كردستان/ إضافة لوظيفته وكيلاه المحامي رشدي خالص محمد والحقوقيان مهدي صالح عبد الرحمن ولاوند دلاور احمد.

٢. رئيس برلمان إقليم كردستان/ إضافة لوظيفته ـ وكيلاه المستشار القانوني وريا سعدي احمد ود. وعدي سليمان المزوري.

**الاشخاص الثالثة للاستيضاح:**

١. رئيس مجلس الوزراء الاتحادي/ إضافة لوظيفته ـ وكيله المستشار القانوني حيدر لصوفي.

٢. وزير المالية الاتحادي/ إضافة لوظيفته ـ وكيلاه الموظفان الحقوقيان خلود حسين عباس ويحيى صالح مهدي.

٣. رئيس وزراء إقليم كردستان/ إضافة لوظيفته ـ وكيلاه المحامي رشدي خالص محمد والموظف الحقوقي صالح مهدي عبد الرحمن.

الرئيس
جاسم محمد عبود

١

---

المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: ٥٥٥٦٦

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
المحكمة الاتحادية العليا

كۆمارى عيراق
دادگاى باڵاى ئیتیحادى

العدد: ٥٩/اتحادية/ ٢٠١٢ وموحدتها ١١٠/اتحادية/٢٠١٩

**الادعاء:**

ادعى المدعي في الدعوى المرقمة (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) بواسطة وكيلاه بأن المدعى عليه (وزير الثروات الطبيعية في إقليم كوردستان/ إضافة لوظيفته) أمتنع عن تسليم النفط الخام المنتج من الإقليم إلى الحكومة الاتحادية بالإضافة إلى قيامه بتصدير النفط الخام المنتج إلى خارج العراق دون موافقة الحكومة المركزية مخالفاً بذلك أحكام الدستور والقوانين والتشريعات ذات الصلة وكما يلي: ١. المادة (١١١) من الدستور نصت على النفط والغاز هو ملك كل الشعب العراقي في كل الأقاليم والمحافظات وإن تصدير النفط بقرار من الإقليم دون الرجوع إلى الحكومة الاتحادية يعتبر مخالفاً لأحكام هذه المادة حيث أن ذلك أدى إلى استئثار الإقليم بإيرادات النفط المنتج من الإقليم وحرمان بقية المحافظات منه. ٢. المادة (١١٢/أولاً) من الدستور نصت على "تقوم الحكومة الاتحادية بإدارة النفط والغاز المستخرج من الحقول الحالية مع حكومات الأقاليم والمحافظات المنتجة، على أن توزع وارداتها بشكل منصف يتناسب مع التوزيع السكاني في جميع أنحاء البلاد، مع تحديد حصة لمدة محددة للأقاليم المتضررة، والتي حرمت منها بصورة مجحفة من قبل النظام السابق، والتي تضررت بعد ذلك، بما يؤمن التنمية المتوازنة للمناطق المختلفة من البلاد وينظم ذلك بقانون" وحيث أن هذا النص لم يمنح الإقليم حق إدارة النفط والغاز وأوكل إلى الحكومة الاتحادية حصراً مهمة توزيع الواردات كما اشترط في موضوع الإدارة المشتركة أن ينظم ذلك بقانون وهو ما أكدته المحكمة الاتحادية العليا بموجب القرار المرقم (٨/اتحادية/٢٠١٢) والذي أشار إلى أن شرط الإدارة المشتركة موقوف حالياً إلى حين تشريع القانون الخاص بذلك. ٣. المادة (١١٢/ ثانياً) من الدستور نصت على " تقوم الحكومة الاتحادية وحكومات الأقاليم والمحافظات المنتجة معاً برسم السياسات الاستراتيجية اللازمة لتطوير ثروة النفط والغاز، بما يحقق أعلى منفعة للشعب العراقي، معتمدة احدث تقنيات مبادئ السوق وتشجيع الاستثمار" وهذا يعني أن للإقليم أن يشترك مع الحكومة

الرئيس
جاسم محمد عبود

٢

Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: ٥٥٥٦٦

المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

